# کوردستان لە ڕاپەڕینەوە بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

دکتۆر سامان سۆرانی

لەبڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**ناوی کتێب**

کوردستان، لە ڕاپەڕینەوە بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

**نووسینی:** دکتۆر سامان سۆرانی

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٥

**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٢٣٢) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

بۆ گوێ گرتن لە فایلی دەنگی ئەم پەرتووکە سکانی ئەم QR کۆدە بکە

**پێشکەشە بە:**

سەرۆك مەسعود بارزانی

ڕابەری گەلی کوردستان و ڕاپەڕین و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

# پێرست

پێشەکی........................................................................................ ١١

## بەشی یەکەم

## ڕاپەڕینی گەلی کوردستان و لێکەوتە ئەرێنییەکانی دۆزی کورد

**تەوەری یەکەم:** ڕاپەڕین و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کورد.................. ١٧

ڕاپەڕین بۆ ڕوویدا؟............................................................................. ١٧

سەرکوتکردنی دڕندانەی ڕاپەڕین لەلایەن ڕژێمی سەدام و کاردانەوەی نێودەوڵەتی................................................................................................ ٢١

دامەزراندنی پەرلەمان......................................................................... ٢٨

ڕاگەیاندنی فیدڕاڵی............................................................................. ٣٥

دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەت.................................................. ٣٨

ڕێککەوتننامەی مێژوویی واشنتۆن.......................................................... ٤٠

پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا دوای ڕاپەڕین........................................ ٤٢

پەیوەندییەکانی کورد و فەرەنسا دوای ڕاپەڕین........................................ ٤٧

**تەوەری دووەم:** ڕۆڵی کورد لە پرۆسەی ئازادی عێراق و هاوکێشەکانی دواتر.............................................................................................................. ٥١

ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣............................................................ ٥١

ماف و پێگەی کورد لەناو دەستوری ساڵی ٢٠٠٥...................................... ٥٩

کورد لەناو هاوکێشەی عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس........................٦٤
سەرۆکایەتی هەرێم وەکوو دەسکەوتێکی نوێ بۆ گەلی کوردستان..........٧٠
پەیوەندییـــە دیپلۆماســـییەکان دوای دامەزراندنـــی ســـەرۆکایەتی هەرێمـــی کوردســـتان..........................................................................................٧٤

## بەشی دووەم

## ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان و یاسـا بـەرکارە نێودەوڵەتییـەکان و دەنگـی زولاڵـی کـورد

**تـەوەری یەکـەم:** ئامادەکارییەکانـی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و هەڵوێســتە هەرێمـــی و نێودەوڵەتییـــەکان.........................................................................٨٩
ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی داعش بەسەرکردایەتی سەرۆك بارزانی................٨٩
ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی؟.....................................................................٩٧
ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم...................................................١١٢
هەڵوێستی عێراق بەرامبەر بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم............................١١٧
هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم..............١٢٣
هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی..........................................................١٣٢
هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا..........................................١٣٢
هەڵوێستی ڕوسیای فیدڕاڵ.........................................................................١٣٩
هەڵوێستی بەریتانیا.................................................................................١٤٢

هەڵوێستی فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی تر............................................١٤٤

هەڵوێستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان...............................١٤٨

**تــەوەری دووەم:** فەلســەفەی ڕیفرانــدۆم وەکــو فاکتەرێکــی گرینگــی ســەروەری کوردســتان............................................................................١٥١

پارێزگاریکــردن لــە مانــەوە و یەکپارچەیــی و بەهێزکردنــی قــەوارە و دامــەزراوە دەســتورییەکانی هەرێمــی کوردســتان.............................١٥١

گەلــی کوردســتان لــە ڕیفراندۆمــدا متمانــە بەخۆبوونــی بــۆ گەڕایــەوە، تاوەکــو زیاتــر بەرگریــی لــە ناســنامە نەتەوەییەکــەی بــکات...........١٨٠

**تــەوەری ســێیەم:** ڕۆڵــی ســەرۆك بارزانــی لــە سەرپێخســتنی ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی..................................................................................١٨٧

بڕیــاری حەکیمانــەی ســەرۆك بارزانــی لەســەر ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی..................................................................................١٨٧

ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە یەکخستنی ڕیزەکان و بووژاندنەوەی هیوا..........٢٠٠

بەڵێ، سەرۆك بارزانی مەرجەع و ڕابەرە.............................................٢٠٤

سەرۆك بارزانی قوتابخانەیەك بۆ ئاشتی..............................................٢٠٧

سەرۆك بارزانی و فەلسەفەی دیالۆگی سیاسی.......................................٢١١

پەیامی سەرۆك بارزانی و فەلسەفەی یەکبوونی نیشتمانی.........................٢١٤

**کۆتایی**......................................................................................٢١٧

# پێشەکی

بە درێژایی قۆناغەکان هەر ڕووداوێکی ناوخۆیی گرینگی خۆی هەبووە بۆ مێژووی نەتەوەیەك یان کۆمەڵگەیەك یان دەوڵەتێك یان ناوچەیەك، باشترین بەڵگە ڕێڕەوی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابووری و سەربازییەکانە، بۆیە لە پێناو خزمەتکردنی مێژووی هەرێمی کوردستان پێویستە لایەنە گرینگەکانی مێژووکەی کۆبکەینەوە.

دەوترێ ئەوەی مێژووی نەبێ ئێستای نییە، چۆنکە مێژوو هەمیشە هاندەری مرۆڤ بووە بۆ پێشکەوتن و بەدەستهێنانی شکۆمەندی.

هەرکەسێك گرینگی بە مێژوو نەدات و لە ناو لیستی زانستە بەسوودەکانی دانەنێت و ئەو پێگەیەی پێ نەبەخشێت، کە شایستەیەتی، سوود لە مێژوو وەرناگرێت.

خوێندنی مێژوو دەمانبەستێتەوە بە پێکهاتەکانی نەتەوە کە بریتییە لە زمان و کەلتوور و ئاکار و داب و نەریت، ئەگەر ئەم بابەتانە نەپارێزرێن، ئەوا بە دڵنیاییەوە نەتەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری نەرێنی و گۆڕانەوە.

بایەخدانی هەر نەتەوەیەك بە مێژووی ڕاستەقینەی خۆی و بە میراتی شکۆداری و بە ڕابردووی گەشاوەی، نیشانەی ئەوەیە کە بیری ڕۆشنبیرانی ڕوونە و هۆشیارییان قووڵ و بەهێزە و تێگەیشتنی نەوەکانی ئەو نەتەوەیە وردە.

لەبـەر گرنگبوونـی مێـژووی ناوخۆیـی لـە بنیاتنانـی دەوڵـەت و لـە پێکهێنانی نەتەوەکان و گەشـەکردنیان و سـەرهەڵدانیان و لە خۆشـگوزەرانی و ناخۆشـی و ئاسـتی هۆشـیاریی شارسـتانییان پێویسـتە گرنگـی بـە خوێندنـی مێـژوو و بـە تایبەتـی بـە هۆشـیاریی مێـژووی نەتەوەیـی بدرێـت و لێکۆڵینـەوەی ورد و قـووڵ لـە بارەیـەوە بکرێـت.

ئەمـڕۆ لەزۆرێـك لەوڵاتـان ناوەنـد و پەیمانـگا و دامـەزراوەی تایبەتمەنـد هەیـە، کـە بایـەخ بەمێژوو دەدەن و تیشـك دەخەنە سـەر وێنـەی قارەمانێتی پیـاوان و ژنانیـان و بـە دوای ڕۆڵـی پێشـەواکانیان و ڕادەی بەشـدارییان لـە مێـژوو و شارسـتانییەت دەگەڕێـن، بـۆ ئـەوەی ڕوونـی بکەنـەوە، کـە تـا چەنـد توانیویانـە کاریگەرییـان هەبێـت لەسـەر ڕێـڕەوی ژیـان و پرۆسـەی بنیاتنـان لـە بـوارە جیاجیاکانـدا.

گرنگــی مێــژووی هاوچــەرخ لەوەدایــە، کــە توانــای دابینکردنــی چوارچێوەیەکــی هەیــە بــۆ تێگەیــشتن لــە ڕووداو و ئاراســتە و کێشــە هەنووکەییــەکان.

هەروەها مێژووی هاوچەرخ ڕێگە بە مێژوونووسـان و کەسانی دی دەدات، هـۆکار و ئەنجامەکانـی ڕووداوە نوێیـەکان شـی بکەنـەوە و لێکـی بدەنـەوە، لـە تەنیشـت ئەوەشـەوە ئـەو شـێواز و ئاراسـتانە دیـاری بکـەن، کـە دەتوانـن یارمەتیدەربـن لـە دەوڵەمەندکردنـی تێگەیشـتنمان لـە ئێسـتا و داهاتوو.

بـە خوێندنـەوەی وردی مێـژووی هاوچـەرخ، دەتوانیـن تێگەیشـتنێکی زانسـتیانە بەدەسـت بهێنیـن سـەبارەت بـەو ڕێگەیانـەی کـە ڕابـردوو و ئێسـتایان پێکهێنـاوە، یـان چـۆن ئـەو ڕێگەیانـە دەتوانـن کاریگەرییـان هەبێـت لەسـەر داهاتـوو.

سـەرەڕای ئـەوەش، مێـژووی هاوچـەرخ گرنگـە بـۆ تێگەیـشتن لـە سروشـتی ئاڵـۆز و پێکـەوە بـەستراوی ڕووداوەکانـی جیهـان و چۆنیەتـی کاریگەرییـان لەسـەر هەرێـم و ناوچەکـە.

لـەم کتێبـەدا هەوڵمانـداوە زانیارییەکانی بەردەسـتمان لەسـەر ڕاپەڕین و ڕیفرانـدۆم وەکوو دوو ڕووداوی گرینگ، کە جەماوەری کوردسـتان بە گشـتی تێیـدا بەشـداربوو و لـە مێژووی گەلی کوردسـتان وێنەی نەبـووە، بخەینەڕوو.

لـە هـەردوو ئـەم ڕووداوە بـێ وێنەیـە سـەرۆك مەسـعود بارزانـی وەکوو سـەرکردەیەکی کاریزمـا و پـڕ ئەزمـوون و لێهاتـوو، کـە نەتەنیـا بـۆ کـورد، بەڵکـوو بـۆ سـەرجەم پێکهاتـە نەتەوەییەکانـی کوردسـتان وەکـوو مەرجـەع و پەناگەیـەك ڕێـزی تایبەتـی لـێ دەگیـرێ، بـۆ سەرخسـتنی ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـووە، چ وەکـوو پێشـەوا یـان وەکـوو ڕابـەر، بۆیـە لـە نووسـینەوەی ئـەم کتێبـە ئاماژەمـان بـە زۆرێـك لـە هەوڵەکانـی سـەرۆك بارزانـی داوە بـۆ بنیاتنانـی دامەزراوەکانـی هەرێـم و گەیـشتن بـە ئامانجـی گـەورەی گەلـی کوردسـتان.

ئـەوەی ئـەم کتێبە پێشکەشـی دەکات تەنیا گێڕانەوەیەکـی مێژوویی نییە، بەڵکـو هەوڵێکـە بـۆ تێگەیـشتن لـە واقیعـی هاوچەرخـی گەلـی کوردسـتان لـە چوارچێـوە ناوخۆیـی و هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکـەی و پێشـبینیکردنی داهاتـوو لـە ڕووی ئەگەرەکانـی هەرێمی کوردسـتانەوە کە سـەرەڕای هەموو ئاسـتەنگ و ئالنگارییەکانـی بەردەمـی خـەون بـە سـەربەخۆیی دەبینـی.

هــەوڵ دەدەیــن مێــژووی هەرێمــی کوردســتان لــە ڕاپەڕینــەوە بــۆ ڕیفرانــدوم هەڵدەینــەوە، دیــد و بۆچوونــی خۆمــان لەســەر چەندیــن پرســی سیاســی دەربڕیــن، تــا لــەو ڕێگەیــەوە خوێنــەر و نــەوەی

داهاتــووی گەلەکەمــان زانیارییــان هەبێــت لەســەر ڕۆڵــی بــێ وێنــەی ســەرۆك بارزانــی، بەتایبەتــی و گەلــی کوردســتان بــە شــێوەی گشــتی لــە مێــژووی سیاســی و خواســت و پــڕۆژە سیاســی و نەتەوەییەکــەی و دەســکەوتەکانی ئاشــنا بکەیــن.

هەرێمــی کوردســتان گەیشــتووەتە قۆناغــێ کــە خاوەنــی ئیــدارەی سیاســی و دامــەزراوەی یاســایی و ســەربازی و ئاسایشــی و دیپلۆماســی خۆیەتــی و لــە ڕیفرانــدۆم، گەلــی کوردســتان بــە زۆرینەیەکــی ڕەهــا داوای ســەربەخۆیی کــردووە، کــورد خاوەنــی دەوڵەتــە، ئەگەرچــی دانپێنانــی بــە کاتــەوە گرێــدراوە و ئــێمان پــێمان وایــە نزیکــە.

نیشــتمان گەنجینــەی مرۆڤــە، ئەگــەر لەدەســت بچێــت، هیــچ شــتێك ناتوانــێ جێگــەی بگرێتــەوە، بۆیــە پێویســتە لەســەر هــەر تاکێکــی کوردســتانی و دڵســۆز نیشــتمان بپارێــزێ و بەهەمــوو تواناکانــی بەرگــری لــە بەهــا پیرۆزەکانــی بــکات.

دواجــار گەلــی کوردســتان بــە هێــز وەرگرتــن لــە ڕێبــازی بارزانــی و ئیــرادەی پۆڵاییــن و مێــژووی خەباتــی دەوڵەمەنــدی ســەرۆك بارزانــی و بــە پشــتبەستن بــە دلێــری پێشــمەرگە قارەمانــەکان و دڵســۆزانی کــورد و کوردســتان بــەردەوام دەبێــت لــە تێکۆشــان بــۆ ســەربەخۆیی.

**د. سامان سۆرانی**

**ئابی ٢٠٢٥**

# بەشی یەکەم

# ڕاپەڕینـــی گەلـــی کوردســـتان و لێکەوتـــە ئەرێنییەکانـــی دۆزی کـــورد

**تەوەری یەکەم:** ڕاپەڕین و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کورد

**تەوەری دووەم:** ڕۆڵی کورد لە پرۆسەی ئازادی عێراق و هاوکێشەکانی دواتر

# تەوەری یەکەم:

## ڕاپەڕین و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کورد

### ڕاپەڕین بۆ ڕوویدا؟

ڕاپەڕیـن وەکـوو بزاڤێکـی جەمـاوەری لەنـاکاو و بەهێز دژ بە سـتەمکاری و چەوسـاندنەوە لـە ڕێگـەی خۆپیشـاندان و یاخیبوونـی مەدەنـی و تەنانەت بەرگـری چەکـداری دەربڕینـی ڕەتکردنەوەیەکـی فراوانـی جەمـاوەرە بـۆ بارودۆخـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی.

ڕاپەڕیـن بـەزۆری لـە خاڵێکـدا ڕوودەدا، کـە چـیتر نەتوانـرێ بەرگـەی سـتەمکاری بگیرێـت، ڕاپەڕیـن هاوشـێوەی شۆڕشـە، بـەڵام جیاوازییەکـەی ئەوەیـە، لـە کاتێکـدا سـەرهەڵدەدات، دەسـەڵات هێشـتا دەتوانێـت بـە دەسـتی چەوسـێنەرانەی حوکمڕانـی بـکات.

لەگـەڵ ئـەوەی گەلـی کوردسـتان بـۆی شـاراوە نەبـووە، چەنـدە ڕژێـم و سـەرکوتکارییە بێسـنوورەکانی دڕندەیـی دەنوێنـێ، بـەڵام بڕیـاری دا، دژ بـەو ڕژێمـە ڕاپـەڕێ و دلێـری و جوامێـری خـۆی بسـەلمێنێ، چونکـە تاوانەکانـی ئـەو ڕژێمـە گەیشـتە ئاسـتی لەناوبـردن و هەمـوو هێڵێکـی سـووری بـواری مرۆیـی بەزانـد.

سیاسـەتی شـۆڤینی ڕژێمـی عێـراق، تەنیـا بـە بەرتەسـککردنەوەی مافـەکان و پراکتیزەکردنـی نادادپەروەریـی و بێبەشـکردنی کـورد بـە بەکارهێنانـی میتۆدەکانـی جینۆسـاید و کۆمەڵکـوژی ڕازی نەبـوو، بەڵکـو وەکـوو هەنـدێ لـە سـەرکردە باڵاکانـی ڕژێمـی لەناوچـوو ئاماژەیـان پـێ دەدا، کـەوا حکومەتـی بەعـس بەنیـاز بـوو خەڵکـی کوردسـتان بەتەواوەتـی

لەڕەگـەوە ڕیشـەکێش بـکات و لەپێنـاو گەیـشتن بەئامانجەکانـی بەوپـەڕی ڕەگەزپەرسـتییانەوە پلانـی پەرتەوازەکـردن و تواندنـەوەی کـورد لەنـاو دەوڵەتێکـی عێراقـی عەرەبـی ڕەهـا مەبەسـت بـوو.

کەواتـە هـۆکاری ڕاپەڕینـی جەمـاوەری کوردسـتان لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ کەڵەکەبوونـی نادادپـەروەری و نائومێدییەکـی درێژخایـەن بـوو لـەو دۆخـەی سـەپێنرابوو بەسـەر گەلـی ستەملێکراوی کوردسـتان.

نادادپـەروەری سیاسـی و پەراوێزخـستن، سـەرکوتکردن، پێشـێلکردنی مافـی نەتەوەیـی کـورد و جینۆسـاید و ئەنفـال و کیمیابـاران و ڕاگواسـتنی بـە زۆر و خاپوورکردنـی گونـد و وێرانکردنـی لادێ و خوێنڕێـژی و جیـاکاری نـەژادی، هەمـوو ئەمانـە پاڵنـەری سـەرەکی بـوون، گەلـی کوردسـتان چـیتر ژێردەسـتی قبـوڵ نـەکات و دواجـار لـە باشـووری کوردسـتان بـە شـێوەیەکی سەرانسـەری ڕاپەڕێـت.

یەکـەم پریشـکی ڕاپەڕیـن لـە سـەرەتای ئـاداری ١٩٩١ لـە چوارقوڕنـە و ڕانیـە دەسـتیپێکرد، چەنـد ڕۆژێـک پـاش ڕاگەیاندنـی کشـانەوەی هێزەکانـی سـوپای عێـراق لـە کوێـت، واتـە چەنـد ڕۆژێـك پێـش ڕاگەیاندنـی ئاگربەسـت و کۆبوونـەوەی ژێـر چادرەکـەی سـەفوان، کـە لـە ٣ی ئـاداری ١٩٩١ لـە نێـوان وەزیـری بەرگـری عێـراق هاشـم سـوڵتان و ژەنەڕاڵـی ئەمەریکـی نورمـان شـوارزکۆف، فەرمانـدەی هێزەکانـی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی لـە جەنگـی کەنـداوی دووەم ئەنجـام درا، ئـەو جەنگـەی کـە بـە گەردەلوولـی بیابـان ناوبانگـی دەرکـرد.

ناکـرێ ڕاپەڕیـن بـە تەنیـا وەک ڕووداوێکـی ناوخۆیـی تەماشـا بکـرێ، بەڵکـو پێویسـتە بـە بەشـێ لـە گۆڕانکارییـە زنجیرەییەکانـی کۆتایی سـەدەی

بیسـتەم ببـینرێ، بـە کارلێکـی نێـوان هێـزە خۆجێیـی و نێودەوڵەتییـەکان لـە سـاتە هەسـتیارەکانی مێـژوو دابنرێ کـە کۆڕانکارییەکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کەلتـووری لەگـەڵ خـۆی هێنـا.

بـە کۆتایـی جەنگـی کەنـداو و جەنگـی سـارد و لێکترازانـی یەکێتـی سـۆڤیەت و سـەرهەڵدانی سیسـتەمی نوێـی جیهانـی، توانـرا هەلومەرجێکـی نـوێ بخوڵقـێ و جووڵانـەوە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان دەرفەتـی نوێیـان بـۆ برەخسـێ، تـا ئـەو ڕادەیـەی دەتوانیـن بڵێیـن، ڕاپەڕیـن گۆڕانـکاری لەسـەر شـێوازی ژیـان و بیرکردنـەوەی تاکـی کـورد درووسـت کـرد.

لەهەمـان کاتـدا دەبێـت ئامـاژە بـەوەش بکەیـن کـە ڕاپەڕیـن وەکـوو ڕووداوێکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی لـە بارودۆخێکـی دیاریکـراو بەرهەمـی یەکگرتوویـی کوردسـتانیان و بـەرەی کوردسـتانی بـوو کـە دەیـان سـاڵ بـوو خەباتـی دەکـرد دژ بـە دەسـەڵاتێکی دیکتاتۆریـی ناسیۆنالیسـت و شـۆڤێنی، ئـەو دەسـەڵاتەی بـە زەبـر و زۆر و عەسـکەرتارییەت زمـان و کەلتـوور و ڕۆشـنبیری و مافـی بوونـی لـە نەتـەوەی کـورد زەوتکردبـوو، ئەگەرچـی ئـەو نەتەوەیـە بـە تـەواوی بوونـی جیـاواز بـوو لـەو دەسـەڵاتە شـۆڤێنی و ڕەگەزپەرسـتە، چ لـە ڕووی زمانـەوە بێـت، یـان لـە ڕووی هـزر و و جوگرافیـا و نەریـت و مێـژووەوە بێـت.

ڕاپەڕیـن وەکـوو ڕووداوێکـی مێژوویـی، کـە گەلـی کوردسـتان خاوەندێتـی و بـە درێژکـراوەی خەباتـی دەیـان سـاڵە و بەرهەمـی خۆڕاگریی و ماندووبـوون و خوێنـی جەمـاوەر و هێـزە خەباتگێڕەکانـی کوردسـتان دادەنـرێ و بـوو بـە دەسـتپێکێکی تـازە و ئومێدێکـی نـوێ لـە ژیانـی گەلـی کوردسـتان، بۆیـە پێویسـتە ڕاپەڕیـن لـە هـزری هەمـوو تاکێکـی کوردسـتانی

بەرجەستە بێت و ناکرێت ڕاپەڕین تەنیا وەکو سیمبۆڵێك بمێنێتەوە و دروشمەکانی کە بریتی بوون لە:

«ئازادیی، مافی چارەی خۆنووسین، خۆبەڕێوەبەریی، فیدڕاڵیی، کوردایەتیی، نەتەوایەتی، نیشتیمانپەرەوەریی، ئازادی ئافرەت، مافی کەمئەندام و منداڵان، بەدامەزراوەیی کردنی ئیدارە، فەرمانگە، ژینگە و پەرلەمان»

لە واقیعدا ڕەنگیان کاڵ بێت و بەردەوامییان پێ نەدرێت، هەر وەك سەرۆك مەسعود بارزانی دەڵێت:

«پێویستە دەستکەوت و ئامانج و بەهاکانی ڕاپەڕین بە بەرزی بمێننەوە و بپارێزرێن و بەهێزتر بکرێن و نابێ لە هیچ دۆخ و لەژێر هیچ گوشارێکدا لەیاد بکرێن و بشێوێندرێن».[١]

---

(١) بارزانی: دەستکەوتەکانی راپەڕین موڵکی گەلی کوردستان و نەوەکانی داهاتوون https://haremnews.com/details/46985

## سەرکوتکردنی دڕندانەی ڕاپەڕین لەلایەن ڕژێمی سەدام و کاردانەوەی نێودەوڵەتی

لەگەڵ ئەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی لە ڕۆژی ٦-٢-١٩٩١ لە وتارێکی مێژوویی و تێروتەسەلیدا بۆ جەماوەری کوردستان و عێراق سەبارەت بە بارودۆخی ئەوکاتە جەختی لەسەر برایەتی کورد و عەرەب کردبوو و داوای لە جەماوەری کوردستانی خاوەند ئەخلاق و مرۆڤایەتی دەکرد، پێشوازی لە خێزانە عەرەبەکان بکەن، کە پەنایان بۆ کوردستان هێنابوو، سەرەڕای هەموو ئەو ناخۆشیانەی، کە گەلی کوردستان ڕووبەڕووی ببوو و وڵاتی کاول کرابوو، بە هانایانەوە بچن، لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەوەش دا، کە بەرەی کوردستانی ئومێدی گەلی کوردستانە و سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەو گەلە دەکات، بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێت بەوپەڕی لەخۆبوردنەوە بەرژەوەندی بەرە لە پێش هەموو بەرژەوەندیەکی کەسی دابنرێت و داوای لە جەماوەری کوردستان کرد، لە دەوری ئاڵای بەرەی کوردستانی کۆ ببنەوە و بیر لە لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوە و گیانی برایەتی و یەکگرتن زاڵ بێت بەسەر هەموو شتێکی تردا.[1]

هەر بۆ مێژوو دەتوانین بڵێین سەرۆك مەسعود بارزانی خۆی بە هاوبەشی غەمی هەموو ماڵێکی عێراقی دەزانی و دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی هەموو ئاشتیخوازان لە جیهان، تا عێراق لە کوێت بکشێتەوە و جەنگ ڕوو نەدات، بەڵام ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا

(١) (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی مەسعود بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم، ٢٠٢٢، لاپەڕە ٥٣٦-٥٣٩)

مەبەسـتی بـوو بـەردەوام بێـت لـە تاوانەکانـی دژ بـە گەلـی کوردسـتان، بۆیـە ماوەیەکـی کـورت دوای ڕاپەڕیـن، لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٩١، ڕژێمـی دیکتاتـۆری پێشـوو، پـاش ئـەوەی هێـزە دۆڕاوەکانـی لـە کوێـت کۆکـردەوە، بـە هێزێکـی لەڕادەبـەدەر وەڵامـی ڕاپەڕینەکـەی دایـەوە و هەمـوو ئـەو شـێوازە دڕندانەیـەی بەکارهێنـا، کـە پێـشتر لـە هەڵمەتەکانـی ئەنفـال و کیمیابـاران و ئاوارەکردنـی زۆرەملـێ و تەعریـب کـردن بـەکاری هێنابـوو.

سـەدان هاوڵاتـی مەدەنـی کـوژران و هـەزاران کەسـی سـیڤیل زیندانـی کـران و ڕژێـم گەمـارۆی شـارە کوردسـتانییەکانی دا، کـە ڕاپەڕینیـان ئەنجـام دابـوو. بـە ڕێگـەدان بـە فڕینـی هەلیکۆپتەرەکانـی، توانـی دووبـارە ژمارەیـەک لـە شـارەکانی کوردسـتان داگیـر بکاتـەوە.

هــەر ئەمــەش بــووە هــۆی کۆچکردنــە ملیۆنییەکــەی جەمــاوەری کوردسـتان و هەڵاتنـی بـەرەو چارەنووسـێکی نادیـاری پشـت سـنوورەکان، ئەگەرچـی برینـی ئەنفـال و کیمیابارانـی هێشـتا سـاڕێژ نەببـوو، ناچـار دەبـوو خـاک و خانووبـەرە و موڵـک و زێـدی بـاو باپیـران جـێ بهێڵـێ و بـە پیـادە لەناوچەیەکـی شـاخاوی سـەخت و لـە وەرزێکـی سـارد سـەدان کیلۆمەتـر ببڕێـت و بەدەسـت برسـێتی و تـرس لـە مـەرگ بناڵێنێـت و هیـچ لایـەك گـوێ لـە هـاواری نەگرێـت.

لـەو ڕێپێوانـەدا زیاتـر لـە دوو ملیـۆن خەڵکـی کوردسـتان تووشـی کارەسـات و نەهامەتـی و برسـێتی و مـردن بـوون.



دواتــر ئاژانســەکانی هەواڵــی نێودەوڵەتــی و کەناڵەکانــی ســەتەلایت وێنــەی تراژیدیــای ئــەم کۆچکردنەیــان گواســتەوە و دەرکــەوت ئــەم کۆچکردنــە بــە کۆمەڵــە ئاماژەیەکــی ئاشــکرایە بــۆ ڕەتکردنــەوەی جەمــاوری کوردســتان بــۆ ژیــان لەســایەی دیکتاتۆرییــەت.

زۆرێـک لـەو کەسـانەی لـە کۆڕەوەکـە بەشـداربوون لـە ئەنجامـی ئـەو هەلومەرجــە ســەختەی پێیــدا تێپەڕبــوون گیانیــان لــە پێنــاو بەرگــری لــە نیشــتمان و کەرامەتــی خۆیــان لەدەســتدا و خوێنیــان تێکــەڵ بــە خوێنــی شــەهیدانی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کوردســتان بــوو، بــەم هەڵوێســتەیان بــە دەســەڵاتدارانی ســتەمکاریان وت، چــیتر ڕێگــە نادەیــن ئــازادیمان لــێ بســەننەوە و چۆکتــان بــۆ دانانوێنیــن.

هێزەکانــی پێشــمەرگە، کــە لــە ڕۆژانــی ڕاپەڕینــدا دلێرانــە بەرگرییــان دەکــرد، لــە چەنــد قۆڵێکــەوە ڕووبــەڕووی هێزەکانــی ڕژێمــی ســتەمکار بوونــەوە و توانییــان ڕێگربــن لــە پێشــڕەویکردنیان بــەرەو ئــەو کۆمەڵــە جەمــاوەرەی کــە بــەرەو شــاخەکان هەڵدەزنیــن.

سـەرەڕای هەمـوو ئـەو نەهامەتییانـە، دەکـرێ بڵێیـن ئـەم ڕاپەڕینـە وەرچەرخانێکـی مێژوویـی پێکهێنـا و دواتـر بەهـۆی دەسـتێوەردانی نێودەوڵەتـی واقیعێکـی سیاسـی نـوێ هاتـە ئـاراوە.

ئـەوە بـوو لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ئایـاری هەمـان سـاڵدا بڕیـاری ژمـارە ٦٨٨ ی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەرکـرا بـۆ دامەزراندنـی ناوچەیەکـی ئـارام بـۆ گەلـی کوردسـتان لـە باکـووری هێڵـی ٣٦ و دواتـر هێزەکانـی سـوپای بەعـس لـەو ناوچانـە دەرکـران، ئەمـەش بـووە هـۆی دامەزراندنـی نـەوای ئـارام و ناوچـەی دژە فڕینـی نێودەوڵەتـی، کـە ڕێگەخۆشـکەر بـوو بـۆ پێکهێنانـی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان.[1]

لای خۆیــەوە بــەرەی کوردســتان بــە دەســەڵاتێکی دیفاکتــۆ دەســتی کــرد بــە بەڕێوەبردنــی کاروبــاری ئیــداری هەرێمــی کوردســتان لــە

(١) بڕیارنامـەی ٦٨٨ی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتووەکان، کە لە ٥ی نیسـانی سـاڵی ١٩٩١ دەرچـوو، ئەنجومـەن پـاش وەرگرتنـی نامـەی نوێنەرانـی فەرەنسـا، ئێـران و تورکیـا، نیگەرانـی خـۆی دەردەبـڕی سـەبارەت بـە سـەرکوتی سیاسـی خەڵکی عێـراق، بە کوردسـتانی عێراقیشـەوە. ئەنجومەنەکـە سـەرکۆنەی سـەرکوتکردنەکەی کـرد و داوای لـە عێراق کرد وەک بەشـدارییەک لە نەهێشـتنی هەڕەشـە لەسـەر ئاشـتی و ئاسـایش کۆتایی بـە سـەرکوتکردن بهێنێـت و ڕێـز لـە مافەکانـی مرۆڤـی گەلەکـەی بگرێـت. ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان جەختـی لـەوە کـردەوە کـە عێـراق ڕێگە بـە ڕێکخراوە مرۆییـە نێودەوڵەتییـەکان بـدات بچنە ناوچـە زیانلێکەوتووەکانەوە و داوای لە سـکرتێری گشـتی کـرد ڕاپۆرتێـک لەسـەر دانیشـتوانی عێراقـی و کـورد پێشـکەش بکات، کـە بەهۆی سـەرکوتکردنی دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە زیانیـان بەرکەوتـووە و هەموو سـەرچاوەیەکی گونجـاو بـەکار بهێنێـت بۆ دابینکردنی پێداویسـتییەکانی دانیشـتووان. هەروەها داواشـی لـە عێـراق کـرد لەگـەڵ سـکرتێری گشـتی و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـە کان هـاوکاری بکات بـۆ هاوکاریکـردن لـە هەوڵەکانـی هـاوکاری مرۆیی. بڕیارەکـە بە ١٠ دەنگی پەسـەند و ٣ دەنگـی دژ (یەمـەن، زیمبابـوی و کوبـا) و دوو ئەندام (کۆماری گەلی چین و هیندسـتان) کـە دەنگیـان نـەدا، دەرچوو.

ئەنجامــی ئــەو بۆشــاییەی بەهــۆی کشــانەوەی حکومەتــی عێــراق لــە دامــودەزگاکان درووســـت بـبــوو.

لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەو هەلومەرجانــە بــە دەستپێشــخەری ســەرۆك مەسـعود بارزانـی، کـە لـە ٢٣ی ئـاداری ١٩٩١ لەکردبوونەوەیەکـی فراوانـی جەمـاوەری لـە شـارۆچکەی کۆیـە وتارێکـی پێشکەشـی جەمـاوەری کۆیـە کـرد، لــە وتارەکەیــدا ڕایگەیانــد:

«قۆناغــی شــەرعیەتی شۆڕشــگێڕی کۆتایــی هــات و پێویســتە بــەرەو شــەرعیەتی یاســایی هەنــگاو بنێیــن.

پێویســتە هەڵبــژاردن بکرێــت و جەمــاوەری کوردســتان و گەلــی کــورد بڕیــار لــە جارەنوســی خــۆی بــدات.»[1]



(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم، ٢٠٢٢، ل ٧٠.

ئەمەش لە ڕاستیدا لە ١٩ / ٥/ ١٩٩٢ ئەنجامدرا و دواتر حکومەت پێکهێنرا و لـە تشرینـی یەکەمـی هەمـان سـاڵدا فیدراڵیـزم لـە بـری ئـەو ئۆتۆنۆمییـە پەسـەندکراوەی پێشـووتر بـە پێـی ڕێککەوتننامەکـەی یـازدەی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ی نێـوان بارزانـی نەمـر و حکومەتـی عێـراق هەبـوو، ڕاگەیەنرا.

لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو یەکـەم هەڵبژاردنـە لـە مێـژووی گەلـی کوردسـتان، کـە دەبـوو لـە کەشـێکی ئـازاد و دیموکراتـی بەردەامـی هەبێـت و حزبـە بەشـداربووەکان بـە دەرئەنجامـەکان ڕازی بـن، بەهـۆی ئەنجامدانـی پێشـێلکارییەکانی لایەنێکـی بەشـداربوو خەریـك بـوو لەبـار بچێـت و قەیـران درووسـت بێـت و ئەنجامـەکان پەسـەند نەکرێـن، بـەڵام حیکمەتـی سـەرۆك بارزانـی ڕێگـر بـوو لـەوەی، کـە سـەرەتای ئـەو پرۆسـە دیموکراسـیە لـە کوردسـتان شکسـت بهێنـێ، ئەگەرچـی لـە ڕاسـتیدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان زۆرینـەی بەدەسـتهێنابوو و دەبـوو بـە تەنیـا حکومـەت بەڕێوەبەرێـت، بـەڵام لەبـەر پاراسـتنی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی گەلـی کوردسـتان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ئەگەرچـی ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـی پەسـەند نەکردبـوو، سـەرباری هەمـوو کێشـە و گرفتـەکان هەڵوێسـتێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانی نوانـد و لەگـەڵ یەکێتـی ڕێکـەوت، تـا پەرلەمـان بتوانـێ وەکـوو گۆڕانکارییەکـی گـەورەی ژیانـی سیاسـی هاووڵاتیانـی کوردسـتان دەسـت بـەکار بێـت.

ئەوەبـوو دواجـار پـاش گفتوگۆیەکـی زۆر و لەپێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتی هـەردوولا وەکـوو بژاردەیـەک لەسـەر حـەوت خـاڵ ڕێکەوتـن:

یەکـەم، ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان وەك خـۆی ڕابگەیەندرێـت. واتـە پـارت ٥١٪ و یەکێتـی ٤٩٪.

دووەم، هەمـوو پۆسـت و پلـەکان نیـوە بـە نیـوە لـە نێـوان هـەردوولادا دابـەش بکرێـت.

سێیەم، سەرۆکی پەرلەمان پارت و جێگرەکەی یەکێتی بێت.

چوارەم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەکێتی و جێگرەکەی پارتی بێت.

پێنجـەم، دوای دوو مانگـی تـر و لـە ١٥ی تەمـووزی ١٩٩٢دا هەڵبژاردنـی ڕابــەر و لــە ١٥ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٩٢دا هەڵبژاردنــی پەرلەمــان ســەرلەنوێ بکرێتــەوە.

شەشەم، هیچ لایەنێک لە دژی یەکتر لەگەڵ لایەنێکی دی ڕێک نەکەوێت.

حەوتـەم، مەسـعود بارزانـی و مـام جـەلال بەیاننامەیەکـی هاوبـەش بڵاو بکەنـەوە لەسـەر هەڵبژاردنـی ڕابـەر.[١]

(١) مەسـعود بارزانــی، بارزانــی و بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد، بەرگــی پێنجــەم، ٢٠٢٢، ل ١١٨.

**دامەزراندنی پەرلەمان**

پەرلەمـان، کـە لە وشـەی (parler)ی فەرنسـی کۆن سـەرچاوەی گرتووە و بـە واتـای گفتوگۆکـردن دێت، بریتییە لـە نوێنەرایەتیکردنی گەل و بە شـێوەی ئاسـایی لـە ئەنجومەنـێ یـان دوو ئەنجومەن یان سـێ ئەنجومـەن پێك دێت.

پەرلەمـان لـە دەوڵەتەکانـی دیموکراتـی نوێنەراتـی بریتییـە لـە دەسـتەی نوێنەرایەتـی هەڵبژێـردراو و ڕێگەپێـدراو لـە لایـەن گەلـەوە، تـا دەسـەڵاتی یاسـایی خـۆی بەکاربهێنـێ. کاری تـری پەرلەمـان بریتییـە لـە چاودێریکردنـی حکومـەت و دەسـەڵاتی جـێ بەجێـکار.

کێشـەی عێـراق هـەر لـە سـەرەتای درووسـتبوونی وەکـوو دەوڵەتێکـی دەسـتکرد تاوەکـوو ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس لـە سـاڵی ٢٠٠٣ بـەردەوام بریتـی بـووە لـەوەی، ئـەو دەوڵەتـە لـە ململانێـی لەگـەڵ گەلـی کـورد ڕێگەچـارەی سـەربازی هەڵبـژاردووە و پێـی وابـووە لـەو ڕێگەیـەوە دەتوانـێ دۆزی کـورد یـەکلا بکاتـەوە ، وەکـوو چـۆن لـە سـاڵی ١٩٦١ لـە سـەردەمی (عەبدولکەریـم قاسـم) و لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە سـەردەمی (عەبدولسـەلام عـارف) و لـە سـاڵی ١٩٧٥ لـە سـەردەمی حکومەتـی بەعـس (ئەحمـەد حەسـەن بەکـر).

شـێوازی مامەڵەکردنـی ڕژێمـە یـەك لـە دوای یەکـەکان لـە عێـراق لەگـەڵ کـورد تایبەتمەنـدی خـۆی هەبـوو لەنـاو واقیعـی عێـراق و کـورد ڕووبـەڕووی چەوسـاندنەوە و تاوانـکاری زۆر بـۆوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە سـەردەمی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق، (عەبدولـرەحمان بـەزاز)، ١٩٦٥-١٩٦٧ هەوڵێکـی جـددی هەبـوو بـۆ

چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی سیاسی و دیدگایەکی بابەتییانەی دۆخی عێراق.

ئەو هەوڵەی (عەبدولرەحمان بەزاز) یەکەم هەنگاو بوو لە لایەنی هزرێکی مەدەنی، کە ڕووبەڕووی هزری سەربازی بۆوە، ئەو هزرەی بەردەوام مەبەستی بوو بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ دۆزی کورد چارەسەر بکات.

پرۆژەی (بەزاز) کە بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ ناسراوە، باسی لە بەرنامەیەکی گشتگیری سیاسی و کەلتووری مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکرد، کە دوانزە خاڵی لەخۆ گرتبوو.

گرینگترین خاڵی بریتی بوو لە دانپێنان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە زمان و خوێندن و پێدانی مۆڵەت بە حزبە کوردییەکان و بەشداریکردنی سیاسی و ئازادی ڕۆژنامەگەری و دامەزراندنی زانکۆی کوردی لە سلێمانی و دەستنیشانکردنی نوێنەرانی کورد بۆ حکومەت و پەرلەمان و بەڕێوەبردن و دیپلۆماسیەت و سوپا و دەستەکانی داد و بونیادنانەوەی ناوچەکانی کوردستان و بووژانەوەیان لە ڕووی ئابوورییەوە.

دیارە دووبارە باڵادەستی هەژموونی سەربازی بەسەر دەسەڵات و حوکمڕانی لە عێراق پاش جەنگی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ و گەمارۆدانی دید و بۆچوونە مەدەنییەکانی دکتۆر بەزاز بوون بە هۆکاری ئەوەی ئەو بەرنامەیەی بەزاز، تەنیا وەکوو مەرەکەبی سەر کاغەز بمێنێتەوە. ئەوەبوو لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٦٧ بەزاز لەسەر دەسەڵات لادرا و حزبی بەعس لە ڕێگەی کودەتای ساڵی ١٩٦٨ هاتە سەر دەسەڵات.

ئـەم حزبـە هەوڵـی دا هەڵەکانـی سـاڵی ١٩٦٣ی دووبـارە نەکاتـەوە و لـە سـەرەتای کاری سیاسـی جەماوریبوونـی خـۆی تۆکمـە بـکات، ئـەوە بـوو لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ لـە ڕێگـەی پرۆژەیەکـی سیاسـی بوێرانـە لـە گـەڵ کـورد بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مسـتەفا بارزانـی ڕێککەوتنـی ئەنجـام دا.



ڕاسـتە ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ دەسـکەوتی گـەورەی بـۆ گەلـی کوردسـتان لەگـەڵ خـۆی هێنـا، ئـەوە بـوو بـە فەرمـی دان بـە نەتـەوەی کـورد وەکـوو دووەم نەتـەوە لـە تەنیشـت عـەرەب لـە عێـراق نـرا و پرنسـیپی ئۆتۆنۆمـی وەکـوو بنەمایـەك بـۆ بەڕێوەبردنـی شـارەکانی سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆك و بەشـێ لـە باکووری شـاری کەرکـوك دانـرا کـە زۆرینـەی دانیشـتوانی کـورد بـوون.

هەروەهـا بەیانـی ١١ی ئـادار ڕێگـەی دا بـە دامەزراندنـی دوو ئەنجومەنـی یاسـایی و جـێ بەجێکـردن کـە کـورد بـە پێنـج وەزیـر بەشـدار بـن لـە حکومەتـی عێـراق.




هەروەهـا مافـی بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دا، بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـارەگای خـۆی لـە پارێزگاکانی عێراق بکاتـەوە و کاری سیاسـی بکات و ڕۆژنامـەی خـۆی هەبێـت و خوێنـدکارە کـوردەکان لـە کۆلێـژی سـەربازی وەربگرێـت و کوردێـك بـۆ پۆسـتی جێگـری سـەرۆك کۆمـار هەڵبژێـردرێ و زمانـی کـوردی لـە تەنیشـت زمانـی عەرەبـی لـە قوتابخانـەکان بخوێنـدرێ و زانکـۆی سـەلاحەدین لـە هەولێـر دابمـەزرێ، بـەڵام دواتـر ڕژێمـی بەعـس لەمامەڵەکردنـی لەگـەڵ کـورد بـەردەوام بـوو لـە سـەر پرنسـیپی ناوەندێتـی تونـد و بـە ئـارەزووی خـۆی کەسـانی لایەنـداری حزبەکـەی دەستنیشـان دەکـرد بـۆ هـەردوو ئەنجومەنـی یاسـادانان و جـێ بەجێکـردن و هەوڵـی تیرۆرکردنــی ســەرۆک مســتەفا بارزانــی دا و زمانــی کــوردی لــە ناوچــە عەرەبییەکانـی پەراوێزخسـت و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پاشەکشـەی دەکـرد لـە جـێ بەجێکردنـی خاڵەکانـی ئـەو ڕێککەوتنـە مێژووییـە.

بە خوێندنەوەی ئەو ئەزموونە وەكوو پاشخانێكی مێژوویی و بەهۆی ئەوەی كە قۆناغی دوای ساڵی ١٩٩٠ بە گرینگترین قۆناغی سیاسی دەبینرێ لە مێژووی دۆزی كورد و بەهۆی ئەوەی ئەمجارە كورد خاوەندی ناوچەیەكی ئارام بوو بە ناوی (Save Haven)، كە بڕیارێكی نێودەوڵەتی لە پشت بوو و كوردی لە هێرشی دڕندانەی ڕژێمی بەعس دەپاراست و پاش ئەوەی سەركردایەتی كورد لە بەڵێنە درۆیینەكانی ڕژێمی سەدام بێ هیوا بوو، كە لە سایەی حكومەتی سەدام ئۆتۆنۆمی و ئایندەی دیموكراسییەت و زامنكردنی هاوبەشی سیاسی و ئازادییە گشتییەكان دەستەبەر ناكرێن.

سەرۆك مەسعود بارزانی بەمەبەستی درووستكردنی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ جیهانی دەرەوە سەرەتا سەردانی توركیای كرد و لە ٢١ شوباتی ١٩٩٢ چاوی بە سەرۆك كۆمار توركەت ئۆزال[1] و سەرۆك وەزیران سلێمان دیمێرل و وەزیری كاروباری دەرەوە حیكمەت چەتین كەوت و لەو دیدارانەدا جەخت لەسەر گرینگی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەكانی هەرێم و توركیا كرا.

ئینجا لە ٢٥ی شوباتی ١٩٩٢ سەردانی بەریتانیای كرد و لە ڕۆژانی دواتر دیداری گرینگی لەگەڵ جۆن مەیجەر[2]، سەرۆك وەزیران، دۆگلاس

---

(١) خەلیل تورگوت ئۆزال، سیاسەتمەدار، بیرۆكرات، ئەندازیار وەدەوڵەتمەدارێكی دیاری توركیا بوو، لە ساڵی ١٩٨٩ تا ١٩٩٣ وەک هەشتەمین سەرۆک کۆماری توركیا لەسەر دەسەڵات بوو. پێشتر لە ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٩ وەک ٢٦هەمین سەرۆکوەزیرانی توركیا وەک سەرۆکی پارتی دایکی نیشتمان کاری کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٢ جێگری سەرۆک وەزیرانی توركیا بووە لە حکوومەتی سەربازیی بولند ئولوسو.

(٢) جۆن مێجەر، سیاسییەکی دیار وناسراوی بەریتانیایە، لە ٢٩ی ئازاری ١٩٤٣

هێـرد، وەزیـری کاروبـاری دەرەوە و ژمارەیـەك وەزیـر و کەسـایەتی حزبـی و نـاوداری وەکـوو خاتـوو مارگرێـت تاچـەر هەبـوو.

دواتـر لـە ١٠ی ئـاداری ١٩٩٢ لـە سـەردانێکی بـۆ فەرەنسـا لـە لایـەن سـەرۆك کۆمـار فرانسـوا میـتران لـە کۆشـکی ئەلیـزە پێشـوازی لێکـرا و لـەو دیـدارە بـاس لـە دۆسـتایەتی و پاراسـتنی گەلـی کـورد کـرا.

لـە ١٧ی ئـاداری ١٩٩٢ هـەر بـە مەبەسـتی درووسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتانـی دەرەوە سـەرۆك بارزانـی سـەردانی ئەڵمانیـای کـرد و چـاوی بـە وەزیـری دەرەوە هانـس دیتریـش گێنشـەر کـەوت و لـەو دیـدارەش بـاس لـە هـاوکاری و پشـتگیری گەلـی کوردسـتان کـرا.

دواتـر لـە ٢٠ی ئـاداری ١٩٩٢ سـەردانی ڤیەننـای کـرد و لـەوێ چـاوی بـە وەزیـری دەرەوەی نەمسـا، ئالیـۆس مـۆك، کـەوت و داوای پشـتگیری وهاوکاریکردنــی زانکـۆی سـەڵاحەدینی لـێ کـرد.

گەلـی کوردسـتان توانـی بـۆ یەکـەم جار لـە مێژوویـدا لە کۆتایی سـەدەی بیسـتەمدا و بەپێـی یاسـای ژمـارە(١)ی بـەرەی کوردسـتانی لـە ١٩ی ئایـاری ١٩٩٢ و بە بەشـداریکردنی ٩٦٧٢٢٩ دەنگدەر ببێت بە خاوەندی پەرلەمان.[1]

پەرلەمـان ١٠٠ کورسـی لەخۆگرتبـوو، دواتـر بـە بڕیارێکـی سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی، کـە لـە ١٩٩٢\٤\٨ دەرچـوو، (٥) کورسـی بـۆ

---

لـە باشـووری شـاری لەنـدەن لەدایـک بـووە، سـاڵی ١٩٦٨ کاری سیاسـیی لەنـاو پارتـی پارێـزگاران دەسـت پێکـردووە، چەندیـن پۆسـتی گرنگـی بەدەسـت هێنـاوە، لـە ١٩٧٩ ئەندامـی پەرلەمـان بـووە، لـە ١٩٨٧ وەزیـری دارایـی بـووە، لـە ١٩٨٩ وەزیـری دەرەوەی بەریتانیـا بـووە، لـە سـاڵی ١٩٩٠ تـا سـاڵی ١٩٩٧ سـەرۆک وەزیرانـی بەریتانیـا بـووە.

(١) بڕوانە پاشکۆ

مەسیحیەکانی کوردستان تەرخان کرا، واتە بوو بە ١٠٥ کورسی، ئینجا حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

دواتر بە پشت بەستن بە حوکمی برگەی ٨ لە ماددەی ٥٦ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو و بڕیاری ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٤ پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨) ی ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١٧ پەیڕەوی ناوخۆی پەسەند کرد.(١)

(١) پەیڕەوی پەرلەمانی کوردستان، https://www.parliament.krd/media/14987/پەیڕەوی-پەرلەمانی-کوردستان-بە-زمانی-کوردی-١.pdf

## ڕاگەیاندنی فیدراڵی

فیدراڵیزم شێوەیەکە لە دارشتنە دەستوری و یاساییەکان، کە پەنای بۆ دەبرێ، تا لە ڕێگەیەوە تایبەتمەندیی و دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان لەناو دەوڵەتێکی یەکگرتوودا دابەش بکرێن. واتە شلکردنی مشتی حکومەتی فیدراڵ و چەسپاندنی لامەرکەزییەتی ئیداری و سیاسییە، بە شێوەیەك دەرفەت بە هەرێمەکانی دەوڵەت دەدات، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان هەبێت.

کەواتە فیدراڵیزم بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە دەسەڵات لە ڕێگەی پەیوەندییەکی ئارەزوومەندانی نێوان گەلان و نەتەوە جیاجیاکان، کە دەتوانن زمان و ئایین و کەلتووری جیاوازیان هەبێت.

هەر پێکهاتە و هەرێمی دەتوانێ لە ناو سیستەمی فیدراڵی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و سنووری جوگرافی و دەسەڵاتە ئیدراییەکانی خۆی بپارێزێت.

هەروەها فیدراڵیزم یان یەکگرتنەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتە دەستورییەکانی و ئەرکە ئیدراییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمەکانی، کە دەوڵەت پێك دەهێنن دابەش دەکات و ئەو لایەنانە پشت بە یەکتر دەبەستن و سەروەری هاوبەشیان لە دەوڵەتدا هەیە.

کەواتە فیدراڵیزم ئامرازە نەوەك مەبەست، ئامانج لێی دابەشکردنی دەسەڵاتە ئیداری و یاساییەکانی ناوەندە لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمەکان بەمەبەستی دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە دابەشکردنی مافی و ئەرك و بەرپرسیارێتییە نیشتمانییەکان.

ئەگەر چاوێك بە مێژووی دەوڵەتی عێراق هەر لەسەرەتای دامەزراندییەوە لە ساڵی ١٩٢١ بگێڕینەوە، دەبینین ئینگلیزەکان، وەکوو نازم سەفیر لە گۆڤاری ئێتۆد لە ساڵی ١٩٦٣ باس دەکات[1]، لە ساڵی ١٩٢٢ دڵنیایی دەدەنە کورد، کە پرسە نەتەوەییەکانیان بەهەند وەربگرن و جاڕنامەیەك لە بەغدا بڵاو دەکەنەوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵێنەکەیان، کە تیایدا دەوترێ، حکومەتی بەریتانیا و عێراق (فەیسەڵ) دان بە مافەکانی کوردی دەنێن بۆ دامەزراندی حکومەرێکی کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام ئەم دەوڵەتە بە سیستەمی فیدڕاڵی و ئیتحادی ئاشنا نەبووە، بەڵکوو وەکوو زۆر لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە، چ لە سەردەمی پاشایەتی یان لەسەردەمی کۆماری شێوەیەکی سیاسی و ئیداری سادە و یەکگرتووی گرتۆتە بەر، کە بریتییە لە حکومەتێکی ناوەندی، بۆیە ورووژاندنی سیستەمی فیدڕاڵی وەکوو بابەت لەناو ئەزموونی دەوڵەتی عێراق نوێیە.

سەرۆك مەسعود بارزانی یەکەم کەس بوو، کە لە سەردانی ساڵی ١٩٩٢ بۆ ئەمریکا و لە دیداری لەگەڵ جەیمس بەیکەر وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، لە کۆبوونەوەیەکدا، کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئامادەبوو، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە فیدڕاڵییەت وەکو شێوازێکی گونجاو بۆ حوکمڕانی لە عێراق خستە ڕوو.

پاش ئەوەی سەرۆك بارزانی لە گەشتەکانی بۆ ئەورووپا و ئەمریکا و دیدارە چڕ و پڕەکانی لەگەڵ سەرۆك و کاربەدەست و بڕیاردەرانی سیاسی وڵاتان گەڕایەوە بۆ کوردستان و دوای ئەوەی هەڵوێستی ولایەتە

(1) Nazem Safir, La fin de la tragé die Kurde? Revue Etudes, fondée en 1856 par des Péres de la Compagnie de Jésus, Tompe 7, Op.cit., p333

یەکگرتووەکانی ئەمریکای سەبارەت بە فیدراڵیەت بۆ دەرکەوت و سەنگی هەرێمی کوردستانی پاش هەڵبژاردنەکانی بۆ ئاشکرابوو و پێی وابوو زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ جاڕدانی فیدراڵییەت، ئەوە بوو پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ فیدراڵییەتی ڕاگەیاند و بەوەش خۆشی خستە ناو دڵی هەموو تاکێکی کوردستانی.[(١)]

جاڕدانی پەرلەمان، کە بڕیاری پەرلەمان ژمارە ٢٣ی ڕۆژی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ جەختی لەسەر کردەوە، دانی بە مافی گەلی کوردستان و دەسەڵاتە یاساییە هەڵبژێردراوەکانی نا لە ئەنجامدانی سەرجەم دەسەڵاتە فیدراڵەکانی تا ئەوکاتەی حکومەتی ناوەندی فیدراڵییەت جاڕ دەدات.

جاڕدانی فیدراڵییەت گرینگترین بڕیاری چارەنوسساز بوو، کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دابێت، چونکە لەو ڕێگەیەوە گەلی کوردستان ماف و ئیرادە و بژاردەی سیاسی خۆی سەلماند لە دیاریکردنی پەیوەندی لەگەڵ (عێراق) گەلی عەرەب لە چوارچێوەی یەکگرتنێکی دیموکراسی.

سەرەڕای فشارێکی زۆر لە لایەن نێوەندە هەرێمییەکان و ئەو فشارە ئابوری و سیاسی و دەروونییەی، لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە خرابووە سەر گەلی کوردستان، جاڕدانی فیدراڵییەت ڕێڕەوی قووڵی خۆی لە ژیانی سیاسی گەلی کوردستان بە تایبەتی و گۆڕەپانی عێراقی بە گشتی هەڵکەند. هەروەها ئەم جاڕدانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکوو مافێکی ڕەوای نەتەوەیی گەلی کوردستان، کە لە ڕووی مێژووەوە پەراوێز خرابوو، گرینگی زۆری پێ درا.[(٢)]

---

(١) سەبارەت بە ڕاگەیاندنی فیدراڵییەت، بڕوانە پاشکۆ.
(٢) فلك الدين كاكەيی، الأعمال الكاملة، المجلد التاسع، ٢٠٠٩، ص ٢٠٦.

**دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەت**

لەگـەڵ ئـەوەی حکومـەت وەکـو سیسـتەمی سیاسـی یەکێکـە لـە کۆنتریـن دامـەزراوە سیاسـییەکان لـە جیهـان و هـەر لـە کۆنـەوە کۆمەڵگاکان پێویسـتیان بـە فەرمانـڕەوا و جێبەجێـکار هەبـووە بۆ بەڕێوەبـردن، حکومەت وەک شـێوازێک لـە ڕاییکردنـی دەسـەڵات لـە کۆمەڵـگادا پێناسـە دەکرێـت.

دامەزراندنـی یەکـەم کابینەی حکومەت لە کوردسـتان وەکوو ڕووداوێکی مێژوویـی کاریگـەری جیۆپۆلەتیکـی هەبـوو و بـوو بـە خاڵـی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانـی نێـوان گەلـی کوردسـتان و دەوڵەتـی عێـراق و دامەزراندنـی واقیعێکـی نـوێ لـە ناوچەیەکی پڕ لـە کێشـەی جیۆپۆلەتیکی.

کاتێـک یەکـەم کابینـە دامـەزرا، دەزگاکانـی هەرێـم توانـای جێبەجێکردنـی دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینەیان بـۆ درووسـت بـوو، وەکـوو وەزارەتەکانـی پـەروەردە، تەندروسـتی و ناوخـۆ و چەندیـن وەزارەتـی تـر، ئەمـەش سـەرەتای دامەزراندنـی دەوڵـەت لەنـاو دەوڵـەت دووپـات دەکاتـەوە (هەرچەنـدە بـە شـێوەیەکی تـەواو سـەربەخۆش نەبێـت).

بوونـی حکومـەت و وەزارەتـەکان کوردسـتانی کـردە ئەکتەرێکی سیاسـی و وای کـرد، وڵاتانـی دەرەکـی بـە فەرمـی پەیوەنـدی پێـوە بکـەن، چ لـە بوارەکانـی ئاسـایش چ لـە بـواری ئابـووری و تەنانـەت دیپلۆماسیشـدا.

کەواتـە دەرکەوتنـی قەوارەیەکـی نیمچـە سـەربەخۆ، کـە خاوەنـدی وەزارەت بێـت هێزێکـی سیاسـی و جوگرافـی بـە هەرێـم بەخشـی و بـە بـەراورد بـە ناوچەکانـی تـری عێـراق تایبەتمەندییەکـی پێـدا، ئـەو قەوارەیـە بـوو بـە فاکتەرێکـی گرینـگ لەنـاو هاوسـەنگییە هەرێمییـەکان، بەتایبەتـی

لەگـەڵ دەوڵەتەکانـی وەکـوو تورکیـا و ئێـران و سـوریا، کـە پارچەکانـی تـری کوردسـتانیان بـە خۆیانـەوە لکانـدووە.

لـە ٤ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٩٢ توانـرا لـە ڕێگـەی پەرلەمانـەوە یەکـەم کابینـەی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان دابمەزرێ، بەوەش گەلی کوردسـتان پـاش چەندیـن دەیە جارێکی تر بە دەسـەڵات و فەرمانڕەوایی کورد شـادبۆوە.

ئـەم یەکەمیـن کابینەیـەی حکومەتـە لـە ڕێگـەی هاوپەیمانێتـی نێـوان هێـزە سـەرەکییەکانی کوردسـتان و چەنـد وەزیرێکـی بێلایـەن پێکهـات.

بـەو شـێویە توانـرا لـە هەرێـم دەسـتکەوتێکی پـڕ بایـەخ و گـەورە بـۆ کـورد کـە لـە مێـژوودا دەسـتەبەر بکرێـت، کـە هەرگیـز هاوشـێوەی نەبـوو، چونکـە ئـەو حکومەتـە بـوو بـە بنەمـای چەسـپاندنی فەرمانڕەوایەتـی خۆماڵـی نەتـەوەی کـورد و لـە ئایندەشـدا دەتوانـرێ بـە هۆیـەوە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان ببێـت بـە واقیـع.

یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم توانی تەمەنێکی کورتی یەك ساڵە بەڕێ بکات و دوای ئەوە دووەمین کابینە لە ساڵی ١٩٩٣ بە بڕیاری ژمارە ٢٢ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان متمانەی پێ درا و دەست بەکار بوو.

لە ئایاری ١٩٩٤ ئاشـوبی شـەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد و لە ئەنجامی ئەو شـەڕە دابەشـبوون و بەهۆی دابەشـبوونی حکومەتیشـەوە دوو ئیدارەیـی لـە هەولێـر و سـلێمانی درووسـتبوو. ئەنجامەکانـی ئـەم دیـاردە نەرێنییـە کـە کاریگـەری زۆر خراپـی هەبـوو لەسـەر ئەزموونـی نوێی حوکمڕانـی لـە هەرێـم، بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە دە سـاڵ بەردەوامـی هەبـوو، دواجـار ئاسـەوارێکی نەرێنـی لەنـاو هـزری گەلی کوردسـتان بەجێهێشـت.

## ڕێککەوتننامەی مێژوویی واشنتۆن

ئاشووبی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو هێزی سەرەکی باشووری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٤ تاوەکوو ساڵی ١٩٩٧ بەردەوامی هەبوو.

ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بە ئامانجی یەکخستنی لایەنە نەیارەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق، سەرۆك مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بانگهێشتی واشنتۆن کرد.

بۆ دابینکردنی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان هەردوو سەرکردە بە ئامادەبوونی خاتو مادلین ئۆڵبرایت - وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕێککەوتننامەی واشنتۆنیان لە ١٩٩٨/٩/١٧ سەبارەت بە ئاشتبوونەوەی نێوان هەردوو هێز و یەکخستنەوەی پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزاکرد.

ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) تەسدیق کرا و لە ٢٠٠٢/١٠/١٦ بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس، دەرهێنرا، تا بەرکاربێت و لە ڕۆژنامەی ڕەسمی (وەقایعی کوردستان) بڵاوبکرێتەوە.

ڕێککەوتننامەی واشنتۆن توانی دواجار لەسەر ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کارگێڕی و یاسایی (حوکمڕانی) بەرهەمی هەبێت و دۆزی کورد لەسەر ئاستی نە تەنیا عێراق، بەڵکوو لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش بەرەوپێش بردنی ببات.[1]

---

(١) یاسای ژمارە ١٦ یاسای تەسدیقکردنی رێکەوتننامەی واشنتۆن بۆ دابینکردنی

دواتــر ئــەم ڕێککەوتننامەیــە بــووە هــۆکاری کۆتاییهێنــان بــە دوو ئیدارەیـی و یەکگرتنـەوەی حکوومـەت، هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و کۆمەڵایەتیشـدا ئـەم ڕێککەوتننامەیـە زۆرتریـن کاریگـەری هەبـوو لەسـەر یەکانگیریــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی.

بە مانایەکی دیکە، ڕێککەوتننامەی واشنتۆن فاکتەری سەرەکیی گەشەسەندنی پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی بوو لە هەرێمی کوردستان.

ئاشـتی لـە هـە رێمـی کوردسـتان عێراقـدا کـە لـە نێـوان هـەردوو سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ویەکیتـی نیشـتمانیی کوردسـتاندا بـەستراو،
https://www.yasaii.info/2a/item/233-ii.html

**پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا دوای ڕاپەڕین**

دارمانـی یەکێتـی سـۆڤیەت بـووە هـۆکاری کۆتاییهاتـن بـە جەنگی سـارد بازنـەی نێودەوڵەتـی گۆڕانـکاری بەسـەردا هـات و ئەم دۆخە نوێیە پێویسـتی بـە دیسـکۆرس و پارادایمـی نوێـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی بوو.

چەندیـن تیـۆری نـوێ گەڵاڵەکـران و ڕەهەنـدی نـوێ خرانـە بـەر بـاس و خـواس، تـا لەگـەڵ سیسـتەمی نوێـی جیهانـی بگونجێنرێـن.

سـەرجەم ئـەو وڵاتانـەی لـە ژێـر کاریگـەری سیسـتەمی دوو جەمسـەری بـوون، دووچـاری قەیـران و کێشـەی ناوخۆیـی بـوون. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بـێ بـەش نەبـوو لـە کاریگـەری ئـەو گۆڕانکارییـە نێودەوڵەتییـە گەورەیـە.

ئـەم قۆناغـە نوێیـە دەرفەتێکـی باشـی بـۆ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ڕەخسـاند، بـە هـۆی پێگـەی بـاڵای لـە سیسـتەمی جیهانـی و ڕۆڵـی لـە دارشـتنی سیاسـەتی هەرێمیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئەجێنـدای خـۆی بـە پێـی بەرژەوەندییەکانـی جێبەجـێ بـکات.

ڕۆژئـاوا بـە گشـتی و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـە تایبەتـی پێـش داگیرکردنـی کوێـت لـە لایـەن عێراقەوە بـە سیاسـەتێك کاریـان دەکرد، کـە نابێـت بـە هـۆی کـورد دەسـتێوەردان لەکاروبـاری عێـراق بکرێـت، چونکـە سـەرهەڵدانی دۆزی کـورد لـەو وڵاتـە دەبێتـە مایـەی ناسـەقامگیری ناوچەیـی و کاریگـەری لەسـەر وڵاتانـی وەکـوو تورکیـا و ئێـران و سـوریا دەبێـت. هـەر بۆیـە لـەو کاتانـەی ڕژێمـی بەغـدا سیاسـەتی پاکتـاوی دژ بـە گەلـی کوردسـتان پەیـڕەو دەکـرد، ئـەو وڵاتانـە بـێ دەنگییـان هەڵبـژارد و ئـەو تاوانکاریانـەی بەعسـیان بـە کێشـەی ناوخۆیـی دەخوێنـدەوە.

لـە پێـش ڕاپەڕیـن و پـاش کـۆڕەوە یـەك ملیۆنییەکـەی گەلـی کوردسـتان، قۆناغێکـی نوێـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئەمریـکا و کـورد درووسـت بـوو، ئـەوە بـوو بـۆ پاراسـتنی گەلـی کوردسـتان بڕیـاری قەدەغەکردنـی چالاکـی ئاسمانـی هێزەکانـی عێـراق لەلایـەن هەریـەك لـە فەرنسـا و بەریتانیـا و ئەمریـکا دەرکـرا، ئـەوەی بـە هێڵـی ٣٦ ناوبـرا، ئاسمانـی ناوچەکـە لەلایـەن فڕۆکـە جەنگییەکانـی ئەمریـکا و بەریتانیـا کـە بنکـەی ئینجەرلێـك لـە تورکیـا نیشـتەجێ کرابـوون، بـە بەردەوامـی چاودێـری دەکـرا و پرسـی کـورد لـە ناوچەکـەدا حیسـابی زیاتـری بـۆ کـرا، ئەگەرچـی دیاریکردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان کـورد و ئەمریـکا هەمیشـە بـە گۆڕاوێکـی سـەربەخۆ و پرسـێکی تـرەوە گرێدرابـوو، نـەوەك بـە خـودی هەرێمـی کوردسـتان.

هـۆکاری هەڵدانـەوەی لاپەڕەیەکـی نـوێ لـە پەیوەنـدی نێـوان کـورد و ئەمریـکا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کۆچـە بـە کۆمەڵـەی دوای سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی سـاڵی ١٩٩١ بـەرەو سـنوورەکانی ئێـران و تورکیـا، کـە لەلایـەن میدیـا جیهانییەکانـەوە چاودێـری دەکـرا، هەروەهـا جـۆن مەیجـەر و فرانسـوا میتیـران ڕۆڵـی سـەرەکیان گێـڕا لـە فشارخسـتنە سـەر ئەمریـکا بـۆ هاوکاریکردنـی کـورد و گۆڕینـی سیاسـەتی خـۆی بەرامبـەر بـە عێـراق.

بـەو شـێوەیە پرسـی کـورد فۆرمێکـی نێودەوڵەتـی لەخۆگـرت و نەوایەکـی ئـارام بـۆ کـورد دەستەبەرکرا، ڕژێمـی بەغـدا ئـەو هەنگاوەی بـە پێشـێلکردنی سـەروەری عێـراق دانـا، بـەڵام ئەمریـکا و بەریتانیـا دەسـەڵاتی بەغدایـان هۆشـدارکردەوە، کـە نزیکبوونـەوە و بەزاندنـی هێڵـی ٣٦ لەلایـەن فڕۆکەکانـی عێـراق قەدەغەیـە و هـەر هەنـگاوێ لـەو شـێوەیە بنرێ، بـێ وەڵامـی سـەربازی نامێنێتـەوە.

پاش دامەزرانی حکومەتی هەرێم لەساڵی ١٩٩٢ ئەمریکا و وڵاتانی دۆست پشتیوانی خۆیان بۆ پاراستنی ئەو ئەزموونە نوێیەی کوردستان دەربڕی. بەڵام دوای ساڵی ١٩٩٤، کاتێ لە کوردستان گرفت و گرژییەکان زیادیان کرد و بەرەو جەنگی ناوخۆیی چوون، ئەو وڵاتانە دڵساردبوون و لە بەرامبەردا هەر یەك لە وڵاتانی داگیرکاری کوردستان ئەو دۆخە ناهەموارەیان بە دەرفەت زانی، بۆ فراوانکردنی هەژموونیان بەسەر هەرێمی کوردستان.

لای خۆیـەوە ئەمریـکا، بـە تایبەتـی مادلیـن ئۆلبرایـت، وەزیـری دەرەوەی ئەوکاتــە، بــەردەوام جەختــی لەســەر پێویســتی ئاشــبوونەوەی لایەنــە کوردییــەکان دەکــرد، تـا شـەڕی ناوخـۆ کۆتایـی بێـت، چونکـە شـەڕ بـووە هـۆکاری ئـەوەی بۆشـاییەکی ئاسایشـی درووسـت بێـت و گـروپ و تاقمـی تـری توندئـاژۆ سـوودی لـێ وەربگـرن.

لـە سـەرەتادا ئەمریـکا لـە دیدگایەکـی مرۆیـی دەیڕوانییـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـەی نـەوای ئـارام و کـەمتر دەسـتی هـاوکاری پێشـکەش بــە حکومەتــی هەرێــم دەکــرد، دوای هەوڵــە نەزۆکەکانــی دەزگای هەواڵگـری ئەمریـکا بـۆ ڕەووخاندنـی ڕژێمـی بەغـدا لـە ڕێگـەی کوردەتـای سـەربازییەوە، ئیـداری جـۆرج بۆشــی کــوڕ بیــری لــە بەکارهێنــان و هاوکاریکردنــی کــورد کــردەوە بــۆ ڕووخاندنــی ڕژێــم.

ئەوەبــوو لــە ئەیلوولــی ســاڵی ١٩٩٨وە ئەمریــکا دووبــارە لــە کــورد نزیـك بـووەوە و سـەرکردایەتی هـەردوو هێـزی سـەرەکی بـۆ ئەنجامدانـی ڕێککەوتننامــەی ئاشــتی بانکهێشــتی واشــنتۆن کــرد.

لەوکاتـەوە ئەمریـکا ئـیتر هەوڵەکانی چڕ دەکـردەوە بـۆ لێکنزیکردنەوەی هـەردوو حزبی سـەرەکی لە کوردسـتان.

لەگـەڵ ئـەوەی لـە ٣١ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٩٨ کۆنگرێسـی ئەمریـکا بڕیـاری پرۆسـەی ئازادکردنـی عێراقـی دەرکـرد، بـەڵام بـە کـردار هیـچ هەنگاوێکـی بەرچـاوی نەنـا.

بـە ڕوودانـی کارەسـاتی ١١ی ئەیلوولـی سـاڵی ٢٠٠١ سیاسـەتی ئەمریـکا بەرامبـەر بـە کـورد لـە پەیوەندییەکـی مرۆییـەوە گـۆڕدرا بـۆ پەیوەندییەکـی دامەزراوەیـی و فەرمـی.

ئەمریـکا داوای لـە کـورد کـرد، هـاوکاری بێـت لـە ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام، لەبەرامبـەردا کـورد داواکاری پاراسـتنی هەرێـم و ڕەزامەنـدی دەربـڕی لـەوەی، ئەمریـکا پشـتیوان بێـت لـە دروسـتبوونی سیسـتەمی فیدڕاڵـی لـە عێـراق. ئـەوە بـوو پەیوەندییەکانـی هـەردوولا بـەرەو قۆناغێکـی زۆر بـاش چـوو کـە بـەر لەوکاتـە کـورد هەرگیـز ئـەو پێگەیـەی لەنـاو سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا نەبـوو.

پـاش هێرشـکردنی ئەمریـکا بـۆ سـەر ئەفغانسـتان، ئەمریـکا عێراقـی خسـتە نـاو لیسـتی ئـەو وڵاتانـەی هەڕەشـەی سـەرەکیین بـۆ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، چونکـە عێـراق ئامـادە نەبـوو، بەرنامـەی چەکـی کۆمەڵکـوژی خـۆی بخاتـەڕوو، ئـەوە بـوو جـۆرج بوشـی کـوڕ پڕۆژەیەکـی ڕاگەیانـد کـە مافـی هەیـە، هێـرش بکاتـە سـەر ئـەو وڵاتانـەی مایـەی مەترسـین بـۆ سـەر بەرژەوەندییـە باڵاکانـی ئەمریـکا.

بـوش پێـی وابـوو بـە لەناوبردنـی ڕژێمـی بەعـس دەکـرێ مۆدێلێکـی نوێـی دیموکـرات لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت درووسـت بێـت کـە دەتوانـێ ببێتـە مایـەی لاوازبوونـی ڕژێمـی بەعـس لـە سـوریا و بـەو شـێوەیە ئاسـتی ئاسایشـی ئیسرائیـل بەرزدەبێتـەوە و کـورد دەتوانـێ لـەو پڕۆژەیـەدا ڕۆڵـی

ئەرێنی بگێڕێ، پاش ئەوەی هەردوو پارتی سەرەکی لە کوردستان دیدگای هاوبەشیان هەبوو بۆ قۆناغی دوای ڕووخانی سەدام کە بریتی بوو لە مافی فیدراڵی بۆ ناوچە کوردستانییەکان لە چوارچێوەی عێراق و دواتریش مافی سەربەخۆیی.

لە ئاداری ٢٠٠٣ جۆرج بوشی کوڕ بۆ یەکەم جار پشتگیری خۆی بۆ فیدراڵیزم کرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، پێوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا بەرەو پێشەوە بچێت و ئەمریکا بەردەوام بێت لە پاڵپشتیکردنی کورد.

کاتێ ئەمریکا مەبەستی بوو لە ٢٠٠٣ هێرش بکاتە سەر عێراق، تورکیا وەکوو ئەندامێکی ناتۆ ڕازی نەبوو، خاکی وڵاتەکەی بەکاربهێنرێ بۆ ئەو هێرشە، لە بەرامبەردا کورد بواری بۆ ئەمریکا ڕەخساند لەسەر خاکی کوردستانەوە ئۆپەراسیۆنەکان دژ بە ڕژێمی سەدام ئەنجام بدرێن و بەو شێوەیە کورد توانی ڕۆڵی هاوپەیمانی سیاسی و سەربازی بگێڕێ و ببێت بە خاوەندی سەنگی بەهێزی خۆی.

سەرۆک مەسعود بارزانی هەوڵی دا بۆ پتەوترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا، تەنیا لەو ماوەیە تاوەکو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ نزیکەی حەوت جار لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا کۆبووەوە، هەروەها هەرێمی کوردستان هاوکاری سیاسەتەکانی ئەمریکا بوو لە عێراق و ناوچەکە.

## پەیوەندییەکانی کورد و فەرەنسا دوای ڕاپەڕین

ڕاستە پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کوردستان و وڵاتی فەرەنسا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بە تایبەتی لە ڕێگەی ڕۆشنبیرانی کورد کە لەو وڵاتە نیشتەجێ بوون، بەڵام لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەو پەیوەندییانە ئاستێکی تر لە خۆ دەگرن و ڕوو لە پەیوەندی نێودەوڵەتی نێوان دوو یەکەی دەوڵەتی دەکەن.



بە هاناوە هاتنی فەڕەنسا لە ڕۆژانی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی ساڵی ١٩٩١، کە خودی خاتوو میتران سەرەڕای هەوڵەکانی ئێران بۆ ڕێگریکردن و نەپەڕینەوەی ئەو لە سنووری دەستکردی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام خۆی گەیاندە ناو جەماوەری کوردی هەڵاتووی دەستی ستەمی ڕژێمی بەغدا، لەوێ لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی کۆبوویەوە. ئەم کۆبوونەوەیە لە مێژووی سیاسی کوردستان بە گرنگترین کۆبوونەوە هەژمار دەکرێ، چونکە کۆبوونەوەکە بووە هۆی

ئـەوەی فەڕەنسـا و لـە زمانـی سـەرۆکەکەی، فڕانسـوا مـیتران، بـە جیهانـی دەرەوە بڵـێ:» ئەگـەر بـە تەنیـاش بیـن، بـە هانـای میللەتـی کـورد دەچیـن، کـە لـە بـەردەم هەڕەشـەی لـە ناوچوونـە.”

ئـەوە بـوو لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ فەرەنسـا دەسـتی بـە هاوکاریکردنی مرۆیـی کـرد بـۆ گەلـی کوردسـتان، کـە لەوکاتـە لـە دۆخـی کـۆڕەوی بـوو لەسـەر ناوچە سـنوورەکانی باکـوور و ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، دواتر فەرەنسـا وەکـوو ئەندامـی هەمیشـەیی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتووەکان دەستپێشـخەری پـڕۆژە یاسـایەکی کـرد، تـا لـە ئەنجومەنـی ئاسـایش بڕیـاری (٦٨٨) بـۆ پاراسـتنی گەلـی کوردسـتان بدرێـت و ئیدانـەی پێشـێلکاری و کۆمەڵکوژییەکانـی ڕژێمـی پێشـووی عێـراق دژ بـە گەلـی کـورد بکرێـت نەوایەکـی ئـارام لـە باشـووری کوردسـتان دابمەزرێـت.[١]

لـە کـۆی ١٥ ئەندامـی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی ئـەوکات بـە ١٠ دەنگـی بەڵـێ و ٣ی نەخێـر و ٢ دەنگـی بێلایـەن بڕیارەکـە دەرچـوو.

بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن بــە هــاوکاری وڵاتــی فەرەنســای ســەردەمی سـەرۆك فرانسـوا مـیتران نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژووی خـۆی بڕیارێکـی لـە بەرژەوەنـدی گەلـی کـورد دەرکـرد، تـا کـورد لە هێرشـی دڕندانـە و جینۆسـاید بپارێزێـت.

سـەردانە فەرمییەکـەی سـەرۆك مەسـعود بارزانی لـە ١٠ی ئـاداری ١٩٩٢ بـۆ کۆشـکی ئەلیـزێ و پێشـوازی لـێ کردنـی لەلایـەن سـەرۆکی فەرنسـا،

(١) عەلـی دۆڵەمـەڕی، پەیوەنـدی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و فەرەنسـا، پەیوەنـدی-نێوان-هەرێمی-کوردستان-و-فەرە
https://govarametin.com/gutar/

فرانسوا میتران بەمەبەستی دەستەبەرکردنی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لە عێراق بە ڕووداوێکی مێژوویی دادەنرێت.[1]

لە ١٩ی ئابی ساڵی ١٩٩٢ سەرۆك بارزانی بۆ جاری دووەم لەلایەن سەرۆکی فەرەنساوە پێشوازی لێ دەکرێت و لەو دیدارە فیدراڵییەت وەکوو چارەسەرێك بۆ کورد لە عێراقدا دەخرێتە بەر باس.

پاش ئەوەی لە هەرێم دۆخی سیاسی ئاڵۆز دەبێت و شەڕی ناوخۆ دەست پێ دەکات، فەرەنسا هەوڵی ئاشتەوایی نێوان هەردوو هێزی سەرەکی لە هەرێم دەدات.

لە ساڵی ١٩٩٨ فەرەنسا یەکەم وڵات دەبێت کە کونسوڵگەری خۆی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، فریدریك تیسۆ، کە دۆستێکی دیرینی گەلی کوردە، دەبێت بە کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێر. دەتوانین بڵێین فرانسوا میتران ودانیال میترانی هاوژینی کە بە دایکی کورد ناسراوە، لە سەروەختی خۆیاندا لە پشتیوانە هەرە کاریگەرە نێودەوڵەتییەکانی کورد بوون، تا کۆتایی ژیانیان زۆر بەخششیان پێشکەش بە گەلی کوردستان کرد.

لە قۆناغەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەغدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆشکی کۆماری و وەزارەتی دەرەوە و پەرلەمان و سێناتی فەرەنسا زۆر بەهێزبوون، گروپی دیراسەی دۆستایەتی کوردی و فەرەنسی درووست بوو، گرۆپی دۆستایەتی لە سێنات دامەزرا و لەسەر

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم، ٢٠٢٠، ل ١٣١.

ئاستی پارێزگا و زانکۆکان پەیوەندی پتەو هەیە. لە ڕابردوو سەرۆکی فەرنسا دووجار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی کۆبۆتەوە.[١]

بێجگە لەمە کۆشکی ئەلیزێ بە فەرمی پێشوازی لە هێزی پێشمەرگە کردووە، ئەمەش لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بە هێمایەکی سیمبوڵی گرینگ بۆ گەلی کورد ئەژمار دەکرێت، چونکە پێشمەرگە ڕۆڵی زۆری بینیوە لە ئازادکردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١.

(١) نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا، دیپلۆماسی و هزری سیاسی کوردستانی، ٢٠٢٣، لاپەڕە ١٥٣.
The KRG's Representation in France. (2023). Kurdistan Diplomacy and Political Thought. (Book).

## تەوەری دووەم:

### ڕۆڵی کورد لە پرۆسەی ئازادی عێراق و هاوکێشەکانی دواتر

### ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ۲۰۰۳

ئۆپۆزسیۆنی کوردی ماوەی چەندین دەیە بوو سەریهەڵدابوو و پەرەی سەندبوو، چونکە کورد ئامانجی نەتەوەیی خۆی هەبوو، کە ناکۆك بوو لەگەڵ سیستەمی ئەو دەوڵەتانەی نەتەوەی کوردی لەخۆگرتووە، هەر لە دابەشبوونی ناوچەکە و دیاریکردنی سنوورەکانی لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئەو سەردەمەی دواتر.

دەنگی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە عێراق لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا بە پشتبەستن بە مافی ڕەوای گەل وخەباتی بێوچانی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر زوڵاڵ بوو، ئەگەرچی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەندێ قۆناغدا پشتیوانی لە دەرەوە وەرگرتووە، بەڵام هەرگیز دەرفەتی ئەوەی بە هێزەکانی دەرەوە نەداوە، بیکەن بە داردەست و وەکوو کارتێکی سیاسی بەکاری بهێنن.

مێژووی گەلی کورد لەگەڵ ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان لە بەغدا بریتیبووە لە ئۆپۆزسیۆنێکی بەردەوام، کە بە پێی گۆڕاوە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەرز و نزم دەبوو.

دەکرێت بڵێین لەسەر ئاستی بزاڤەکانی ئۆپۆزسیۆن لەو وڵاتە کورد چالاکترین ئۆپۆزسیۆن بووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش، کاتێ پاش ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ لە ئەمریکا دەستی بە

دوورسـتکردنی هاوپەیمانێتییەکـی نێودەوڵەتـی بـۆ جەنـگ دژ بـە تیـرۆر کـرد، گرینگـی بـە ڕۆڵـی کـورد بـدات.

درووسـتکردنی ئـەو هاوپەیمانێتییـە چەندیـن تایبەتمەنـدی لەخـۆ گرتبـوو، بـۆ نموونـە:

- نواندنـی نەرمییەکـی لەڕادەبـەدەر بەهـۆی ناڕوونـی ئاڕاسـتەی ئـەو جەنگـە و زانینـی مەترسـییەکان و ئەولەویەتەکانـی ڕووبەڕووبوونـەوە کـە پێویسـتی بـە هەماهەنگییەکـی یەکخـراو لەگـەڵ سـەرجەم لایەنـەکان و هەماهەنگیکـردن لەگـەڵ لایەنـە ئۆپۆزسـیۆنەکان لـەو وڵاتانـەی، کـە پێشـتر بەرنامـەی بـە ئامانـج گرتینـان داڕێژرابـوو.
- لـەم بارەیـەوە وەزیـری بەرگـری ئەمەریـکا دۆناڵـد ڕامسـفێڵد لـە ٢٠٠١/٩/٢٧ مۆدێـل و فۆرمـە جۆراوجۆرەکانـی ڕووبەڕووبوونـەوەی لـە چوارچێـوەی هاوپەیمانـی دژ بـە تیـرۆردا ئاشـکرا کـرد و گوتـی، «ئـەم جەنگـە بـە هاوپەیمانییەکـی یەکگرتـووی گـەورە بەڕێـوە ناچێـت، بەڵکـو پێویسـتە هاوپەیمانێتـی لـە نێـوان چەنـد وڵاتێـک درووسـت بێـت، کـە هەریەکەیـان ڕۆڵـی خـۆی بگێـڕێ و هەنـدێ وڵات بـە ئاشـکرا پشـتگیریمان دەکـەن و هەندێکـی تـر، بـە هـۆکاری پەیوەسـت بـە هـۆی بارودۆخـی ناوخۆیـی خۆیـان، بـە نهێنـی هاوکارمـان دەبـن». لەمـەدا، ڕامسـفێڵد ئامـاژەی بـە دەوڵـەت و ڕێکخراوەکانـی ئۆپۆزسـیۆن دەکـرد.[1]

(1) VOA, Rumsfeld Confident Americans Will Continue to Back War on Terror - 2001-10-23, https://www.voanews.com/a/a-13-a-2001-10-23-32-rumsfeld-66437477/550639.html

- مـەودای بـێ کۆتـای ڕووبەڕووبوونـەوە بەهـۆی ناڕوونـی ئامانـج، کـە لـە کۆتاییـدا ئامانجـی بەدەسـتهێنانی ئاسـایش و ئازادییـە بـۆ گەلـی ئەمریـکا لەسـەر حسـابی هـەر شـتێکی تـر.
- ناوەندێتـی کـرداری سـەربازی لـە دەسـتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا دەبێـت، کـە جەنگەکـە بەپێـی پلانەکانـی بەڕێـوە دەبـات و ڕۆڵـی لایەنەکانـی تـر لـەو ڕێگەیـە یـەک دەخـرێ.
- ئاسـتی هـاوکاری زانیـاری و هەواڵگـری فـراوان لـە ڕێگـەی هـاوکاری دەزگا هەواڵگرییـەکان و هەروەهـا زانیـاری جەمسـەرەکانی ئۆپۆزسـیۆن لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا دەبێـت.

ئەگـەر ئـەم تایبەتمەندییانـە لەسـەر بابەتـی ئازادکردنـی عێـراق جێبەجـێ بکەیـن و بمانـەوەێ بـە داڕشـتنی پلانێکـی جێبەجێکـراو لـە بـواری جەنگـی دژ بـە تیـرۆر پێویسـتی دەکـرد، هێـزە عێراقییـەکان ڕابکێشرێنـە نـاو ئـەو هاوپەیمانێتییـە، تاپشـتگیری لـە هـەر دەسـتێوەردانێکی ئەمەریـکا بکـەن لـە داهاتـوودا لەسـەر گۆڕەپانـی عێراقـدا. کـورد لـە ڕیـزی پێشـەوەی ئـەو هێزانـە بـوو، کـە لەنـاو ئـەو هاوپەیمانێتییـە جێگـەی بـۆوە، چونکـە سەرسـەختانە دژایەتـی ڕژێمـی سـەدامی دەکـرد.

ئـەوەی بـە لای کـورد گرینـگ بـوو، بەدەسـتهێنانی دڵنیابـوون بـوو لـە ڕادەی مکوڕبوونـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لەسـەر پلانەکانـی بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێمـی سـەدام.

چونکـە هەرێمـی کوردسـتان لەوکاتـە خاوەنـدی ئیـدارە و حکومەتـی خـۆی بـوو، لـە هەمـان کاتـدا مەحـاڵ بـوو سـەرکردەکانی کـورد خۆیـان لـە

پلانەکانی ئەمریکا دووربخەنەوە، بەهۆی ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی واشنتۆن دەیگێڕا لەپاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە گەرەنتییەکی دڵنیا بوو بۆ بەدەستهێنانی زۆرێ لەو ماف و ئازادیانەی کە لەڕابردوودا لەدەستی دا بوو. لە هەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سەرکردەی سیستەمی نوێی جیهانی بوو و بێ ڕکابەر توانای کۆنترۆڵکردنی کێشەکانی جیهان هەبوو.

ئۆپۆزسیۆنی کورد هەر لەسەرەتاوە ئامادەیی خۆی دەربڕی لە چوارچێوەی ڕووخانی ڕژێمی سەدام و درووستبوونی جێگرەوەیەکی دیموکرات و بوونی کوردستان بە فیدڕاڵی کار بکات بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ئاماداکاری بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی[١]

ئەرکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو بوارەدا پاڵپشتیکردنی تواناکانی ئەمریکا دەکرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕژێمی عێراق و ناوچەکانی کوردستان زەمینەیەکی لەبار بوون بۆ هێزەکانی ئەمریکا، تا لە خاکی کوردستانەوە هێرش دژ بە ڕژێمی سەدام و تیرۆریستانی وەکوو ڕێکخراوی جوندولئیسلام دەست پێ بکەن.[٢]

(١) مەسعود بارزانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم، ل ٤٧٦.
(٢) جوندولئیسلام ڕێکخراوێکی چەکداری سەلەفی جیهادی بوو، کە لە ١ی ئەیلولی ٢٠٠١ دامەزرێنرا، چەندین کردەوەی تیرۆریستی چەکدارانەی دژ بە هێزە کوردستانییەکان ئەنجام داوە و دواتر لە ٥ی کانونەی یەکەمی ٢٠٠١ تێکەڵ بە گروپگەلێکی تری وەکوو ئیسڵاح و حەماس و تەوحید بووە و ئەنسارولئیسلامیان دامەزراندووە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕێکخراوە بڕوانە:
Jean-Charles Brisard, Das neue Gesicht der Al-Qida, Sarkawi und die Eskalation der Gewalt, Berlin, 2005, P. 142.

لـە هەمـان کاتـدا بـۆ یەکخسـتنی هێزەکانـی کـورد ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا داوای لـە بەریتانیـا و ئەڵمانیـا و تورکیـا کـرد، هـاوکاری بـن لـە چارەسـەرکردنی کێشـە ناوخۆییـەکان لـە هەرێـم. ئـەوە بـوو لـە ٢ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٠٢ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان ڕێکەوتنـی ئاشـتییان واژوو کـرد، کـە بـووە مایـەی نەهێشـتنی شـەڕی ناوخـۆ. لـە تەنیشـت ئەوەشـەوە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا هـاوکاری لۆجیسـتی و کەرەسـتەی سـەربازی نوێی پێشـکەش بـە هێـزی پێشـمەرگە کـرد، تـا بتوانـێ بـەکاری بهێنـێ، ئەگـەر لـە کاتـی هێرشـەکە لـە لایـەن عێراقـەوە هێرشـی پێچەوانـە ڕووبـدات.[1]

بەشـداربوونی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی و جلال تاڵەبانـی لـە کۆبوونەوەکانـی ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی لـە دەرەوە بـووە مایـەی سـەقامگیربوونی بارودۆخـی ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتانی و تاڕادەیـەك دەسـتێوەردانی تورکیـای لـە کاروبـاری ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتان لـەو قۆناغـە هەسـتیارە مێژووییـەدا سـنوردار کـرد. یەکخسـتنی هەوڵەکانـی هـەردوو هێـزی سـەرەکی لـە هەرێـم بـووە مایـەی سـەرکەوتنیان لـە پاڵپشـتیکردنی ئاراسـتەی ستراتیـژی هێزەکانـی ئەمریـکا، کـە لەسـەر خاکـی هەرێمـەوە دەسـتی بـە جموجـۆڵ کـرد.

سـەرکردایەتی کـورد پێـی وابـوو، پاڵپشـتیکردنی هێزەکانـی ئەمریـکا دەتوانـێ لـە ئاینـدەدا هاوکاربێـت لـە گەیشـتنی کـورد بـە ئامانجـە مێژووییەکانـی کـە بریتییـە لـە سـەربەخۆیی.

---

(١) بڕوانە پاشكۆ، یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

هـۆکاری سـەرەکی و پاڵنـەر بـۆ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، کـە هێـرش بکاتـە سـەر عێـراق دەگەڕێتـەوە بـۆ تەشەسـەندنی هێـزی چەکداری عێـراق و ویسـت و خواسـتەکانی سـەدام بـۆ بەدەسـتهێنانی هەمـوو جـۆرە وزە و هێزێـک بـۆ بەهێزبـوون، ئەمـەش ترسـی لـە دڵـی ئەمریکییـەکان درووسـت کـرد، بۆیـە ئیـدارەی جـۆرج بوشـی کـوڕ دەوڵەتـی عێراقـی بـە هەبوونـی چەکـی کۆکـوژ و وێرانکـەر تۆمەتبـار کـرد.

سیاسـەتمەدارە ئەمریکییـەکان بـە ئاشـکرا ڕژێمـی سـەدامیان تۆمەتبـار دەکـرد کـە هـاوکاری ئەلقاعیـدە دەکات دژ بـە ئەمریـکا و هاوپەیمانانـی.

ئەگەرچـی زۆر جـار بـاس لـەوە دەکـرا، کـە هـۆکاری هێرشـەکەی ئەمریـکا بـۆ سـەر عێـراق دەگەڕێتـەوە بـۆ ویسـتی ئەمریـکا لـە ڕووخاندنـی دەسـەڵاتی دیکتاتـۆری عێـراق و دامەزراندنـی حکوومەتێکـی دیموکراسـی.

ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ مێـژوو دەبینیـن لـە پێـش هێرشـەکەی ئەمریـکا بـۆ ڕزگارکردنـی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٢ بڕیـاری سـەرۆکی هێزەکانـی هاوپەیمانـان بـۆ لەناوبردنـی چەکـە دژەئاسمانییەکانـی عێـراق دەرچـوو. لـە ٢٠٠٢/١٠/١١ ئەنجوومەنـی پیرانـی ئەمریـکا بڕیـاری بـە هێـرش دا.

بڕیارەکـە بەپێـی دەسـتووری ئەمریـکا و کۆنگرێسـی ئەمریـکا بـە سـەرۆکایەتی جـۆرش بـوش بـوو، بـۆ شـەڕکردن دژی هـەر مەترسـییەك کـە ڕووبـەڕووی ئەمریـکا دەبێتـەوە، ئـەوەش بەپێـی یاسـای ڕزگارکردنـی عێراقـی سـاڵی ١٩٩٨، کـە یاسـاکە جەخـت دەکاتـەوە لـەوەی دەبێـت حکوومەتـی عێـراق بڕوخێندرێـت و سـەدام حوسـێن سـزا بدرێـت. لـە ٢٠٠٢/١٠/١٦ جـۆرش دەبلیـو بـوش واژووی لەسـەر ئامادەکردنـی سـووپا کـرد بـۆ جەنگـی عێـراق.

پێشتر کۆلن پاوڵ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە چەند وتارێکیدا پشت بەست بە زانیاری و ڕاپۆرتەکانی کەسانی وەکوو ئەندازیار ڕافد ئەحمەد علوان جەنابی، کە لەساڵی ١٩٩٩ عێراقی بەجێهێشتبوو و لە ئەڵمانیا ڕەگەزنامەی پێ درا و نازناوی Curveball یان پێ دابوو، ڕوونی کردبووەوە، کە عێراق خاوەنی چەندین وێستگە و تاقیگەی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی قەدەغەکراوە. ئەگەرچی لە دوای جەنگەکە هیچ چەکێکی کۆکوژی ناوەکی بوونی نەبوو و بەهۆی ئەمەشەوە چەندین دەنگی ناڕەزایەتی لە دەرەوە و ناوەوەی ئەمریکا سەری هەڵدا.

هەریەک لە ئەمریکا و بەریتانیا و پۆڵەندا و ئوستralیا لە ٢٠٠٣/٣/١٩ (بە هێزی ئاسمانی) و لە ٢٠٠٣/٣/٢٠ (بە هێزی زەمینی) تا ماوەی مانگێک و چەند ڕۆژێک هێرشیان کردە سەر عێراق، لە ٤/٩ هێزەکانی هاوپەیمانان شاری بەغدایان داگیرکرد، بەڵام هیچ شوێن پێیەکی لە سەدام نەدۆزرایەوە،

دواتریش لە ١٣ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣ لە ئۆپەراسیۆنی (Operation Red Dawn) سپێدەی سوور سەدام حوسێن دەستگیرکرا.

لە ٢٠٠٣/٥/١ سەرۆکی ئەمریکا، جۆرج بوش، ڕایگەیاند؛ یەکەمین قۆناغی جەنگی گەورە کۆتایی پێهاتووە.

لە نێوان ئاداری ٢٠٠٣ تاوەکوو مانگی ئایاری ٢٠٠٣ هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا زیاتر لە ١٧٧ هەزار سەربازیان ڕەوانەی عێراق کرد، ١٣٠,٠٠٠ ئەمریکی و ٤٥,٠٠٠ بەریتانی و ٢٠٠٠ ئوسترالی و ١٩٤ پۆڵەندی بوون.

دواتــر ٣٤ وڵاتــی دیکــە بەشــداری جەنگەکەیــان کــرد، پێــش ئەمانــە ئەمریـکا لـە ٢٠٠٣/٢/١٨ زیاتـر لـە ١٠٠ هـەزار سـەربازی لـە کوێـت جێگیـر کردبــوو، هەمــوو ئەمانــە لەلایــەن هێزەکانی پێشــمەرگە لە هەرێمــی کوردســتان و ناوچەکانــی دەوروبــەری هەرێــم هــاوکاری دەکــران.

دوای ئــەوەش یەکەمیــن دەســەڵاتی کاتــی دامــەزرا، کــە پێــی دەوتــرا «دەســەڵاتی هاوپەیمانــی کاتــی» و هەتاوەکــوو یەکەمیــن هەڵبــژاردن لــە ٢٠٠٥ بــەردەوام بــوو.

بڕیـاری ڕووخانـی ڕژێمـی بەعس لـە ستراتیـژی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا و بەشــداریکردنی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لــە پــاڵ هێزەکانــی هاوپــەیمان لــە ســاڵی ٢٠٠٣ لــە شــەڕی دژ بــە ســەددام و دواتریــش چەســپاندنی فیدراڵییەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقێکــی فیــدراڵ لــە ســاڵی ٢٠٠٥ پێگەیەکــی جیۆستراتیــژی بەخشــییە هەرێمــی کوردســتان.

**ماف و پێگەی کورد لەناو دەستوری ساڵی ٢٠٠٥**

ئەگەرچی کورد لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا تووشی تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید بوو و هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی ناسنامە و کەلتووری درا، بەڵام دواجار سیستەمی دیکتاتۆری لە عێراق وەك هەر دیکتاتۆرێکی تری ئەم جیهانە تووشی چارەنووسی چاوەڕوانکراوی خۆی بوو.

بۆیە پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ گەلی کوردستان بە هیوایەکی زۆرەوە بەشداری کارای هەبوو لە دووبارە دارشتنەوەی دەوڵەت و سیستەمی دەستوری عێراقدا، کورد دەنگی بۆ ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتیەدا، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕاپرسی لە لایەن زۆرینەی گەلی عێراق پەسەند کرا، کورد لەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییە چەندین مافی دەستووری بۆ جێگیربوو، لە وانە دانان بە ناسنامە و زمان و کەلتوور و قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

ئاشکرایە دەستوور یان یاسای بنەڕەتی بە یاسای باڵای دەوڵەت دادەنرێت کە لە ڕێگەیەوە شێوەی دەوڵەت و حکومەتەکەی و سیستەمی حوکمڕانی و سرووشتی دەسەڵاتەکان و تواناکانیان و پەیوەندییەکانی نێوانیان و سنوورەکانیان، هەروەها مافەکانی هاووڵاتی و دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی ئەو مافانە بۆی دیاری دەکرێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی عێراق و دەستورەکانی ئەوا لەدوای دروست بوونی دەوڵەتی نوێی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بەو دەوڵەتەوە، لە ٢١ی ئاداری ١٩٢٥ یەکەم دەستور بە ناوی قانون ئەساسی نووسرایەوە.[١]

---

(١) القانون الاساسي لعام ١٩٢٥،

لـەو سـەردەمە کـە سـەردەمی پاشـایەتی بـوو، مافـی کـورد لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە نادیـدە گیـرا، ئەگەرچـی لەچەنـد شـوێنێکدا بـاس لـەوە کرابـوو، کـە پێکهاتەکانـی عێـراق یەکسـانن و جیـاوازی لەنێوانیانـدا ناکرێـت و پێکهاتــەکان مافــی ئەوەیــان هەیــە خوێندنــگای تایبــەت بەخۆیــان هەبێـت، ئـەم دەسـتورە ٤٠ جـار هەموارکرایـەوە، دواهەمیـن جـار لەسـاڵی ١٩٤٣ بـوو کـە مـادەی ١٢٥ هەموارکرایـەوە. بـەڵام لـە قۆناغەکانـی دواتـردا لەدەســتوردا دان بەمافــی کــوردا نــراوە، ئەگەرچــی ئــەو مادانــەش وەك خۆیـان جێبەجـێ نەکـراون، بـۆ نموونـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـوزی سـاڵی ١٩٥٨ کـە تێیـدا سیسـتمی حوکمڕانـی لـە پادشـایەتیەوە گـۆڕدرا بـۆ کۆمـاری، دەسـتورێکی کاتـی نـووسرا کـە بریتـی بـوو لـە ٣٠ مـاددە و لەمـادەی ٣ی ئـەو دەسـتورەدا بـە دەق هاتـووە:

«دەوڵەتــی عێــراق لەســەر بنەمــای هــاوکاری تــەواوی هاوڵاتیەکانــی دادەمەزرێـت، بەرێزگرتنـی مافەکانیـان و رێکخسـتنی ئازادیەکانیـان، عەرەب و کـورد هاوبەشـن لـەم وڵاتـەدا ئـەم دەسـتورە دان بەمافـە نەتەوەیەکانیاندا دەنێـت لەچوارچێـوەی یەکێتـی عێراقـدا».[١]

لـەدوای کودەتاکـەی ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ کـە تێیـدا عەبدولکەریـم قاسـم کـوژرا و عەبدولـسلام عـارف دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت،[٢] دەسـتورێکی

https://constitutionnet.org/sites/default/files/basiclawof1925.pdf

(1) https://www.betnahrain.net/Arabic/Documents/IC1958.htm

(٢) لـە بەرەبەیانـی ڕۆژی ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ بەغـدا بومباردومـان کـرا، دواتـر دەرکـەوت، کـە کودەتایەکـی سیاسـی دژ بـە زەعیـم عەبدولکەریـم قاسـم ئەنجـام دراوە، بـێ ئـەوەی ببرێتـە بـەردەم دادگا لەگەڵ هـاوکارە نزیکەکانی لەناو ئێزگـەی ڕادیۆی بەغدا دەسـترێژکرا و کوژرا.دەسـەڵاتدارانی نـوێ بریتـی بـوون لـە هاوپەیمانێتـی هێـزە عەرەبە ناسیونالیسـتەکان: بەعسـییەکان، ناسرییـەکان و قەومییـەکان. بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە:

نـویێ لـه عێـراق لـه ١٩٦٤/٥/١٠ نووسرایـەوە، دواتـر لەسـەردەمێکدا کـه عەبدولـڕەحمان بـەزاز سـەرۆك وەزیـران بـوو لـه مانگـی ئـاب و ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦٥ پێنـج مـادەی دەسـتورەکەی هەموارکـردەوە لەناویانـدا مـادەی ١١٩ بـوو، کـه بـه ئاشـکرا دانـی بەمافـی گەلـی کـورد نـا، مـادەی ١١٩ بـەم شـێوەیە نوسرایـەوە:

«عێراقیـەکان لەبـەردەم یاسـادا لـه مـاف و ئەرکـدا یەکسـانن، جیـاوازی لەنێوانیانــدا ناکرێــت لەســەر بنەمــای ڕەگــەز و زمــان و ئایــن، هەمــوو هاووڵاتیـان یارمەتیـدەر دەبـن بـۆ پارێـزگاری لـه قـەوارەی ئـەم نیشـتمانە، لەناویشـاندا عـەرەب و کـورد، ئـەم دەسـتورە دان بـە مافـە نەتەوەیەکانیـان دەنێـت لەچوارچێـوەی یەکێتـی عێراقـدا».[1]

پـاش ئـەوەی لـه سـاڵی ١٩٦٨ حزبـی بەعـس هاتـه سـەر دەسـەڵات هەمـان ئـەو دەقـەی مـاددەی ١١٩ی سـاڵی ١٩٦٥ی کۆپـی کـردەوە و بـێ دەسـتکاری و لـه ژێـر مـاددەی ٢١ داینـا.

جێـی ئاماژەیـە، ئـەم دەسـتورە لـه ٢١ی ئەیلوولـی ١٩٦٨ نـووسراوە و بریتـی بـوو لـه ٩٥ مـاددە.

بەعسـیەکان لەسـاڵی ١٩٧٠ دا دەسـتورێکی نوێیـان نووسـیەوە کـە لە ٦٧ مـادە پێکهاتبـوو، لـەو دەسـتورەدا کـه بـه دەسـتوری کاتـی ناوزەدکـرا و لـه

Hana Batatu, The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq: A Study of Iraq's Old Landed and Commercial Classes and of Its Communists, Ba'thists and Free Officers, New Jersey 1978, P.974ff.

(١) الحسيني، قصي حبيب (٢٠١٦). قراءات في دساتير العراق. ص. ٢٩.
https://down.ketabpedia.com/files/bnr/bnr29282-1.pdf

١٩٧٠/٧/١٦ لەلایـەن ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شۆرشـی حزبـی بەعسـەوە بڕیـاری لەسـەردرا لـە مـادەی ٥ بڕگـەی (ب) هاتـووە:[١]

«گەلـی عێـراق لـە دوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد پێکدێـت و ئـەم دەسـتورە دان بەمافـە نەتەوەیەکانـی کـوردا دەنێـت لـە چوارچێـوەی یەکێتـی عێراقـدا.»[٢]

هەروەهـا لـە مـادەی ٧ بڕگـەی دوو هاتـووە: « زمانـی کـوردی شـان بەشـانی زمانـی عەرەبـی زمانـی فەرمیـە لـە ناوچـە کوردیەکانـدا».[٣]

ئـەم دەسـتورە لـە ١٩٧٤/٣/١١ هەموارکرایـەوە و بڕگەیـەك بـۆ مـادەی هەشـت زیادکـرا و تێیـدا هاتـووە:

«ئـەو ناوچانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی کـوردە حوکمـی زاتیـان دەبێـت وەك ئـەوەی یاسـا دیـاری دەکات».[٤]

لـە پـڕۆژە دەسـتوری عێـراق لـە سـاڵی ١٩٩٠ دا لـە مـاددەی شەشـەم و حەوتـەم هاتـووە؛ «گەلـی عێـراق لـە عـەرەب و کـورد پێـك دێـت و دەسـتور دان بـە مافـی نەتەوەیـی کـورد دەنێـت» و «زمانـی عەرەبـی زمانـی فەرمییـە و زمانـی کـوردی لـە تەنیشـت زمانـی عەرەبـی فەرمـی دەبێـت لـە ناوچەکانـی ئۆتۆنۆمـی.»[٥]

---

(١) بڕوانە پاشکۆ سەبارەت بە دەقی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان
(٢) دستور جمهورية العراق المؤقت، ١٩٧٠/٧/١٦
https://constitutionnet.org/sites/default/files/interim_constitution_of_1970.pdf
(٣) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٠١
(٤) الدستور المؤقت لعام ١٩٧٠ /https://www.sjc.iq/view.81
(٥) مشروع دستور العراق، تموز ١٩٩٠م
https://constitutionnet.org/sites/default/files/draft_constitution_of_1990.pdf

لـەدوای پرۆسـەی ئـازادی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٣دا لەلایـەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتیـەوە، دەسـتورێکی کاتـی بـۆ بەڕێوەبردنـی عێـراق لەسـاڵی ٢٠٠٤ دانـرا و تێیـدا چەنـد مافێـك بـۆ کـورد دیاریکـراو و بـووە بـەردی بناغـەی دەسـتوری هەمیشـەیی؛ دواتریـش لـە سـاڵی ٢٠٠٥ دەسـتوری هەمیشـەیی عێـراق بڕیـاری لەسـەردرا، لـەو دەسـتورەدا و لەچەنـد مادەیەکـدا دان بەمافـی کـورد نـراوە، لەمـادەی ٤ بڕگـەی یەکـدا هاتـووە:

«زمانەکانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لەعێراق».

هەروەهـا و ئـەو بوارانـەش دیاریکـراوە، کـە تێیانـدا زمانـی کـوردی لەگـەڵ زمانـی عەرەبـی بەکاردەهێندرێـت.[1]

لەمـادەی ١١٧ دا دانراوە بـە هەرێمـی کوردسـتان وەك هەرێمێکـی فیدراڵـی، لەمـادەی ١٢٠ دا مافـی بەهەرێمـی کوردسـتان داوە، دەسـتورێکی تایبـەت بەخـۆی بنووسـێتەوە، بەمەرجێـك پێچەوانـەی بڕگەکانـی دەسـتوری هەمیشـەیی عێـراق نەبێـت.

لەمـادەی ١٢١ ، بڕگـەی یەکـەم، دەسـەڵاتی بـە هەرێمـی کوردسـتان داوە، دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری تایبـەت بەخـۆی هەبێـت، لەهەمـان مـاددە و لـە بڕگـەی دووەمـدا دەسـەڵاتی بـە هەرێمـی کوردسـتان داوە یاسـاکانی حکومەتـی فیدراڵـی هەمـوار بکاتـەوە.

لەمـادەی ١٢٦، بڕگـەی چـوارەم، هاتـووە هـەر هەموارێکـی دەسـتور نابێـت دەسـەڵاتەکانی هەرێمـەکان کـەم بکاتـەوە، لەچەنـد مادەیەکـی تـری دەسـتورەکەدا مافـی هەرێمـەکان و دەسـەڵاتەکانیان و بەشـداریان لەبەڕێوەبـردن و سـامانە سروشـتیەکانی عێراقـدا دیـاری کـراوە.

---

(١) دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥م /https://www.sjc.iq/view.77

### کورد لەناو هاوکێشەی عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس

ڕووخانــی ڕژێمــی ســەدام حوســێن لــە نیســانی ٢٠٠٣ خاڵێکــی وەرچەرخـان بـوو لـە مێـژووی هاوچەرخـی عێراقـدا، بەتایبەتـی بـۆ کـورد. ئـەم ڕووداوە کۆتایـی بـە دەیـان سـاڵ ململانێـی خوێنـاوی لەگـەڵ ڕژێمـی ناوەنـد هێنـا و دەرگای بـۆ کـورد کـردەوە بـۆ بەشـداریکردن لـە بنیاتنانـی عێراقێکـی نـوێ لەسـەر بنەمـای فیدراڵـی.

بۆیـە تێڕوانینـی کـورد بـۆ دەوڵەتـی عێـراق لـەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ بریتـی بـوو؛ لـە بنیاتنانـی دەوڵەتـی فیدراڵـی و درووسـتبوونی ناسـنامەیەکی نیشـتمانی عێراقـی کـە گونجـاو بێـت لەگـەڵ چەسـپاندنی کۆڵەکەکانـی سیسـتەمی نوێ و پاراسـتنی (دیموکراسـی) و چارەسـەرکردنی کێشـەی ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی گەلـی کوردسـتان لەنـاو دەوڵەتـی نوێـدا.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان وەکـوو دوو حزبـی سـەرەکی لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی پێشـوو تـا سـاڵی ٢٠١٧ سـەرکەوتووبوون لـە گۆڕینـی هاوکێشـەی سیاسـی لـە بەغـدا و کاریگەرییەکـی گرنگیـان لەسـەر پێکهێنانـی حکومەتـە یـەک لـە دوای یەکـەکان هەبـوو، بۆیـە لایەنـەکان لـە عێـراق کوردیـان بـە ڕاگـری هاوسـەنگی و دروووسـتکەری پاشـاکان دەبینـی.

لـەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ کـورد لـە مامەڵەکردنـی لەگـەڵ دەوڵەتـی نوێـی عێـراق خـۆی لەبـەردەم چەنـد بژاردەیـەک دەبینییـەوە (فیدراڵیـزم، کۆنفیدراڵـی و جیابوونـەوە).

کورد توانی لەناو ژیانی نوێی سیاسی ڕۆڵێکی گرینگ لە ڕەشنووسی دەستوری دەوڵەتی قۆناغی گواستنەوە بگێڕێ، کە لە ٨ی ئاداری ٢٠٠٤ گەیشتە ئەنجام. ئەم ڕەشنووسە وەکوو دەستوری کاتی عێراق ئەژمار دەکرا، تیایدا پارێزگاری لە فیدراڵیزم و ماف و ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵگە خرایەڕوو، هەر لەو ڕەشنووسە هاتبوو؛ زمانی کوردی و عەرەبی وەکوو دوو زمانی فەرمی عێراق دەچەسپێنرێن.

دواجار لەئەنجامی دانوستانەکانی لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان کورد بڕیاری بۆ بژاردەی فیدراڵی و بەشداریکردن لەئەنجومەنی حوکمڕانی و نووسینی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە دا.

بۆیە دواتر کار بۆ نووسینەوەی دەستوور و بەشداریکردنێکی بەهێز و کاریگەر لەبڕیاردانی سیاسی لەناو حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا کرا.

کەشوهەوای دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەرفەتێک بوو بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ و بیرکردنەوە لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن و سیستمێکی ڕاستەقینە، کە پابەند بێت بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی و دوورکەوتنەوە لە هەڵەی پێشوو و لە درووستکردنی کێشە و ئاژاوە. بەڵام دەسەڵات لە بەغدا دووبەرەکی کۆمەڵایەتی بەهێز کرد، ئەوەی دواتر بووە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگەکانی عێراق، لەبری ئەوەی پێکەوەژیان لەنێوان هەموو پێکهاتەکان دروست بکرێت.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ کورد کە بە یەك لیستی بەناو هاوپەیمانی کوردستانی بەشدار بوو، پشکێکی باشی بەرکەوت. شیعە ٤٨،١٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، هاوپەیمانی کوردستانی

٢٥،٧٪ و لیستی ئەلعیراقییەی ئەیاد عەلاوی ١٣،٨٪یان مسۆگەر کرد.[١]

بەو شێوەیە کورد توانی پۆستی گرینگی لە بەغدا بەرکەوێت، بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی عێراقی پاش ساڵی ١٩٢١ کورد پۆستی سەرۆك کۆمار وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆك وەزیرانی ئەو دەوڵەتە و شەش پۆستی سەرەکی کابینەی حکومەت بەدەست بهێنێ.

لە ساڵی ٢٠٠٦ عێراق دووچاری جەنگی تایفی و مەزهەبی بوو و هێرشی تیرۆریستی گەیشتە لووتکە.

پاش ئەوەی عێراق کەوتە دۆخی ئاژاوە و توندوتیژیەوە سەرکردایەتی کوردستانی بڕیاریدا لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە بکات و لاپەڕەیەکی تەواو نوێ بکاتەوە و کار بۆ بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لەنێوان نەتەوە و مەزهەب و ئایینە جیاوازەکانی ناو هەرێمی کوردستان بکات.

ئەم شێوازە وەرچەرخانێکی گرنگ و یارمەتیدەر بوو بۆ بنیاتنانی سەقامگیرییەکی درێژخایەن، بە پێچەوانەی بەشەکانی تری عێراق کە تاوەکو ئێستاش باجی سیاسەتە تائیفی و پەراوێزخستنەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەغدا دەدا.

دیدگای کورد بۆ بەردەوامی دیموکراسییەت لە عێراق ڕووبەڕووی ئالنگاری بۆوە، لە کاتێکدا لە بەغدا هەوڵی جدی دەدرا بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی کورد لەناو سیاسەتی عێراق و تەنانەت دروشمی ڕاگرتنی درێژبوونەوەی کورد بەرزکرایەوە.

---

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی شەشەم، ٢٠٢٣، ل.١٧٠

ئـەم هەوڵانـە بـۆ کۆتاییهێنـان بـە ڕۆڵگێڕانـی کـورد لـە نـاو پرۆسـەی سیاســی لــە بەغــدا بــووە مایــەی ڕاگرتنــی هاوســەنگی سیاســی و زیادکردنــی هەژموونــی پێکهاتەکانــی هاوپەیمانێتــی نیشــتمانی شــیعە بەســەر جومگــە ســەرەکییەکانی سیاســەت لــە عێــراق و بەردەوامبوونــی لــە پەراوێزخســتنی پارێزگاکانــی ڕۆژئــاوا و باکــووری عێــراق لــە بەشــداریکردنی ڕاســتەقینە لــە حوکمڕانــی.

ســەرۆك مەســعود بارزانــی بــەردەوام جەختــی لەســەر بابەتــی ســازان دەکــردەوە بــۆ بەهێزکردنــی سیســتەمی دیموکراســی لــە قۆناغــی وەرچەرخانــی دیموکراســییەت لــە عێــراق تــا گەیــشتن بــە تەواوکردنــی بنیاتنانــی دامەزراوەکانــی دەوڵــەت، بــە پێــی دیدگایەکــی نیشــتمانی، تــا بەشبەشــێن تێیــدا ڕەنــگ نەداتــەوە، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لـە سـاڵی ٢٠١٠ دەستپێشــخەری کــرد بەمەبەســتی چوونــە نــاو دیالۆگــی نیشــتمانی بــۆ پێکهێنانــی حکومەتــی فیــدڕاڵ و پاراســتنی هاوســەنگی نێــوان پێکهاتەکانــی گەلــی عێــراق.

بــەڵام ئــەو دەوڵەتــە فیدڕاڵییــەی کــورد هەوڵــی بــۆ بنیاتنانــی دەدا وردە وردە شـێوەی دەوڵەتێکـی تایفـی وەرگـرت و بێوچـان هەوڵـی دەدا، پێکهاتـەی کـورد و تەنانـەت پێکهاتـەی عەرەبـی سـوننەش پەراوێـز بخـات. بۆیــە دەســەڵاتی بەغــدا پــاش ئــەوەی جێــی پێــی خۆیــان قایــم کــرد، ئـیتر لـە دەرکردنـی بڕیـار مۆرکـی تایفـی خۆیـان بەرجەسـتەتر دەکـرد و هەنــگاو بــە هەنــگاو پشــتیان لــە مــاددە دەســتوورییەکان و هاوبەشــی و سـازان و پرنسـیپەکانی تـری وەکـوو هاوسـەنگی دەکـرد، بـەوەش لـە عێراقــدا جــۆرێ لــە بنبەســتی سیاســی و ناســەقامگیری درووســت بــوو.

دەکرێت بڵێین سیاسەتی تاکڕەویی حکومەتی بەغدا بە سەرکردایەتی حزبە شیعەکان و گەمارۆدان و پشتگوێخستنی سوننە و کرد لە بڕیاردان لەسەر ئاستی عێراق بە تایبەتی لەسەردەمی هەردوو قۆناغی دەسەڵاتدارێتی نوری مالیکی (٢٠٠٦-٢٠١٤) کەلێنی گەورە لە نێوان پەیوەندییەکانی هەرێم و عێراقی فیدراڵ بە ئاراستەی دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر درووست بوو، هەر لەو کاتەوە هەوڵی دوورخستنەوەی کورد درا لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کاری جدی لەسەر ئاستی ناو و دەرەوە دەکرا، بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد، لە دوای ئەوەش لە سەردەمی حەیدەر عەبادی (٢٠١٤-٢٠١٨) ئاراستەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕەهەندی مەترسیدارتری بەخۆیەوە بینی.[(١)]

سەرۆك بارزانی لە سەردانی بۆ بەغدا لە ١٦ی ئەیلوولی ٢٠١٦ لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە شیعەکان لە ماڵی عەممار حەکیم بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند؛ کورد لە پاش ٢٠٠٣ پێی وابوو، دەستور دەبێتە بنەمای پرۆسەی سیاسی و ژیانی نوێ لە عێراق، بەڵام بە پێچەوانەوە شیعە دژایەتی مافی کوردی کرد، ئەگەرچی بەشی کورد لە ڕابردوو لە هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بریتی بوو لە وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندی کوردستان و بیشەروشوێنکردنی ١٢٠٠٠ گەنجی کوردی فەیلی و ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ ڕۆڵەی بارزانی و ١٨٠٠٠٠ هاووڵاتی تری بێ تاوانی نەتەوەی کورد و هەزارانی تریش کران بە قوربانی چەکی کیمیایی، بەڵام لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی

---

(١) ساسان حکمت عەلی، ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٤، لاپەڕە ١٨٩.

١٩٩١ سەرکردەی کورد بەمەبەستی هەڵدانەوەی لاپەڕەی نوێ و ئاشتی و پێکەوەژیان لە عێراق لەگەڵ تاوانباران دانیشت کە دەستی بە خوێنی میللەتی کورد سوور بوو، کەچی ئەوەشیان بە کورد ڕەوا نەدەبینی، لە دوای ٢٠٠٣ وای لێهات شیعە کە هاوپەیمانی کورد بوو، نانی کوردی ببڕێ و گەلی کورد سزا بدات.

سەرۆك بارزانی لەو کۆبوونەوەیە بە سەرانی شیعەی ڕاگەیاند؛ لە هەردوو قۆناغ نەتوانراوە سەرکەوتن بە هاوبەشی بهێنرێ، بۆیە پێویستە بە دوای ڕێگەچارەیەکی تر بگەڕێین و داهاتوو بە لێکتێگەیشتن لەسەر بنەمایەکی تر بنیات بنێین.[1]

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، ٢٠٢٠، لاپەڕە ٧٠-٧٣

**سەرۆکایەتی هەرێم وەکوو دەسکەوتێکی نوێ بۆ گەلی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکی دەگێڕێ لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و ئیداری و مەعنەوییەوە و ستوونێکی سیستەمی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان.

گرینگی ئەم دامەزراوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نوێنەرایەتی سیاسی و دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان دەکات و سەرۆکی هەرێمی کوردستان باڵاترین دەسەڵاتی سیاسییە لە درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ و دەوڵەتانی بیانی. هەروەها ڕۆڵی دانوستان دەگێڕێ لەسەر پرسە ستراتیژەکانی وەکوو نەوت و بودجە و ئاسایش.

لەکاتی بوونی قەیرانی سیاسی و ئاسایش، سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر جار وەکو کەسێکی میحوەری دەبینرێ بۆ بەڕێوەبردنی هاوسەنگی نێوان هێزە سیاسییە و ئەمنییەکان، هەروەها سەرۆکایەتییەکی بەهێز بووە بە مایەی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی گرینگی بەدەستەوەیە، بۆ نموونە دامەزراندنی گەورە بەرپرسان و پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەردەچن. هەروەها دەتوانێ پێشنیاری پڕۆژە یاسا بکات بۆ پەرلەمان، ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی پێ دەبەخشێ لەسەر سیاسەتە گشتییەکان. سەرۆکی هەرێمی کوردستان سمبوڵی یەکڕیزی نیشتمانی کوردستانە، بەتایبەتی لە سایەی ئەو ئالنگارییە سیاسی و ئابوورییانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوکارە لە دارشتنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، بەتایبەتی لە بابەتی

پەیوەست بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و سەرچاوە سروشتییەکان و دابەشکردنی دەسەڵات.

پاش ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١ و کشانەوەی هێزەکانی سوپای عێراق لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان ئەنجام درا.

ئەوکاتە بە فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوونی نەبوو، دەسەڵات بەسەر هەردوو حزبی سەرەکی، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دابەشکرابوو، بەهۆی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨) شێوەیەك لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن یەکنەگرتوو بوونی هەبوو، ئەمەش بووە هۆکاری دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان هەولێر و سلێمانی.

پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵی نوێ لە عێراق بە فەرمی بڕیار لەسەر بوونی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان درا، لە چوارچێوەی ئیداری و دەستوری هەرێمی کوردستاندا.

دامەزراندنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. وڵاتان و کەسایەتییە ناودارەکان بروسکە و نامەی پیرۆزباییان ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

ڕاستە لەسەر ئاستی حزبی هەندێ لایەن خەریکی گەمەی بێ بایەخ و تەڵەکەبازی بوون و دژایەتی ئەوەیان دەکرد کە سەرۆك

بارزانــی ئــەو پۆســتە بگرێتــە دەســت، ئەگەرچــی ســەرۆك بارزانــی نــە داوای ئــەو پۆســتەی کردبــوو، نــە پۆســت لایــان گرینــگ بــوو، پێشــووتر هەمــوو لایەنــەکان داوایــان لــێ کردبــوو، کــە پۆســتی ســەرۆك کۆمــار وەربگرێــت، قبووڵــی نەکردبــوو و ڕەتــی کردبــووە، بۆیــە بــە پێویســتی زانــی ئەگــەر پۆســتی ســەرۆکی هەرێــم وەربگرێــت، ســەرۆکێکی پرۆتۆکۆڵــی نەبێــت، بەڵکــوو لەســەر ئاســتی ناوەخــۆ و دەرەوە نوێنەرایەتــی پێکهاتــەی هاوڵاتیانــی هەرێمــی کوردســتان بــکات، سەرپەرشــتیی پەیوەندییەکانــی نێــوان هەرێــم ودەســەڵاتە فیدراڵییــەکان بــکات، هەروەهــا نوێنەرایەتــی گەلــی کوردســتان بــکات لەئەنجومەنــی بــاڵای ناوەنــدی سیاســی عێــراق کــە لــە (ســەرۆکی کۆمــار - ســەرۆکی وەزیــران - ســەرۆکی ئەنجومەنــی نیشــتمانی) پێکهاتــووە.

ئــەوە بــوو ســەرۆك مســعود بارزانــی بەپێــی ماددەکانــی (یەکــەم و دووەم و سێیەم) لەیاسـای ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکـراو وەکـوو ســەرۆکی بــاڵای دەســەڵاتی جێبەجێکــردن لەهەرێمــی کوردســتان و فەرمانــدەی گشــتیی هێزەکانــی پێشــمەرگەی هەرێمــی کوردســتان بــۆ یەکــەم جــار لــە هەڵبژاردنــی ڕۆژی ٣١ ی کانوونــی دووەمــی ٢٠٠٥، وەك یەکــەم ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان لەلایــەن ئەنجومەنــی نیشــتیمانی کوردســتان - عێــراق، هەڵبژێــردرا.[١]

سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لـە ١٤ی حوزەیرانـی ٢٠٠٥ لـە ڕێوڕەسـمێکی شایسـتە و بـە ئامادەبوونـی سـەرۆککۆماری عێـراق، جێگرانـی سـەرۆککۆمار،

(١) یاســای ســەرۆکایەتی هەرێــم لــە ڕۆژنامــەی فەرمــی (وەقایعــی کوردســتان) بــە ژمــارە (٥٥) لــە ڕێکەوتــی (٢٠٠٥/٧/١٠) بڵاوکراوەتــەوە.

سـەرۆکی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق و ژمارەیەك لە وەزیـر و پەرلەمانتار و سـکرتێری حزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و عێـراق و ژمارەیەکـی زۆر لـە دیپلۆمـات و باڵیـۆزی وڵاتـان لـە بەغـدا سـوێندی یاسـایی خـوارد.

سـەرۆك بارزانـی ئـەو ڕووداو و دەسـکەوتە مێژووییـە گرینگـە بـۆ گەلـی کوردسـتان بـە زمانـی خـۆی دەگێڕێتـەوە:

«لـە چرکەسـاتەکانی سـوێندخواردنمدا وێنـە و یـادی باوکـم (مسـتەفا بارزانـی) و کاك ئیدریـس (ئیدریـس مسـتەفا بارزانـی) و هەمـوو ئـەو هەڤاڵانـەی سـەردەمێك پێکـەوە پێشـمەرگە بوویـن و شـەهید بـوون، ئێـش و ئازارەکانـی گەلەکەمـان و کیمیابارانکردنـی کوردسـتان و ئەنفالـەکان و کـۆڕەو و ئاوارەبوونـی میللەتەکەمـان بـە زەیـن و بەرچاومـدا تـێ دەپەڕیـن. ئەمـە دەسـکەوت و بەرهەمـی ماندووبـوون و خەبـات و قوربانیدانـی ئـەوان بـوو. زۆر هەوڵـم دا ددان بەخۆمـدا بگـرم و بەسـەر هەسـتەکانمدا زاڵ بـم، بـەڵام چـاوم هـەر پـڕ لـە فرمێسـك بـوو. لـەو کاتـەدا پێویسـت بـوو سوپاسـی خـوای گـەورە بکـەم.»[١]

سـەرۆک بارزانـی لەمـاوەی دەسـەڵاتی (٢٠٠٥-٢٠١٧) توانـی پـەرە بـەو دامەزراوەیـە بـدات، کە ڕەنگدانـەوەی فراوانکردنی دەسـەڵاتەکانی هەرێم بێت.

(١) مەسـعود بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، ٢٠٢٣، بەرگـی شەشـەم، بەشـی یەکـەم، لاپـەڕە، ١٩٥.

**پەیوەندییــە دیپلۆماســییەکان دوای دامەزراندنــی ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان**

دامەزارندنی سـەرۆکایەتی هەرێم و دەسـتبەکاربوونی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی وەکـوو یەکەمیـن سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـووە هـۆکاری ئـەوەی هەولێـر لـە ڕووی ئابـووری و دیپلۆماسییەوە ببێـت بـە ناوەندێکـی گرینگـی بڕیـار لـە عێـراق و ناوچەکـە.

پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ بەغـدا و ناوچەکـە بـەرەو قۆناغێکـی نـوێ هەنـگاوی نـا، ئـەوە بـوو لـە ماوەیەکـی کورتـدا هەرێمـی کوردســتان گەشەســەندنێکی بەرچــاوی بەخۆیــەوە بینــی و هاتوچــۆی دیپلۆماسـی دەسـتی پێکـرد.

لــە ١٧ی تەمــووزی ٢٠٠٥ ڤلادیمیــر چامــۆف، باڵیــۆزی ڕووســیای فیـدڕاڵ لـە لایـەن سـەرۆك مەسـعود بارزانـی پێشـوازی لـێ کـرا، هـەر لــەو ســەردانە باڵیــۆزی ڕوســیای فیــدڕاڵ ڕایگەیانــد؛ وڵاتەکــەی کــە ئەندامــی هەمیشــەیی ئەنجومەنــی ئاسایشــی نەتــەوە یەکگرتووەکانــە، بڕیــاری کردنــەوەی کونســوڵخانەی داوە.

سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لـە ٢٣ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٠٥ لەسـەر بانگهێشـتی سـەرۆك بـوش لـە ڕێگـەی بنکـەی ئەنجەرلیـك بـە فڕۆکەیەکـی تایبــەت کــە لەلایــەن ئەمریکییــەکان ئامادەکرابــوو، بــەرەو واشــنتۆن بەڕێکـەوت و لـە ٢٥ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢٥ لـە کۆشـکی سـپی بـە ئامادەبوونـی دیـك چینـی، جێگـری سـەرۆك و ژمارەیەکـی زۆر لـە گـەورە بەرپرسـانی ئەمریـکا لەلایـەن جـۆرج بـوش پێشـوازی لـێ کـرا.



لــەو دیــدارە ستایشــی هێــزی پێشــمەرگە و گەلــی کــورد کــرا. لــەو دیــدارە ســەرۆك بارزانــی جلــی پێشــمەرگەی لەبەردابــوو کــە بــوو بــە مایــەی ئــەوەی جــۆرج بــوش لــە کۆنفرانســێکی ڕۆژنامەوانیــدا بــاس لــە جلوبەرگــی پێشــمەرگە بــکات و بڵــێ؛ لەســەردەمی بەعــس بــە بڕیــاری ئەنجومەنــی شــۆڕش ڕژێمــی پێشــوو هــەر کەســێکی بــەو جلوبەرگــە دەســتگیر کردبــا لەســێدارەی دەدا.

دوای ئــەو ســەردانە، ســەرۆك بارزانــی لــە ٢٨ی تشــرینی یەکەمــی ٢٠٠٥ گەشــتێکی بــۆ بریتانیــا کــرد و لــە لەنــدەن چــاوی بــە تۆنــی بلێــر، ســەرۆك وەزیرانــی بەریتانیــا کــەوت و جەخــت لەســەر پشــتگیری کردنــی بریتانیــا لــە مافەکانــی گەلــی کــورد و هەوڵــدان بــۆ بنیاتنانــی عێراقــی دیموکــرات و فیــدڕاڵ کرایــەوە.

هــەر لەســەرەتای تشــرینی دووەمــی ٢٠٠٥ ســەرۆك بارزانــی ســەردانی ڤیەننــا و ڕۆمــای کــرد و لەگــەڵ ســەرۆکی نەمســا، هانــس فیشــەر و ســەرۆك وەزیرانــی ئیتاڵیــا، ســلڤیۆ بێرلســکۆنی و دواتــر لەگــەڵ پاپــا بەنەدیکتــی شــانزیەم کۆبوونــەوەی گرینگــی ئەنجــام دا.

لـە ٦ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٠٦ کۆندۆلیـزا ڕایـس، وەزیـری دەرەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـە هاوەڵـی شـاندێکی بـاڵا گەیشـتە هەرێمـی کوردسـتان و لەگـەڵ سـەرۆك بارزانـی کۆبـۆوە. لـەو کۆبوونەوەیـە بـاس لـە ئاشـتەوایی نیشـتمانی کـرا کـە دروشـمێکە و سـەرۆك بارزانـی خـۆی پێشـەنگ بـووە لـە بەرزکردنـەوەی، هەروەهـا بـاس پرسـی یاسـای نـەوت و گاز کـرا.

لـە ١٢ی ئـاداری ٢٠٠٧ سـەرۆك بارزانـی لەلایـەن شـا عەبـدوڵڵای سـعودیا پێشـوازی لێدەکرێـت و لـەو دیـدارە دۆسـتانەیە ستایشـی بارزانـی نەمـر و پەیوەندییـە دێرینەکانـی نێـوان بارزانـی شـا عەبدولعەزیـر کـرا.

لـە ١٨ی ئـاداری ٢٠٠٧ سـەرۆك بارزانـی لـە پێنـاو پتەوترکردنـی پەیوەندییـە دیپلۆماسییەکانی هەرێـم لەگـەڵ دەرەوە بـە فەرمـی سـەردانی ئوردنـی کـرد و لـە ١٩ی ئـاداری ٢٠١٧ دیدارێکـی لەگەڵ شـا عبـدوڵلا ئەنجام دا، لـەو دیـدارەدا باسـی بارزانـی نەمـر و پەیوەندییـە دۆسـتانەکەی لەگـەڵ شـا حوسـێن کـرا و هـەر لـەو چاوپێکەوتنـە بـەردی بناغـە بـەرو پێشبردنـی پەیوەندییـە دوولایەنەکانـی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و عـەممان دانـرا.

لـە ٧ی ئایـاری ٢٠٠٧ سـەرۆك بارزانـی بەمەبەسـتی بەرەوپێشبردنـی پەیوەندییەکانـی هەرێـم و یەکێتـی ئەوروپـا سـەردانی بـارەگای یەکێتـی ئەوروپـای کـرد لـە پرۆکسـێل لەلایـەن سـەرۆکی پەرلەمانـی ئەوروپـا، هانـس گێـرت ڕێچـێلا و بەرپرسـی سیاسـەتی دەرەوەی ئەوروپـا، خافێـر سـۆلانا، پێشـوازی لـێ کـرا، لـەو دیدارانـە بـاس لـە بارودۆخـی عێـراق و ئالنگارییەکانـی بەردەم بەرەوپێشـوەچوونی پرۆسـەی سیاسـی و دیموکراسـی و پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا کـرا.

سـەرۆك بارزانـی لـە ٢٦ حوزەیرانـی ٢٠٠٧ بەمەبەسـتی درووسـتکردنی پەیوەنـدی دۆسـتانە بانگهێشـتنامەی ئینتەرناشـناڵ سۆشـیال دیموکراتـی قبـوڵ کـرد و بەشـداری لـە کۆنفرانسـی سۆشـیال دیموکراتـەکان کـرد لـە شـاری جنێفـی وڵاتـی سویسـرا. لـەو کۆنفرانسـە چـاوی بـە مەحمـود عەبـاس، سـەرۆکی فەڵەسـتین و بینەزیـر بۆتـۆ سـەرۆك وەزیرانـی پاکسـتان و چەنـدان کەسـایەتی تـر لەسـەر ئاسـتی ئەوروپـا کـەوت.

ڕۆژی ٣ی ئەیلوولـی ٢٠٠٧ سـەرۆك بارزانـی لەلایـەن کاربەدەسـتانی ئەمریـکا ئـاگادار کرایـەوە کـە چاوپێکەوتنێکـی دەبێـت لەگـەڵ سـەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش لە بنکەی سـەربازی عەین ئەسـەد و لەو چاوپێکەوتنەدا کـە کۆندۆلیـزا رایـس، وەزیـری دەرەوە، ڕۆبـەرت گیتـس، وەزیـری بەرگری و سـتیڤن هادلـی ڕاوێـژکاری ئاسایشـی نەتەوەیـی و جەنـەڕاڵ پـیتر پەیـس، سـەرۆکی ئـەرکان و چەندیـن جەنەڕاڵـی تـری وەکـوو پاتریـۆس و ئۆدییرنـۆ ئامادەبـوون، دەرفەتێکـی بـاش بـۆ سـەرۆك بارزانـی ڕەخسـا ورد لەسـەر زۆریـك لـە بابەتـەکان و پرۆسـەی دیموکراسـی لـە عێـراق قسـە بکرێـت.

دواتـر سـەرۆك بارزانـی لـەو دیـدارە کـە لەلایـەن عێراقـەوە هـەر یـەك لـە جـەلال تاڵەبانـی، نـوری مالکـی، عـادل عبدولمەهـدی، تـارق هاشـمی، عەبدولسـتار ئەبوڕیشـە ئامـادەی بـوون، دەرفەتـی بـۆ ڕەخسـا قسـە لەسـەر ئـەوە بـکات کـە کێشـەی گـەورە لـە عێـراق تیـرۆرە کـە دیاردیەکـی جیهانییە و بـێ هـاوکاری ئەمریـکا بەرەنگاربوونـەوەی زەحمەتـە، بـێ دروسـتکردنی متمانـەی نێـوان سـەرکردایەتی سیاسـی و هەمـوو پێکهاتەکانـی عێـراق و بـێ هەبوونـی ئاشـتەواییەکی ڕاسـت و درووسـت ئەسـتەمە چارەسـەر بـۆ ئـەم قۆناغـەی ئێسـتای عێـراق بدۆزرێتـەوە.

لـە ٢٥ی کانوونــی دووەمــی ٢٠١٠ ســەرۆك بارزانــی لــە ڕێگــەی بانگهێشــتێکی فەرمــی لــە واشــینتۆن چــاوی بــە ســەرۆك بــاراك ئۆبامــا کــەوت. لـەو دیـدارە هەریـەك لـە جـۆ بایـدن، جێگـری سـەرۆکی ئەمریـکا و جەنـەڕاڵ جێیمـز جۆنـس، ڕاوێـژکاری ئاسایشـی نەتەوەیـی ئامـادە بـوون، لـەو دیـدارە بـاس لـە پشـتگیری هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن ئەمریـکا و بەرزنرخاندنــی ڕۆڵــی هەرێمــی کوردســتان و گەلــی کــورد کــرا.

بـۆ ڕۆژی دواتـر سـەرۆك بارزانـی هـیلاری کلینتۆنـی وەزیـری دەرەوە و سـەرۆکی کۆنگرێـس و ژمارەیـەك لـە کۆنگرێسمانەکانـی بینـی. لـە هەمـوو دیـدارەکان پەیوەندییەکانـی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا و هەرێمی کوردسـتان و ئەمریـکا تاوتـوێ کـران، دەرفـەت ئـەوەش بـۆ سـەرۆك بارزانـی ڕەخسـا دواتـر دیـداری لەگـەڵ وەزیـری بازرگانـی ئەمریـکا هەبێـت و بـاس لـە وەبەرهێنانـی کۆمپانیاکانـی ئەمریـکا لـە کوردسـتان بـکات.

لــە ١٢ی نیســانی ٢٠١٠ ســەرۆك بارزانــی بــۆ جارێکــی تــر لەلایــەن شــا عەبــدوڵلا عەبدولعەزیــر بــە فەرمــی بانگهێشــت کــرا کــە ســەردانی ســعودیا بــکات. لــەو دیــدارە میدالــی پلــە یەکــی شــا عبدولعەزیــز بــە ســەرۆك بارزانــی بەخشــرا. شــا عبــدوڵلا دوای لــە ســەرۆك بارزانــی کــرد، پەیوەندییەکانــی نێــوان عەبدولعەزیــر و بارزانــی نەمــر بــە پارێــزراوی بمێنێتــەوە و بــەردەوام بــن لەســەر پەیوەندییــەکان.

جێـی ئاماژەیـە، سـەرۆك بارزانـی لـە ١ی کانوونـی یەکەمـی ٢٠١٥ وەکوو سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان جارێکـی تـر سـەردانی فەرمـی بـۆ سـعودیا ئەنجـام دا و لەلایـەن شـا سـەلمان پێشـوازی گەرمـی لـێ کـرا، دواتـر لەگـەڵ محەمـەد بـن سـەلمانی کـوڕی کـە جێنشـینی شـایە، کۆبوونـەوەی ئەنجـام دا.

ئـــەو پەیوەندییـــە دۆســـتانەیە، کـــە وای کـــردووە شـــا ســـەلمان بـــە ســـەرۆك بڵـــێ، ســـعودیا ماڵـــی خۆتانـــە، بۆتـــە هـــۆکاری ئـــەوەی، ئەمـــڕۆ هەرێمـــی کوردســـتان لـــە پەیوەندییەکـــی دیپلۆماســـی زۆر بـــاش بێـــت لەگـــەڵ عەرەبســـتانی ســـعودی.

بـــۆ درێژەپێـــدان بـــە چالاکییـــە دیپلۆماسییەکانی ســـەرۆکایەتی هەرێمـــی کوردســـتان لەگـــەڵ جیهانـــی دەرەوە ســـەرۆك بارزانـــی لـــە ١٣ی نیســـانی ٢٠١٠ ســـەردانی لوبنانـــی کـــرد و لەلایـــەن ســـەعد حەریـــری پێشـــوازی لـــێ کـــرا و لـــە ماڵـــی حەریـــری چـــاوی بـــە فوئـــاد ســـەنیۆرە و ئەمیـــن جومەییـــل و ســـەمیر جەعجـــەع کـــەوت. دواتـــر ســـەرۆك بارزانـــی چـــاوی بـــە نەبیـــە بـــەڕی و ســـەرۆکی لوبنـــان میشـــێل عـــۆن کـــەوت.

لـــەو دیدارانـــە بـــاس لـــە دۆخـــی عێـــراق بـــە گشـــتی و هەرێمـــی کوردســـتان بەتایبەتـــی کـــرا و هەوڵـــی دروســـتکردنی پەیوەنـــدی زیاتـــر لەگـــەڵ ئـــەو وڵاتـــە درا.

لـــە ٢ی حوزەیرانـــی ٢٠١٠ ســـەرۆك بارزانـــی ســـەردانی تورکیـــای کـــرد، ڕۆژی دواتـــر دیـــداری لەگـــەڵ ئەحمـــەد داودئۆغلـــو، وەزیـــری دەرەوە و پاشـــان دیـــداری بـــە دوو قۆڵـــی لەگـــەڵ ئـــەردۆگان هەبـــوو و لەوێـــدا ئـــەردۆگان باســـی لـــە برایەتـــی و پێکەوەژیـــان کـــرد و ســـەرۆك بارزانـــی بـــە ئەردۆگانـــی ڕاگەیانـــد، «ئەگـــەر تـــۆ دەســـت بـــە پرۆســـەی ئاشـــتی بکەیـــت، بـــە هەمـــوو توانامـــەوە پشـــتگیر و هـــاوکارت دەبیـــن.» هـــەردوولا ڕێـــك کەوتـــن لەســـەر ئـــەوەی بـــە جـــددی کار بـــۆ دۆزینـــەوەی چارەســـەری ئاشـــتیانەی کێشـــەکان بکرێـــت، بـــەڵام هەنـــدێ لایەنـــی نـــاو «پەکەکـــە» بەتایبەتـــی جەمیـــل بایـــك (جومعـــە) ڕێبازێکـــی تریـــان گرتەبـــەر، کـــە پرۆســـەی ئاشـــتی دواخســـت.

لــە ســـەردانێکی ئــەردۆگان بــۆ هەرێمــی کوردســـتان وەکــو ســـەرۆك وەزیرانــی تورکیــا لــە بەهــاری ٢٠١١ بەبۆنــەی کردنــەوەی فڕۆکەخانــەی نێودەوڵەتــی هەولێــر و ڕایگەیانــد، «ئــەو ڕۆژە بەســەر چــوو کــە هەبوونــی کــورد ئینــکار دەکــرا».(١)



لە ساڵی ٢٠١٣ کاتێ سـەرۆك بارزانی لە لایەن ئەردۆگانەوە بانگهێشـتی دیاربەکـر کـرا، شـەقامەکانی شـار بـە ئـاڵای کوردسـتان ڕازێنرابوونـەوە، سـەرۆکی شـارەوانی ئەوکاتـەی دیاربەکـر، عـوسمان بایدەمیـر، بـە سـەرۆك بارزانـی ڕاگەیانـد؛ ئەمـە یەکـەم جـارە لە مێـژووی تورکیادا ئاڵای کوردسـتان لـەم شـوێنە هەڵدەکرێـت، هیواداریـن جارێکـی تـر دەرفەتێکـی بـاش و گونجـاو بڕەخسـێت لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی کێشـەی کـورد.

(1) Ekurd Daily, Turkish PM in first visit to Kurdistan region of Iraq 29.3.2011, https://theinsightinternational.com/mismas/articles/misc2011/3/state4916.htm

دیارە ئەم هەموو هەنگاوە ئەرێنیانە بە بێ سەرۆك بارزانی ئەنجام نەدەدران، هەر لەو سەردانەی سەرۆك بارزانی سەردانی ئیستانبوڵی کرد، لەوێ چاوی بە سەرۆك کۆماری تورکیا، عبدوڵڵا گول کەوت.

بیرۆکەی کرانەوەی تورکیا بەڕووی کورد و کارکردن لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد و گفتوگۆکردن لەسەری لەو وڵاتە لەسەردەمی سەرۆکی پێشوو، تورکەت ئوزال، دەستی پێکردبوو، کە بەداخەوە بەهۆکارێکی نادیار لە ساڵی ١٩٩٣ کۆچی کرد.

لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٠ سەرۆك بارزانی بە فەرمی سەردانی فەرەنسای کرد و لەلایەن نیکۆلای سارکۆزی، سەرۆکی فەرەنسا، پێشوازی لێ کرا. لەو دیدارە باس لە بایەخدانی فەرەنسا بە کوردستان و دواتر لە تەلاری وەزارەتی دەرەوە و بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوە، بێرنارد کۆشنێر، ڕێکەوتنێکی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان واژوو کرا و بۆیەکەم جار بوو لە بارەگای وەزارەتی دەرەوە ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت. کۆبوونەوەکانی سەرۆك بارزانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی فەرەنسا بنەمایەکی باشی ڕەخساند بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکان و هاوکاری نێوان هەردوولا.

لە ڕۆژی ٣ی تەمووزی ٢٠١٠ سەرۆك بارزانی بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە عەمان و لەلایەن شا عەبدوڵڵا پێشوازی گەرمی لێ کرا، لەو دیدارە باس لە پەیوەندییە دوولایەنەکانی نێوان هەرێم و ئوردن کرا، سێ ڕۆژ دواتر، لە ٦ی تەمووزی ٢٠١٠ ، سەردانی میسری کرد و لەگەڵ حوسنی موبارەك کۆبۆوە، لەو سەردانە باسی لە دۆخی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی کرد و سەبارەت بە هەرێمی

کوردســتان باســی لــەوە کــرد، کــەوا یەکــەم ڕۆژنامــەی کــوردی لــە ٢٢ی نیســانی ســاڵی ١٨٩٨ لــە قاهیــرە چــاپ و بڵاو کــراوە و ڕوونــی کــردەوە، کــەوا وشــەی (الزمالــك) لــە بنەڕەتــدا کوردییــە و بەمانــای زۆمــی مەلیــك دێــت، کــە کاتــی خــۆی ســەڵاحەدینی ئەیوبــی بــۆ پشــوودان ســەردانی دەکــرد. موبــارەك بــەو ڕوونکردنەوانــەی ســەرۆك بارزانــی سەرســام بــوو، دیاربــوو زانیــاری پێشــووتری لەســەریان نەبــوو.

هــەر ئــەو دیــدار و گفتوگۆیانــە بوونــە هــۆکاری ئــەوەی ســەرۆکی مــیسر داوا لــە گــەورە بەرپرســانی بــکات، ڕێوشــوێنی پێویســت بگرنەبــەر و کار بــۆ کردنــەوەی کونســوڵگەری میســر لــە هەولێــر بکــەن.

لــە ١ی ئەیلوولــی ٢٠١٠ جــۆ بایــدن، جێگــری ســەرۆکی ئەمریــکا ســەردانی هەولێــری کــرد و چــاوی بەســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان کــەوت. لــەو دیــدارە بــە وردی بــاس لــە بارودۆخــی عێــراق و ئەنجامەکانــی هەڵبژاردنــەکان و چۆنێتــی پێکهێنانــی حکومــەت لــە عێــراق و پابەندبوونــی ســەرۆکوەزیرانی داهاتــووی عێــراق بــە هاوبەشــی و دابەشــکردنی دەســەڵاتەکان و جێبەجێکردنــی یاســا کــرا.

لــە ٢٩ تــا ٣٠ ی تشــرینی یەکەمــی ٢٠١١ ســەرۆك بارزانــی لەگــەڵ شــاندی یــاوەری ســەردانی کۆمــاری ئیسلامــی کــرد و لەگــەڵ هــەر یــەك لــە ســەرۆك کۆمــار و ســەرۆك پەرلەمــان و وەزیــری دەرەوە و وەزیــری ئیتڵاعــات و ســکرتێری ئاسایشــی نەتەوەیــی و ســەردار قاســم ســولێمانی، بەرپرســی دۆســیەی عێــراق کۆبــۆوە. دواتــر دیــداری لەگــەڵ ڕێبــەری شۆڕشــی ئیسلامــی ئێــران، عەلــی خامەنەیــی هەبــوو و باســی دۆخــی عێــراق و ســوریا و هاوپەیمانێتــی کــورد و شــیعە کــرا.

لـە ٢٨ی ئـادار تـا ٧ی نیسـانی ٢٠١٢ سـەرۆك بارزانـی بەسـەردانێ فەرمـی گەیشـتە واشـینتۆن. لـە کۆشـکی سـپی چـاوی بـە سـەرۆك بـاراك ئۆبامـا و جێگرەکـەی، جـۆ بایـدن، کـەوت. لـەو سـەردانە بـاس لـە دۆخـی عێـراق و گۆڕینـی مالکـی کـرا کـە دیاربـوو گـەورە بەرپرسـانی ئەمریـکا ڕازی نەبـوون لـە ئـەدای کاری مالکـی.

دواتر سـەرۆك بارزانی سـەردانی هەر یەك لە وڵاتانی بولگاریا و هەنگاریای کـرد و دیـدار و کۆبوونـەوەی لەگـەڵ سـەرۆککۆمار و سـەرۆکی ئەنجومەنـی وەزیـران و گـەورە بەرپرسـانی هـەردوو وڵات هەبـوو. هـەردوو وڵات ئامـادەی هاوکاریکـردن و پشـتگیری کردنی کوردسـتانیان دووپـات کردەوە.


لـە ١٩ی شـوباتی ٢٠١٣ سـەرۆك بارزانـی گەیشـتە مۆسـکۆ، سـەرەتا سـەردانی ئـەو خانـووەی کـرد، کە کاتی خـۆی بارزانـی نەمر تێیدا نیشـتەجێ بـوو کـە بـە مۆڵەتـی فەرمی لەسـەر دیـواری باڵەخانەکـە نـووسراوە، (ڕێبەری گەلـی کـورد، مسـتەفا بارزانـی، لـە سـاڵانی ١٩٥٤-١٩٥٨ تێیـدا ژیـاوە).



لــە ٢٠ شــوباتی ٢٠١٣دیــداری لەگــەڵ ســەرۆکی ڕوســیا فلادیمیــر پوتیــن دەبێــت کــە تێیــدا ســەرگێ لاڤــرۆڤ ئامــادە دەبێــت. لــەو دیــدارە بــاس لــە بەرەوپێشــوەچوونی پەیوەندییەکانــی نێــوان هەرێــم و مۆســکۆ کــرا. هــەر لــەو ســەردانە وەزیــری دەرەوە CDی ئەرشــیفی بــە ســەرۆك بارزانــی دا، کــە بریتــی بــوو لــە نامــە و پەیوەندییەکانــی بارزانــی نەمــر لەگــەڵ بەرپــرس و یەکێتــی ســۆڤیەت.

لــە ١٤ی کانوونــی دووەمــی ٢٠١٤ و ٢٤ی تەمــووزی ٢٠١٤ ســکرتێری گشــتی نەتــەوە یەکگرتــووەکان، بانکیمــۆن، ســەردانی هەرێمــی کوردســتان کــرد، هــەردوو جــار لەلایــەن ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان، مەســعود بارزانــی، پێشــوازی لــێ کــرا. ســکرتێری گشــتی نەتــەوە یەکگرتــووەکان وێــڕای سەرســوڕمانی لــە پێشــکەوتن و گەشەســەندنی پرۆســەی سیاســی و کارگێــڕی لــە هەرێمــی کوردســتان کــە پێشــوازی لــە پەنابــەران و ئاوارەکانــی ناوخــۆ کــردووە، هەســتی بــە قورســایی ئەرکــی هەرێمــی کوردســتان کــرد، ئەوەشــی بــۆ دەرکــەوت، کــەوا حکومەتــی عێــراق هیــچ هاوکارییەکــی پێشــکەش بــە ئــاوارەکان و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان نەکــردووە.

لــە ٤ی ئایــاری ٢٠١٤ ســەرۆك بارزانــی جارێکــی تــر ســەردانی ئــوردن دەکات و لەلایــەن شــا عەبــدوڵڵا پێشــوازی لــێ دەکرێــت.



لـە ٥ی ئایـاری سـاڵی ٢٠١٥ سـەرۆك بارزانـی بـە هاوەڵـی شـاندێکی کوردسـتانی لـە کۆشـکی سـپی ئەمریـکا لەلایـەن سـەرۆك ئۆبامـا و جـۆ بایدنـی جێگـری و باڵیـۆزی ئەمریـکا لەعێـراق و چەنـد ڕاوێژکارێکـی بـاڵا پێشـوازی لـێ دەکرێـت. لـەو دیـدارەی سـەرۆك بارزانـی بـە تێروتەسـەلی بـاس لـە خەبـات و قوربانیدانـی سـەد سـاڵەی گەلـی کوردسـتان دەکات و بڕیـاردان لەسـەر چارەنووسـی خـۆی بـە مافـی ڕەوای خـۆی دەزانێـت.

لـەو دیدارە سـەرۆك بارزانی پرسـی ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمی خسـتەڕوو، مەبەسـتی بـوو دواتـر شـاندی هـاوەڵ کـە سـەر بـە یەکتێتـی نیشـتمان و گـۆڕان بـوون، شـایەتی ئـەوە بـدەن کـە چـۆن سـەرۆك لەگـەڵ گـەورە بەرپرسـانی ئەمریـکا باسـی لـە سـەربەخۆیی و مافەکانـی گەلـی کوردسـتان کـردووە، هەڵوێسـتی ئیـداری ئەمریـکا ببینـن و بـۆ حـزب و جەمـاوەری خۆیـان بـاس بکـەن.

# بەشی دووەم

# ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و یاسا بەرکارەکانی نێودەوڵەتی و دەنگی زوڵاڵی کورد

**تەوەری یەکەم:** ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەڵوێستە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان

**تەوەری دووەم:** فەلسەفەی ڕیفراندۆم وەکو فاکتەرێکی گرینگی سەروەری کوردستان

**تەوەری سێیەم:** ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە سەرپێخستنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

## تەوەری یەکەم:

### ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەڵوێستە ناوخۆیی، هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان

#### ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی داعش بەسەرکردایەتی سەرۆك بارزانی

پاش بڵاوبوونەوەی لەناکاوی ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ساڵی ٢٠١٤، عێراق ڕووبەڕووی یەکێک لە مەترسیدارترین هەڕەشەکانی ئەمنی بووەوە کە لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا وێنەی نەبوو.

لەو کاتەی سوپای عێراق لە چەند ناوچەیەك وەکوو موسڵ و هەندێ شاری تری عێراق دارِمانی تەواوی بەخۆوە بینی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشەیە.

کوردستان بوو بە هێڵی بەرگری سەرەکی دژ بە فراوانبوونی ئەو گروپە تیرۆریستییە چەکدارە و هێزی پێشمەرگە توانی ڕۆڵی سەرەکی ببینێ لە گۆڕینی ئاراستەی شەڕ. ئەم ڕۆڵە بەبێ سەرکردایەتی یەکلاکەرەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی نەدەکرا کە توانی هێزەکانی بە نەرمی و دلێرانە ئاراستە بکات.

ئەم ئەزموونە وانەی گرینگ دەخاتەڕوو لە چۆنیەتی بنیاتنانی ستراتیژی بەرگری ناوخۆیی لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی.



ناوی سەرۆك بارزانی وەک یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕێکخراوە دەرکەوت، چونکە ستراتیژێکی بەرگری و هێرشبەری پێشکەوتووی گرتەبەر کە ڕێگری لە کەوتنی هەرێمی کوردستان کرد، تەنانەت توانی ناوچەیەکی بەرفراوان بگرێتەوە کە کەوتبوونە دەستی داعش.

ئەم بەرخۆدانەی کورد یەکێک بووە لە خاڵەکانی وەرچەرخان لە شەڕی دژی تیرۆر لە ناوچەکەدا.

سەرهەڵدانی داعش لە عێراق پەیوەندی بە ژمارەیەک فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەیە، کە ژینگەیەکی بەپیت و لەباریان بۆ بڵاوبونەوەی دروستکرد. پاشخانی سەرهەڵدانی داعش لە عێراق دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

**١. درووســـتبوونی بۆشـــایی ئاسایشـــی دوای کشـــانەوەی هێزەکانـــی ئەمریـــکا لـــە ســـاڵی ٢٠١١**

کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێـراق بـە پێـی ڕێککەوتنێکـی ئەمنـی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق بۆشـاییەکی ئاسایشـی گـەورەی لـە هەنـدێ ناوچـەی عێـراق دروسـتکرد.

ئـەم بۆشـاییە لەلایـەن زۆرێ لـە گروپـە چەکدارەکانـەوە قۆستراوەیـەوە، لەوانـە ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش کـە دوای دامەزراندنـی بنکـەی سـەربازی لـە عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٤ ەوە بـە نـاوی دەوڵەتـی ئیسلامـی عێـراق دەسـتی بـە ڕێکخسـتنەوەی خـۆی کـردووە.

**٢. ناکۆکی تایفەگەری نێوان شیعە و سوننە.**

دوای ڕزگارکردنـی عێـراق لەلایـەن ئەمریـکاوە لـە سـاڵی ٢٠٠٣ و لـە ئەنجامـی سیاسـەتی ئەمریـکا بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ڕژێمـی بەعـس لـە عێـراق بـە سـەرۆکایەتی سـەدام حوسـێن، عێـراق کەوتـە نـاو قۆناغێکـی تونـد لـە گـرژی تایەفەگـەری.

حکومەتەکـەی سـەرۆک وەزیـران، نـوری مالیکـی، کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٦ دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، لەلایـەن زۆرێـک لـە سـوننەکانەوە بـە ئەنجامـدەری جیـاکاری دژ بـە سـوونە لـە قەڵـەم دەدرێـت، پەراوێزخسـتنی سـوننە و بەکارهێنانـی نادادپـەروەری و سیاسـەتی پەروایژخـستن ژینگەیەکـی بـۆ گەشـەکردنی گروپـە توندڕەوەکانـی وەک داعـش فەراهـەم کـرد، کـە زۆربەیـان پێکهاتبـوون لـە سـوننەکانی عێـراق.

**٣. نارەزایی سوننەکان و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری.**

لــە ســاڵی ٢٠١٢ خۆپیشــاندان لــە ناوچــە ســوننەکان لــە دژی حکومەتــی عێراقــی و دەســەڵاتی شــیعە دەســتیپێکرد. خۆپیشــاندەران داوای چاکســازی سیاســییان دەکــرد. خواســتی خۆپیشــاندەران پشــت گوێخــرا و داواکارییەکانیــان ڕەتکرایــەوە، ئەمــەش بــووە هــۆکاری ئــەوەی زۆرێــک لــە ســوننەکانی تــووڕە بــن.

ئەمــەش بــووە هــۆی ئــەوەی پشــتیوانی خەڵــک بــۆ هەنــدێ گرووپــی چەکــداری وەکــوو داعــش زیــاد بــکات کــە ئــەم خۆپیشــاندانانەی وەکــوو ئامــرازێ بــۆ فراوانکردنــی هەژموونــی خــۆی بەکارهێنــا.

**٤. قۆستنەوەی قەیرانی سوریا و تەشەنەکردنی ڕێکخراوەکە لە شام.**

قەیرانــی ســوریا لــە ســاڵی ٢٠١١ دەســتی پێکــرد. لەگــەڵ زیادبوونــی شــەڕ لــە نێــوان هێزەکانــی ڕژێمــی بەشــار ئەســەد و ئۆپۆزســیۆن لــە ســوریا داعــش بــە بەهێــزی لەســەر خاکــی ســوریا دەســتی بــە جموجــۆڵ کــرد.

بــە لاوازبوونــی دەســەڵاتی دەوڵــەت لــە ســوریا، ئــەم ڕێکخــراوە تیرۆریســتییە توانــی هەژموونــی لــە ناوچەیەکــی گــەورە لــە باکــووری ســوریا فــراوان بــکات و ئــەو ناوچانــە وەکــوو بنکــەی مەشــق و کۆکردنــەوەی چەکدارانــی سەرانســەری جیهــان بــەکاری بهێنێــت.

ئــەم فراوانبوونــە لــە ســوریا ڕێگەخۆشــکەر بــوو بــۆ پەرەســەندنی داعــش لــە عێــراق، بەتایبەتــی لــەو ناوچانــەی نزیکــی ســنووری نێــوان ئــەو دوو وڵاتــە بــوون.

**٥. داعـش توانـی سـوود لـە لاوازی دەوڵەتـی عێـراق (سـوپای عێـراق) وەربگرێـت.**

لەگـەڵ خراپتربوونـی بارودۆخـی ئاسایشـی، سـوپای عێـراق لاواز بـوو و نەیتوانـی بـە شـێوەیەکی کاریگـەر ڕووبـەڕووی داعـش ببێتـەوە.

ئـەوە بـوو لـە مانگـی حوزەیرانـی ٢٠١٤، داعـش سـەرکەوتوو بـوو لـە داگیرکردنـی موسـڵ. شـاری موسـڵ (دووەم گەورەتریـن شـاری عێـراق) لەنـاکاو کەوتـە دەسـت ئـەو گروپـە تیرۆریسـتییە، ئەمـەش بـووە هـۆی دابەزینـی وەرەی سـوپای عێـراق لـە زۆر ناوچـەی تـر. سـوپای عێـراق کـە کێشـەی مەشـق و ڕاهێنـان و سـەرکردایەتی هەبـوو، بـە خێرایـی لـە شـارەکانی ژێـر کۆنترۆڵـی خـۆی کشـایەوە و ئـەوەش ئاسـانکاری کـرد بـۆ داعـش بتوانێـت زوو کۆنترۆڵـی زیاتـری خاکـی عێـراق بـکات.

**٦. پاڵپشتی دارایی و میدیایی بۆ داعش**

داعــش توانــی هــاوکاری دارایــی زۆر لــە چەنــد ســەرچاوەیەکەوە بەدەســت بهێنێــت، لەوانــە دزینــی بانــک، ســەپاندنی بــاج بەســەر هاووڵاتیانــی مەدەنــی لــەو ناوچانــەی ژێــر کۆنترۆڵــی خــۆی، هەروەهــا کۆمــەک لــە لایەنگــران و بەخشــەرەکان لــە وڵاتانــی جیــاوازەوە. بێجگــە لــەوەش گروپەکــە ســوودی لــە هێــزی میدیــا و پڕوپاگەنــدە وەرگــرت و ئینتەرنێــت و تــۆڕە کۆمەڵایەتیەکانــی بەکارهێنــا بــۆ بڵاوکردنــەوەی ئایدۆلۆژیاکــەی و ڕاکێشــانی چەکدارانــی بیانــی و بەدەســتهێنانی کاریگــەری میدیایــی.

**٧. سوودوەرگرتن لە لایەنداریێتی هۆزەکان لە ناوخۆ**

داعـش توانـی تۆڕێکـی پەیوەنـدی لەگـەڵ هـۆزەکان لـە ناوخـۆ لـە هەندێـک لـەو ناوچانـەی ژێـر کۆنترۆڵـی خـۆی دروسـت بـکات. زۆرجـار هـۆزە سـوننەکان کـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە پەراوێزخرابـوون، لەبـەر چەنـد هۆکارێـک هـاوکاری داعشـیان دەکـرد، چ لـە ڕێگـەی پاڵپشـتی دارایی بێـت، یـان بـە ناڕەزایـی دەربڕیـن دژی سیاسـەتی حکومەتـی فیـدڕاڵ.

ڕووخانـی سـوپای عێـراق بـووە هـۆی پێشـڕەوی داعـش بـەرەو ناوچـە کوردسـتانییەکان، ئەمـەش هەرێمـی کوردسـتانی خسـتە بـەر ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ئـەم ڕێکخـراوە تێرۆریسـتییە. لەوکاتـە هەسـتیارەدا سـەرۆك بارزانی کە سـەرکردایەتی سیاسـی و سـەربازی لەئەسـتۆگرتبوو، فەرمانـی بـە هێزەکانـی پێشـمەرگە کـرد، دەسـتبەجێ هەڵوێسـتی جوامێرانـە بنوێنـن بـۆ پاراسـتنی سـنوورەکانی هەرێـم.

سـەرۆک بارزانـی ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی کۆکردنـەوەی هێـزەکان و دابەشـکردنی ئەرکەکانـی بەرگـری دەکـرد.

هەروەهـا داوای لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی کـرد دەسـتێوەردان بکـەن و پشـتیوانی پێشـمەرگە بکـەن.

ئـەم بانگـەوازەی سـەرۆك بارزانـی ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی هەبـوو لەدەسـتەبەرکردنی پشـتیوانی ئاسمانـی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی، بەتایبەتـی لەشـەڕی بەرگریکـردن لـە سـنووری هەولێـر. پێشـمەرگە لـە شـەڕی مەخمـور و گوێـڕ پێشـەنگ بـوو لـە ڕووبەڕووبوونـەوە، هەروەهـا هێـزی پێشـمەرگە توانـی لـە ئۆپەراسـیۆنێکدا بـە سەرپەرشـتی

سـەرۆك بارزانـی شـنگال لـە دەسـت چەکدارانـی داعـش ڕزگار بـکات. قارەمانییەتـی و ئازایەتـی هێـزی پێشـمەرگە لـە کاتـی ڕزگارکردنـی شـنگال بـە شـکۆوە لـە میدیـا جیهانییـەکان پیشـاندرا و باسـکرا، شـنگال بـوو بـە دەروازەیـەک بـۆ ئازادکردنـی ناوچەکانـی دیکـەی دەوروبـەری کەرکـوك و چیـای بەعشـیقە و دواتریـش پارێـزگای نەینـەوا.

سـەرکردایەتیکردنی سـەرۆك بارزانـی تەنیـا سـەربازی نەبـوو، بەڵکـو سیاسـیش بـوو. لـە وتارەکەیـدا بـۆ میدیـا نێودەوڵەتییـەکان جەختـی لـەوە کـردەوە کـە کوردسـتان لـە بـری هەمـوو مرۆڤایەتـی و جیهـان دەجەنگێـت.

لێـدوان و هەڵوێسـتەکانی سـەرۆك بارزانـی یارمەتیـدەر بـوون بـۆ بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی نێودەوڵەتـی و بەهێزکردنـی پێگـەی پێشـمەرگە وەک هێزێکـی هاوبـەش لەنـاو هاوپەیمانـی نێودەوڵەتیـدا.

بەهـۆی داگیرکردنـی شـنگال کـە زۆرینـەی دانیشـتوانی سـەر بـە ئاینـی ئێزدییـن و بەشـێکی گرینـگ لـە گەلـی کـورد پێکدەهێنـن، لـە لایـەن ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش، گورزێکـی کوشـندە و ئازاربەخـش بـە گەلـی کـورد گەیشـت.

تاوانـەکان و ئۆپەراسیۆنەکانی پاکتـاوی بـە کۆمـەڵ لـەو شـارۆچکەیە کە زیاتـر لـە پێنج هەزار کەسـی ئێـزدی گوژران بە دەسـتی داعـش و ژمارەیەکی زۆر لـە ئافرەتانـی ئێـزدی وەکـو کۆیلـە ڕفێنـدران و زیاتـر لـە ١٥٠٠ ئافـرەت دەسـتدرێژیی بـە کۆمـەڵ لە دژیـان ئەنجام درا و زیاتر لە هـەزار لەو ئافرەتانە لـە بـازاڕەکان وەکـو دیل فـرۆشران، بـە هەمـوو پێوەرێك پاکتـاوی بووە.

ئـــەو کـــوشتن و بـــە کۆیلەگرتـــن و دەربەدەرکردنـــەی دووچـــاری

ئێزەدییەکان بوو وەکوو کۆمەڵەیەکی ئایینی بە پێی سەرجەم بەڵگەنامە و پەیماننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان جینۆسایدە.

داعش بەو کردارانەی مەبەستی بوو دیموگرافیای ناوچەکە بەتەواوی بگۆڕێت و کورد لەو ناوچە ستراتیژانە دەرپەڕێنێت و کەسانی گوێڕایەڵ وەکوو حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕێگەی بەعەرەبکردن و بە بەعسی کردن هاوردەی ئەو ناوچانە بکات.



بۆیە یەکێک لە لەپێشینەکانی کار و ستراتیژی سەرۆک بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە ئەوە بوو، ئەو ناوچانە لە چرنووکی تیرۆر ڕزگار بکات.

دواجار هێزی پێشمەرگە توانی بەهاوکاری هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان شاری شنگال و سەرجەم ئەو ناوچانە لەدەستی تێرۆر ڕزگار بکات، تا دواجار هاوڵاتیانی ناوچەکە بە شکۆوە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

**ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی؟**

زاراوەی ڕاپرسی یان ڕیفڕاندۆم وەکوو ئامرازێك بۆ هەڵبژاردن بەکارهاتووە، مەبەست لێی وەرگرتنی ڕای گەلە لەسەر پرسێکی گشتی، یان لەسەر یاسایەك کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەرچووبێت. دەکرێ گەل ئەو یاسایە، یان ئەو پرسە گشتییە پەسەند بکات، یان بە شێوەیەکی نەرێنی دەنگی پێ بدات.

ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە زمانی لاتینی، فەرەنسیەوە خزاوەتە ناو فەرهەنگی ئینگلیزی و دواتر لەناو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان چەسپێنراوە و بۆ ڕاگرتنی جەنگ، یاخود داڕشتنەوەی سنوورە ئاڵۆزەکان بەکارهێنراوە.

گەڕانەوە بۆ ڕای گەل لە پرسە سەرەکی و گشتییەکان، یان لە بابەتی یاسایی و دەستوری بەو مەبەستەیە کە گەل خاوەندارێتی لە سەروەری بکات.

بڕیاردانی تاك لەناو دەوڵەت یان لە ناو هەرێمێکدا لەسەر هەر پرسێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی و گشتی بە ڕاپرسی یان ڕیفراندۆم دادەنرێت.

بە کورتی ڕیفراندۆم ئامرازێکی دیموکراسیانەیە بۆ جێبەجێکردنی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین. گەلان دەبێ خاوەندی یەکەم و دوا بڕیار بن لە کاروباری خۆیاندا، بە تایبەتیش لە بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی پرسەکانیان.

کەواتە ڕیفراندۆم شێوازێکە لە شێوازەکانی دیموکراسی کە بۆ هێنانەدی دادپەروەری و یەکسانی لە بڕیاردان لەسەر پرسێکی دیاریکراوی چارەسەرنەکراو، پەیڕەو دەکرێت.

بــە گەڕانــەوە بــۆ مێــژووی عێــراق، دەبینیــن هــەر لــە ســەرەتای دامەزراندنییــەوە لــە ســاڵی ١٩٢١ لەســەر دەســتی بەریتانیــا وەکــوو دەوڵەتێکــی دەســتکرد، تــا ئەمــڕۆ ئــەم دەوڵەتــە ســەقامگیرییەکی تــەواوکاری بەخۆیــەوە نەبینیــوە، جەنــگ و ململانێــی بــەردەوام وای لــەم دەوڵەتــە کــردووە لــە دۆخێکــی خــراپ بــەرەوە دۆخێکــی خــراپتر هەنــگاو بنــێ، ســەرەڕای ئــەو هەمــوو ســەروەت و بودجــە زەبەلاحــەی کــە بــە ســەدان ملیــار دۆلار دەخەمەلــێنرێ و لــە بەردەســتی بــووە، دەوڵەتــی عێــراق گەشــەکردن و پەرەپێدانێکــی بەرچــاو بەخۆیــەوە نەبینــێ.

ژمارەیــەك لــە توێــژەران پێیــان وایــە، بەریتانیــا و دەســەڵاتی ئەوکاتــە لــە عێــراق دیدگایەکــی ئەرێنییــان هەبــووە لەبــارەی دۆزی کــورد و لــە ڕێگــەی بەیاننامــەوە بــە شــێوەی تیــۆری دانیــان بــە مافەکانــی گەلــی کــورد و زامنکردنــی ئــەو مافانــە نــاوە.

لــە ٢٤ی کانونــی یەکەمــی ١٩٢٢ و لــە جاڕنامەیەکــی هاوبەشــی نێــوان بەریتانیــا و عێــراق کــە بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان بەرزکراوەتــەوە، هــەردوو دەوڵــەت بــە ڕوونــی دان بــە مافەکانــی کــورد لــە چوارچێــوەی شــێوەیەك لــە ئۆتۆنۆمــی دەنێــن. لــەو جاڕنامەیــەدا هاتــووە؛ شــای بەریتانیــای مــەزن و دەوڵەتــی عێــراق دان بــە مافــی ئــەو کوردانــە دەنێــن کــە ل لــە چوارچێــوەی دەوڵەتــی عێــراق حکومەتێــک بــۆ خۆیــان دامەزرێنــن و نوێنــەری خۆیــان بــۆ هــەردوو دەوڵەتــی عێــراق بەریتانیــا بنێــرن، تاوەکــوو دانوســاتان بکــەن لەســەر پەیوەندییــە ئابــووری و سیاســییەکانی نێوانیــان.

بــە ئەنجامدانــی پەیماننامەیــەك لــە نێــوان عێــراق و بەریتانیــا لــە ســاڵی ١٩٣٠ مــاف بــە عێــراق درا ســەربەخۆیی خــۆی ڕابگەیەنێــت، ئــەوە بــوو عێــراق لــە ســاڵی ١٩٣٢ بڕیــاری ســەربەخۆیی دا.

حکومەتــی عێــراق بــە بیانــووی ئــەوەی کــورد خواســتی جیاخــوازی هەیــە، کــەمتر کاری بــۆ ئــەوە دەکــرد، مــاف بــە کــورد بدرێــت، زمانــی کــوردی لــە ناوچــە کوردســتانییەکان فەرمــی بێــت و دادگا و دامــەزراوە کارگێڕییــەکان و قوتابخانــەکان لــە لایــەن کــوردەوە بەڕێوەبچــن. ترســی دەوڵەتــی عێــراق لــەوەدا بــوو، ئەگــەر کــورد ئــەو تایبەتمەندیانــەی پــێ بدرێــت، ئــەوا شــیعە لــە ناوەڕاســت و باشــووری عێــراق داوای هەمــان مــاف و تایبەتمەنــدی دەکات و کــورد دەبێــت بــە فاکتــەری هەڕەشــە بــۆ ژیانــی نیشــتمانی و سیاســی لــە عێــراق[1]. کــورد هــەر لەســەرەتاوە دژ بــەم ڕەفتــارە لەخۆبایبــووەی عێــراق ڕاوەســتا.[2]

پــاش کودەتــای ١٤ی تەمــووزی ســاڵی ١٩٥٨ و ڕووخانــی دەســەڵاتی شاهانشــاهی هاشــمی و دامەزراندنــی کۆمــاری عێــراق، ســەرۆکی نــوێ، عەبدولکەریــم قاســم، ئامــاژەی بــە پێویســتی برایەتــی کــورد و عــەرەب کــرد و لــە ڕێــی دەســتورەوە دانــی بــە مافەکانــی گەلــی کــورد نــا و داوای لــە ســەرۆک مســتەفا بارزانــی کــرد، لــە یەکێتــی ســۆڤیەتی جارانــەوە بگەڕێتــەوە بــۆ عێــراق، بــەڵام قاســم لــە وتارەکانــی باســی لــە ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــورد نەکــرد. لــە مــاددەی ســێی ئــەو دەســتورە کاتییــەی لەســەردەمی قاســم دەرچــوو، بــاس لــە هــاوکاری نێــوان هاوڵاتییــان و ڕێزگرتــن لــە مافەکانیــان و پاراســتنی ئازادییەکانیــان کــرا و کــورد عــەرەب بــە هاوبــەش ناوبــرا لــەو نیشــتمانە و دەســتور جەختــی لــە مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد

---

(١) ســتيفن همــسلي لونگريك،العــراق الحديــث مــن ســنة ١٩٠٠-١٩٥٠، ترجمــة: ســليم طــه التكريتــي، ١٩٨٨

(٢) مايــكل إم غيــنتر، كــورد العــراق آلام و آمــال، ترجمــة عبدالــسلام النقشــبندي، دار آراس للطباعــة و الــنشر، أربيــل، ٢٠١٢، لاپــەڕە ١٤.

کـرد لـە نـاو یەکپارچەیـی عێـراق. ئـەوە بـوو ڕۆژنامـەی خەبـات وەکـو زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بڵاودەکرایـەوە و بەڕێوەبەرایەتـی ڕۆشـنبیری کـوردی دامـەزرێنرا و زمانـی کـوردی بـە شـێوەیەکی فـراوانتر دەخـوێنرا، تەنانـەت سـمبولێ لەنـاو ئـاڵای عێـراق بـۆ کـورد دیاریکـرا.

پـاش ماوەیـەك هێزەکانـی حکومەتـی بەغـدا کەوتنـە دژایەتـی کردنـی سـەرۆک مسـتەفا بارزانـی و سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بـۆ زیاترکردنـی گرژییەکانـی نێوان کورد و حکومـەت، کار کرا بۆ لادانی کوردەکان لەسـەر کارەکانیـان و دەرکردنیـان لـە سـوپا و دامـەزراوە مەدەنییـەکان. خوێندنـی کـوردی هەڵوەشـایەوە و لـە زۆربـەی ناوچـەکان ڕۆژنامـە و گۆڤـار و کتێبـە سیاسـی و ئەدەبییەکانـی بـە زمانـی کـوردی دەردەچـوون، قەدەغـە کـران. بەردەوامبوونـی حکومـەت لـە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی شـۆڤینانەی بەرامبـەر بـە کـورد بـووە هـۆکاری بڕیاردانی کـورد بـە سـەرکردایەتی بارزانی نەمـر بـۆ جاڕدانـی شـۆڕش لـە ١١ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦١.

پـاش زیاتـر لـە نـۆ سـاڵ لـە خەباتـی بێوچـان دژ بـە حکومەتـی بەغـدا، دواجـار ڕژێـم ناچـار بـوو ڕێکەوتـن لەگـەڵ شـۆڕش بـکات و لـە ١١ی ئاداری سـاڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتننامـەی ئـاداری مێژوویـی واژوو کـرا.

لـە١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٤ بڕگەیەکـی دیکـە بـۆ مـاددەی ٨ی دەسـتوری کاتـی سـاڵی ١٩٧٠ زیادکـرا، دەقەکـەی بریتـی بـوو لـە (ئـەو ناوچانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی کـوردن، ئۆتۆنۆمـی وەردەگـرن بـەو شـێوەیەی یاسـا دیـاری دەکات).(١)

---

(١) صالـح جـواد كاظـم، علي غالـب خـضير، سـفين عبدالـرزاق السـامرائي، النظـام الدسـتوري في العـراق، وزارة التعليـم العـالي، جامعـة بغـداد، ١٩٨٠، لاپـەرە ٧٤.

ئـەو ڕێککەوتننامەیـە جارێکـی تـر هیـوای بـە کـورد بەخشـی و پێگـەی سیاسـی کـوردی، نـە تەنیـا لـە باشـووری کوردسـتان، بەڵکـو لـە باکـوور و ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای کوردسـتان بەهێزکـرد.

بـۆ یەکـەم جـار بەڵگەنامەیەکـی یاسـایی لـە دەوڵەتێکـی خاوەنـد سـەروەرەوە دان بـە مافـە سیاسـییەکانی گەلـی کـورد دەنـێ و ئـەو بەڵگەیـە بـۆ هەمیشـە دەمێنێتـەوە.

لـە پـڕۆژە دەسـتوری کاتـی کۆمـاری عیراقیـش لـە سـاڵی ١٩٩٠ لـە سـێ مـاددەدا بـاس لـە مافـی کـورد دەکات، بـۆ نموونـە مـاددەی شەشـەم دەڵـێ؛ گەلـی عێـراق لـە عـەرەب و کـورد پێکهاتـووە و دەسـتور دان بـە مافـە نەتەوایەتییەکانـی کـورد دا دەنێـت.

لـە مـاددەی حەوتـەم دەڵـێ؛ عەرەبـی زمانـی فەرمییـە، زمانی کـوردی لە پـاڵ زمانـی عەرەبـی زمانێکـی فەرمییـە. دەقـی مـاددەی دوانـزە لـە هەمـان پـڕۆژە دەسـتور دەڵـێ؛ ئـەو ناوچانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی کـوردن لـە عێـراق، ئۆتۆنۆمییـان پـێ دەدرێـت، بـەو پێیـەی یاسـا دیـاری دەکات.[1]

پـاش ڕزگارکردنـی عێـراق لە سـاڵی ٢٠٠٣ و کۆتایی هێنان بە دەسـەڵاتی دیکتاتـۆری کـە نزیکەی ٣٥ سـاڵ بێوچان گەلی عێراقـی کردبووە بارمتە، دید و بۆچوونـی هەمـوو لایـەك وابـوو کـە عێراقـی نـوێ دەبێت بـە دەوڵەتێکی دیموکـرات و نموونەیەکـی بـێ وێنـە لـە ناوچەکـە، بەتایبەتـی چـاوەڕوان دەکـرا، ئەوانـەی وەکـوو ئۆپۆزسـیۆن پێشـووتر سـتەمیی ڕژێمـی بەعسـیان بینیبـوو، دەبـوو پێشـەنگ بـن لە چەسـپاندنی دیموکراسـی و دادپـەروەری.

(١) وزارة الثقافة والإعلام، دار الجماهير للصحافة، مشروع دستور جمهورية العراق، ١٩٩٠.

بــەڵام دواتــر دەرکــەوت، ئــەو دیــد و بۆچوونانــە لــە جێــی خۆیــان نەبــوون، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوەی ئــەوەی چــاوەڕوان دەکــرا.

کاتــێ ئەوانــە لــە نــاو دەســەڵاتی پــاش ڕووخانــی ڕژێــم جێــی خۆیــان قایــم کــرد دەســتیان بــە دژایەتــی هەرێمــی کوردســتان کــرد و کاریــان بــۆ گۆڕینــی ماددەکانــی دەســتور و پێشــێلکردنی مافــە دەســتوورییەکانی گەلــی کوردســتان دەکــرد، ئــەو مافانــەی بــە ڕاشــکاوی لــە دەســتوری ٢٠٠٥ دەســتەبەرکراون.

لێــرەدا ئامــاژە بــە ژمارەیــەك لــەو مافــە دەســتوورییانە دەکەیــن کــە پێگــەی کــورد لــە عێراقــی نــوێ دەردەخــەن:

دەســتووری عێــراق لــە پێشــەکییەکەی بــە مێــژووی عێراق و شارســتانیەت و پێکهاتەکانــی و ڕۆڵــی ســەرکردە ئاینییــەکان و ســەرکردە سیاســییەکان تێدەپەڕێــت. ئامادەبوونــی کورد لــەم پێشــەکییەدا لاواز نییــە و ئاماژەیەکــی لاوەکــی پێنەگــراوە، بەڵکــو بــە دەقێکــی ڕوون و قــوڵ گوزارشــت لــە ئــازار و ئاواتەکانــی کــورد دەکات، هاوشــێوەی پێکهاتەکانــی تــری گەلــی عێــراق.

جێــی ئاماژەیــە کــورد لــە نــاو لیژنــەی ئامادەکــردن و داڕشــتنی دەســتور ڕۆڵــی ســەرەکی گێــڕاوە و توانیویــە ئــەو بابەتانــە بووروژێنــێ کــە بــە ســوودی بگەڕێتــەوە.

لــەو پێشــەکییە بــاس لــە شــەهیدانی کــورد و کۆمەڵکــوژی هەڵەبجــە و بــارزان و ئەنفــال و کــوردی فەیلــی کــراوە.

دەســتوور دانــی بــەوەدا نــاوە کــە عێــراق وڵاتێکــی فــرە نەتەوەیــە و نەتــەوەی کــورد دووەم نەتــەوەی ســەرەکییە لەپــاڵ نەتــەوەی عــەرەب

و مافێکـــی مەعنـــەوی و کەلتـــووری و دەســـتووری و جێبەجێکردنـــی سیاســـی و ئابـــووری پێبەخشـــیوە و گرنگتریـــن شـــت، کـــورد بەدەســـتی هێنـاوە ئەوەیـە کـە دان بەشـەرعییەتی هەرێـم نـراوە و دەسـەڵاتی پـێ بەخشـراوە، لایەنـە ئاسایشـی و سـەروەرییەکانیش بگرێتـەوە وەک ئـەوەی لـەم ماددانـەی خـوارەوە هاتـووە:

**ماددەی ١١٧:**

**یەکـەم:** ئـەم دەسـتوورە لـە ڕێکەوتـی پیادەکردنیـەوە دان بـە هەرێمـی کوردسـتان و ئەو دەسـەڵاتەی ئێسـتایدا دەهێنێت وەك هەرێمـێکی فیدراڵی.

**ماددەی (١٢٠):**

هەرێـم دەسـتوورێك بۆخـۆی دادەڕێژێـت، هەرەمـی دەسـەڵاتەکانی هەرێمـی کوردسـتان و میکانیزمـی بەکارهێنـانی ئەو دەسـەڵاتانە دیاریدەکات بەمەرجێـك ناکـۆك نەبێـت لەگـەڵ ئـەم دەسـتوورەدا.

**ماددەی (١٢١):**

**یەکـــەم:** دەســـەڵاتی هەرێمـــەکان مـــافی پیادەکـــردنی دەســـەڵاتەکانی یاســادانان و ڕاپەڕانــدن و دادوەریــان هەیــە بەگوێــرەی ئــەم دەســتوورە جگــە لــەو دەســەڵاتانەی کــە تایبەتــن بــە حکومــەتی فیدراڵیــەوە.

**دووەم:** حکومـەتی هەرێـم مـافی هەموارکـردنی جێبەجێکـردنی یاسـای فیدراڵـی لـە هەرێمەکـەدا هەیـە ئەگـەر ناکـۆکی یـان دژیـەك لەنێوان یاسـای فیدراڵـی و یاسـای هەرێمـدا هەبـوو لەسـەر بابەتێـك کـە لـە سـنووری ئـەو دەسـەڵاتانەدا نەبێـت کـە تایبەتـن بـە حکومـەتی فیدراڵـی.

**سـێیەم:** دەبێـت لـەو داهاتانـەی لـە حکومـەتی فیدراڵیـدا بەدەسـت دەهێنرێـت پشـکێکی گونجـاو بـۆ هەرێمـەکان تەرخـان بکرێـت کـە بـەشی هەسـتان بـە ئەرکـەکانی بـکات بـە لەبەرچاوگرتنـی داهـات و پێویسـتیەکانی و ڕێـژەی دانیشـتوانیشی.

**چـوارەم:** نووسـینگەی تایبـەت بـە هەرێـم و پارێـزگاکان دەکرێتـەوە لـە باڵوێزخانـەو نێـردە دبلۆماسـیەکاندا بەمەبەسـتی بەدواداچـوونی کاروبـاری ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی و گەشـەپێدان.

**پێنجـەم:** هەرچـی پەیوەنـدی بـە بەڕێوەبـردنی هەرێمـەوە هەیـە لـە ئەسـتۆی حکومـەتی هەرێمدایـە بەتایبـەتی پێکهێنـان و ڕێکخسـتنی هێـزەکانی ئاسـایشی ناوخـۆی هەرێـم وەك پۆلیـس و ئاسـایش و پاسـەوانی هەرێـم.

لـە مـاددەی ١٢٦ ئامـاژە بـە دەسـکەوتەکان و دەسـەڵاتەکانی کـورد کـراوە کـە بـە هیـچ شـێوەیەك ناتوانـرێ پێشـێل بکرێـت، ئەگـەر ڕەزامەنـدی پەرلەمانـی کوردسـتان و دانیشـتوانەکەی لەسـەر نەبێـت

**ماددەی (١٢٦):**

**چـوارەم:** نابێـت هیـچ هەموارکردنێـك لـەو مادانـەی دەسـتوردا ئەنجـام بدرێـت کـە دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ئـەو دەسـەڵاتانەی هەرێمـەکان کـە ناکەونـە سـنووری دەسـەڵاتە تایبەتـەکانی حکومـەتی فیدراڵیـەوە تەنیـا بـە ڕەزامەنـدی دەسـەڵاتی یاسـادانانی هەرێمـی پەیوەندیـدار و ڕەزامەنـدی زۆرینـەی دانیشـتوانی لـە ڕێـگای ڕاپـرسی گشـتیەوە.

ئـەوەی پەیوەسـت بێـت بـە لایەنـەی کەلتـووری و خوێندنـەوە، ئـەوا لـە بەنـدی یەکـەم، لـە ژێـر بنەمـا گشـتیەکان، مـادەی (٤)، یەکـەم هاتـووە:

**یەکـــەم:** زمـانی عەرەبـی و کـوردی دوو زمـانی فـەرمین لـە عێراقـدا، مـافی سـەرجەم عێراقیـەکان پارێـزراوە لـە فێرکـردنی ڕۆڵەکانیـان بـە زمـانی دایکیـان وەك تـورکمانی و سریـانی لـە دەزگاکانی فێرکـردنی دەوڵەتـدا بـە پێـی یاسـا پەروەردەییـەکان، یـان بـە هـەر زمانـێکی دیکـە لـە دەزگاکانی فێرکـردنی تایبەتـدا.

**دووەم:** سـنووری دەسـتەواژەی زمـانی فەرمـی دیاریدەکرێـت، چۆنیـەتی جێبەجێکـردنی حوکمـی ئـەم مادەیـەش بـە یاسـا ئـەم خاڵانـە دەگرێتـەوە:

أ. دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب. قسـەکردن و وتووێـژو دەربڕیـن لـە بـوارە فەرمیەکانـدا بەهەریـەك لـە دوو زمانەکـە وەك ئەنجومـەنی نوێنـەران و ئەنجومـەنی وەزیـران و دادگاکان و کۆنگـرە فەرمیـەکان.

ج. داننـان بـە بەڵگەنامـە فەرمیـەکان و ئاڵوگۆڕکـردنی نامـە و دەرکـردنی بەڵگەنامـە فەرمیـەکان بـە هـەردوو زمـان.

د. کردنـەوەی قوتابخانـە بـە هـەردوو زمانەکـە بـە پێـی یاسـا پەروەردەییـەکان.

ه. هـەر بوارێـکی دیکـە کـە بنەمـای یەکسـانی بیگرێتـەوە، وەك پـارە و پەسـاپۆرت و پـوول.

**سـێیەم:** دامـودەزگا فیدراڵـی فەرمیـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان هـەردوو زمانەکـە بەکاردەهێنـن.

لایەنە سـەروەرییەکانی تر کـە گرینگییان هەیە بە هێمای وڵات دادەنرێن

لـە مـاددەی (١٢، یەکەم) هاتووە: ئاڵاو دروشـم و سرووودی نیشـتمانی بە یاسـا ڕێـك دەخرێت بەمەرجێـك ئاماژە بە پێکهێنەرەکانی گـەلی عێراق بکەن.

ئـەوەی بـووە بـە نەریتـی سیاسـی لـە عێراقـدا، ئەوەیـە کـەوا سـەرۆك کۆمـار لـە پێکهاتـەی کـورد دەبێـت، ڕاسـتە دەسـەڵاتی جـێ بەجێکردنـی لـە ڕووی دەسـتورەوە لاوازە، بـەڵام ڕۆڵـی مەعنـەوی و سـەروەری گـەورەی پـێ بـەخشراوە، چونکـە سـەرۆك کۆمـار بـە پێـی دەقـی مـاددەی (٦٧) ژمارەیەك ئەرکـی گرینـگ ئەنجـام دەدات، کـە دەڵـێ:

سـەرۆك کۆمـار سـەرۆکی وڵات و نیشـانەی یەکپارچەیـی نیشـتمان و سـەروەری وڵاتـە، هەوڵـدەدات بـۆ پابەنـد بـوون بـە دەسـتورو پارێـزگاری لـە سـەربەخۆیی و سـەروەری و یەکێتـی و پاراسـتنی خـاکی عێـراق بـە پێـی برگـەکانی دەسـتور.

هەروەهـا دەسـتوور دانـی بـەوەدا نـاوە، کـورد لەگـەڵ عـەرەب و پێکهاتەکانـی تـر یەکسـانە لـە ئامادەبوونـی پەرلەمانیـدا بەبـێ جیـاوازی لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز و زمـان و نەتـەوە و مافـی پەرلەمانییـان لـە مافـی عـەرەب کـەمتر نـاکات.

لـە دەقـی مـاددەی (٤٩) هاتـووە، لـە بەنـدی سـێیەم، دەسـەڵاتە فیدرِاڵییـەکان، لقـی یەکـەم، ئەنجومـەنی نوێنـەران، یەکـەم: ئەنجومـەنی نوێنـەران لـە ژمارەیـەك ئەنـدام پێکدێـت بـە ڕێـژەی یـەك کـورسی بـۆ سـەدهەزار کـەس لـە دانیشـتوانی عێـراق، نوێنەرایـەتی گـەلی عێراقـی دەکـەن بـە گشـتی. هەڵبژاردنیشـیان بـە ڕێگـەی دەنگـدانی ڕاسـتەوخۆ و نهێنـی دەبێـت، ڕەچـاوی نوێنەرایەتیکـردنی سـەرجەم پێکهاتـەکانی گـەلی عێراقیـش دەکرێـت.

لــە بــواری ئابــووری مــاددەی (١١١) دەڵــێ، نــەوت و غــازی مــوڵکی ســەرجەم خــەڵکی عێراقــن لــە هەمــوو هەرێــم و پارێزگاکانــدا.

مــاددەی (١١٢) دەڵــێ، یەکــەم: حکومــەتی فیدراڵــی لەگــەڵ هەرێــم و پارێــزگا بەرهەمهێنــەرەکان نــەوت و غــازی بەرهەمهــێنراوی کێڵگــەکانی ئێســتا بەڕێوەدەبــات بەمەرجێــك داهاتەکانیــان بەشــێوەیەکی دادپــەروەری و بەگوێــرەی دابەشــبوونی دانیشــتوان لەســەرجەم پارچــەکانی وڵاتــدا دابــەش بکرێــت لەگــەڵ دیاریکــردنی پشــك بــۆ ماوەیــەك بــۆ ئــەو هەرێمــە زیانلێکەوتوانــەی ڕژێمــی پێشــوو بێبــەشی کردبــوون و ئەوانــەش کەپــاشتر زیانیــان لێکــەوت بەجۆرێــك گەشەســەندنێکی هاوتەریــب بــۆ ناوچــە جیــاوازەکانی وڵات مســۆگەر بــکات، ئەمــەش بــە یاســا ڕێکدەخرێــت.

هەروەهــا لــە دەســتوردا کــورد دەســەڵاتی حکومــی و ئیــداری بەدەســتهێناوە کــە بەشــێکیان بــاس لــە هاوبەشــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان دەکات لەگــەڵ حکومەتــی فیدراڵــی و هەندێکــی دیکــەش تایبەتــە بــە حکومەتــی هەرێــم، وەکــوو ئــەوەی لــە مــاددەی (١١٤) هاتــووە و دەڵــێ؛

دەســەڵاتە هاوبەشــەکانی نێــوان حکومــەتی فیــدراڵ و حکومــەتی هەرێمــەکان ئەمانــەن:

**یەکــەم:** بەڕێوەبــردن و ڕێکخســتنی گومــرگ بەهەماهەنگــی لەگــەڵ حکومــەتی هەرێمــەکان و ئــەو پارێزگایانــەی ناکەونــە ســنووری هیــچ هەرێمێکــەوە. ئەمــەش بــا یاســا ڕێکدەخرێــت.

**دووەم:** ڕێکخستن و دابەشکردنی سەرچاوە سەرەکیەکانی وزەی کارەبا.

**سێیەم:** ڕەنگڕێـژی سیاسـەتی ژینگـە بەمەبەسـتی دڵنیابـوون لە پاراسـتنی ژینگـە لـە پیسـبوون و پارێزگاریکـردن لـە خاوێنـی بەهـاوکاری لەگـەڵ هەرێمـەکان و ئـەو پارێزگایانـەی ناکەونـە سـنووری هیـچ هەرێمێکـەوە.

**چوارەم:** ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتەکانی گەشەپێدان و پلاندانانی گشتی.

**پێنجـەم:** ڕەنگڕێژکردنی سیاسـەتی تەندروسـتیی گشـتی بەهـاوکاری لەگەڵ هەرێمـەکان و ئـەو پارێزگایانـەی ناکەونە سـنووری هیـچ هەرێمێکەوە.

**شەشـــەم:** ڕەنگڕێژکـــردنی سیاســـەتی فێرکـــردن و پـــەروەردەی گشـــتی بەڕاوێـــژ لەگـــەڵ هەرێمـــەکان و و ئـــەو پارێزگایانـــەی ناکەونـــە ســـنووری هیـــچ هەرێمێکـــەوە.

**حەوتـەم:** ڕەنگڕێژکـردنی سیاسـەتی سـامانە ئاویـەکان و ڕێکخسـتنیان بـە جۆرێـك کـە دادپـەروەری بهێنێتـەدی و ئـەوەش بەیاسـا ڕێکدەخرێـت.

**ماددەی (١١٥):**

هەرشـــتێك لـــە ســـنوری دەســـەڵاتە تایبەتـــەکانی حکومـــەتی فیدراڵیـــدا ئامـــاژەی پێنەکرابێـــت، ئـــەوە دەبێتـــە دەســـەڵاتی هەرێمـــەکان و ئـــەو پارێزگایانـــەی ناکەونـــە ســـنووری هیـــچ هەرێمێکـــەوە. ئەگـــەر ناکـــۆکی دروســـتبوو لەســـەر دەســـەڵاتە هاوبەشـــەکانی نێـــوان حکومـــەتی فیدراڵـــی و حکومـــەتی هەرێمـــەکان، ئـــەوا پێشـــینە بـــۆ یاســـای هەرێمەکەیـــە.

مـاددەی (١٤١) بـاس لـە لایەنـە یاسـاییەکان دەکات و دانی بـە ڕەوایەتی یاسـاکانی هەرێـم نـاوە، کە دەقەکـەی بەم شـێوەیەیە:

کارکـردن بـەو یاسـایانەی لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٩٢ەوە

دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون، کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون - لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان -ئەگەر هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت.[١]

بەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، دەتوانین بە ئاسانی بەرچاوڕوونیمان هەبێت لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان لەناو دەستوری عێراق کە بە دڵنیاییەوە لەبەرامبەر ئەو هەموو خەبات و تێکۆشان و ئەو هەموو نەهامەتی و ئازارەی، بەدەستی ڕژێمی داپڵۆسێنەر و ستمەکار بینیویە و بەو هەموو هەوڵەی بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمە زۆر نییە و دەتوانرا زیاتر بێت، بینیمان چۆن دەسەڵاتداران لە بەغدا بە نەفەسێکی نزمی تایفەگەری زیاتر لە ٥٥ ماددەی دەستوریان پێشێلکرد و خۆیان لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو ماددانە دەدزییەوە.

سەرۆك مەسعود بارزانی هەر زوو لەساڵی ٢٠١٠ هەستی کرد، عێراقی نوێی داوی ٢٠٠٣ بەرەو هەڵدێر و تاکڕۆیی هەنگاو دەنێ و لە زۆر بۆنەدا باسی لەو مەترسییە و لە نیازخراپی دەسەڵاتداران لە بەغدا کردبوو، کە مەبەستیانە عێراق بە لاڕێ بەرن و هەنگاو بەرەو دیکتاتۆرییەت بنێن و ئەو وڵاتە بەرەو چارەنووسێکی نادیار ئاراستەبکەن.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، منذر الفضل، مشکلات الدستور العراقي، جذوره، کتابته، تفسیره، تعدیلاته، رؤیة قانونیة-سیاسیة- لمستقبل الدیمقراطیة في العراق، دار آراس للطباعة والنشر ٢٠١٠.

سـەپاندنی ویسـتی تایفەگەری و پەراوێزخستنی کورد و پێشێلکردنی مافە ڕەواکانـی و کارکـردن بـۆ لاوازکـردن و نەهێشـتنی ڕۆڵی کورد لـە بەڕێوەبردن و حوکمڕانی کە لەسـەر بنەمای سـازان و هاوسـەنگی و هاوبەشـی پێکهاتبوو، گەلـی کوردسـتانی هاندا، بـەدوای ڕێگە چـارەی تر بگەڕێ.

دەسـەڵاتی بەغـدا گەلـی کـوردی بـە هاوبەشـی خـۆی نەدەبینـی و گەلی کوردسـتانیش، سـەرەڕای هەمـوو هەوڵەکانـی بـۆ پاراسـتنی مافـە ڕەواکانـی خـۆی کـە لـە دەسـتوری ٢٠٠٥ ئاماژەیان پێکـراوە و بۆ گەیشتن بە شـێوازێ لە حوکمڕانـی عەقلانـی و قبووڵکـراو، بـێ گومـان پاشـکۆیەتی ڕەتکردەوە.

دۆزی کـورد بابەتێکـی ناوچەیـی و هەرێمـی نییـە، بەڵکـو بەشـێکە لـە هاوکێشـەکانی هاوسـەنگی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی، بەتایبەتـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

هەمـوو لایەنـەکان ئـەوە دەزانـن، بـەڵام هـەر لایـەك مەبەسـتیە پێگـەی خـۆی بەهێـز بـکات وەکـوو ئامادەکارییـەك بـۆ ئـەو گۆڕانکارییـە ستراتیـژە نێودەوڵەتییـەی لـە ناوچەکـە ڕوودەدات.[1]

لەگـەڵ ئەوەشـدا مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس بنەمایەکـە لـە بنەمـا سـەرەکییەکانی یاسـای نێودەوڵەتـی گشـتی و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی لەسـەری ڕێککەوتـووە و دواتـر لـە ڕێگـەی دادگای دادی نێودەوڵەتـی ئـەو مافـە بەهێزتـر بـووە، بۆیـە ڕیفراندۆمـی گەلـی کوردسـتان لەپێنـاو دیاریکردنـی مافـی چارەنـووس بـوو بـە پێویسـتی و بـە ئەرکێکـی ئەخلاقـی لـەو چوارچێوەیـەدا.

(١) عايـدة الـعلي سري الديـن، الأكـراد في العـالم تاريخهـم و مسـتقبلهم، الـدار العربيـة للعلـوم، نـاشرون، الطبعـة الاولـى، لبنـان ٢٠١٨، لاپـەڕە١٣٤.

ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا ڕاپرسییەکی دەستوری و یاسایی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دادگای باڵای عێراق ئەو ڕیفراندۆمەی بە نادەستوری خوێندەوە، ئەمەش ئەو ڕاگەیاندنەی سەرۆکی ئەوکاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، پشت ڕاست دەکاتەوە، کەوا ئەو دادگایە سەربەخۆیانە بڕیاری نەداوە، بەڵکوو لەژێر فشاری سیاسی و فشاری حکومەتی فیدراڵی عێراق ئەو بڕیارەی دەرکردووە.[١]

ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ساڵی ٢٠١٧ خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ناوچەکەدا.

هەرچەندە ئەم ڕیفراندۆمە ئەنجامی سیاسی دەستبەجێی نەبوو، بەڵام نیشانی جیهان دا، کە گەلی کورد سوورە لەسەر بەدیهێنانی ئاواتە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆی و لە داهاتوودا قۆناغێکی نوێ دێتە پێشەوە، تیایدا کورد بتوانێ سوود لەم کارتە سیاسی و یاساییە گرینگە وەربگرێت.

(١) صانع شریف، ڕاپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی، چپخانەی دانیشفەر، ٢٠٢٢، ل ٢٠٠.

**ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم**

بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان پێویسـت بـوو کار لەسـەر یەکخسـتنی هەڵوێسـتی کـورد بکرێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ ئـەو مەبەسـتە سـەرۆك بارزانـی چەندیـن دیـداری لەگـەڵ لایـەن کوردسـتانییەکان لـە هەرێـم ئەنجـام دا، تـا بۆیـان ڕوون بکاتـەوە، کـەوا دوو بـژاردە لەبـەر دەسـت گەلـی هەرێمـی کوردسـتانە، یـان دەبێـت هاوبـەش بـن لـە دەوڵەتـی عێـراق، یانیـش وەکـوو سـەد سـاڵی ڕابـردوو هـەر لـە بازنەیەکـی بەتاڵـدا بسـوڕێینەوە، کاتـێ بەغـدا لـە توانایـدا نەبێـت کـورد وەکـوو هاوبـەش قبـووڵ بـکات، ئـەوا دەبێـت گەلـی کوردسـتان ڕێـی خـۆی بگرێتـە بـەر و قسـەی خـۆی بـکات. (١)

لـە ٧ی حوزێرانـی ٢٠١٧ سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان و لایەنـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان و نوێنـەری پێکهاتەکانـی کوردسـتان لــە کۆبوونەوەیەکــی مێژووییــدا بڕیارێکــی مێژووییــان دا و ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولـی ٢٠٢٥ یـان وەکـو ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانـی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم دیـاری کـرد.

لەهەمـان ئـەو کۆبوونەوەیەشـدا بەشـداربوونی کۆبوونـەوە ڕێککەوتـن لەسـەر کاراکردنـەوەی پەرلەمانـی کوردسـتان، کـە مـاوەی دوو سـاڵ بـوو لـەکار کەوتبـوو و کارکـردن بـۆ نەهێشـتنی کێشـە سیاسـییە ناوخۆییـەکان.

ئـەو خاڵانـەی، کـە ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە لەسـەری ڕێککەوتبـوون بریتـی بـوو لـە:

---

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، ٢٠٢٢، ل ٧٧.

**یەکـــەم:** ڕۆژی ٢٥ی ٩ی ٢٠١٧ وەکـــوو ڕۆژی ئەنجامدانـــی ڕێفرانـــدۆم لـــە هەرێمـــی کوردســـتانی عێـــراق و ناوچـــە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی ئیـــدارەی هەرێـــم دیـــاری کـــرا.

**دووەم:** هـــەر لـــە ڕۆژی کۆتایـــی کۆبوونەکـــە هەتـــا کاتـــی بەڕێوەچوونـــی ڕیفرانـــدۆم لایەنـــەکان کار بـــۆ کاراکردنـــەوەی پەرلەمـــان و چارەســـەرکردنی کێشـــە سیاســـییەکان بکـــەن، ئـــەوەش لـــە پێنـــاو بەدەســـتهێنانی کۆدەنگیـــی نیشـــتمانی.

**سێیەم:** جەخـت لەسـەر چاککردنـەوەی بژێـوی خەڵـك و ئاوڕدانـەوە لـە کێشـە ئابوورییەکانـی هاوڵاتیانی کوردسـتان و مووچەخـۆر و چینوتوویژەکان و خەڵکـی کەمداهـات کرایەوە.

**چـــوارەم:** بڕیـــار درا بـــە پێکهێنانـــی ئەنجومەنـــی بـــاڵای ڕیفرانـــدۆم بـــە ســـەرۆکایەتی ســـەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتان. هەروەهـــا بڕیـــار درا تـــا ڕێکەوتـــی ١٢ی ٦ی ٢٠١٧ پارتـــە سیاســـییەکان نوێنـــەری خۆیـــان بـــۆ بەشـــداربوون لـــە چەنـــد کۆمیتـــەی تایبـــەت بـــە ڕیفرانـــدۆم و دوای ڕیفرانـــدۆم دیـــاری بکـــەن.

لـە ڕۆژی ٨ی ٦ی ٢٠١٧ بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە ٢٥ی ٩ی ٢٠١٧ لـە ڕێگـەی فەرمانێکی هەرێمی دەکرا و کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسـی لـە هەرێمی کوردسـتان بۆ جێبەجێکردنـی ئەو بڕیارە ڕاسـپێردرا.(١)

ئـــەوە بـــوو دواتـــر پەرلەمـــان بـــە زۆرینـــەی دەنـــگ پاڵپشـــتیکردنی ڕیفراندۆمـــی پەســـەند کـــرد.

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، ٢٠٢٢، ل٨٠..

بــۆ چەســپاندنی شــەرعییەتی جەمــاوەری، پلانــی ڕیفرانــدۆم وەکــوو هەنگاوێکـی سـیمبوڵی بـوو، نـەوەك ڕاگەیاندنی دەسـتبەجێی سـەربەخۆیی، زۆریــش جەخــت لەســەر ئــەوە کرایــەوە کــە ڕیفرانــدۆم بــە مانــای جیابوونـەوەی ئۆتۆماتیکـی نییـە، بەڵکـو سـەرەتایەکە بـۆ دیالـۆگ لەگـەڵ بەغـدا، تـا لـەو ڕێگەیـەوە و بـە شـێوەیەکی ئاشـتیانە بابەتـی سـەربەخۆیی هەرێمــی کوردســتان بەڕێــوە بچێــت.

پێشـووتر سـەرۆك بارزانـی لـە چوارچێـوەی جووڵەی دیپلۆماسـی لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی کاری ئەنجـام دابـوو.



بـۆ نموونـە لە مانگـی ئایـاری ٢٠١٥ سـەرۆك بارزانی دوای بەدەسـتهێنانی پشـتگیری سیاسـی لایەنـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان سـەردانی ئەمریـکای کـرد و لـە ٥ی ئایـاری ٢٠١٧ لەگـەڵ سـەرۆك بـاراك ئۆبامـا و جێگری سـەرۆك جـۆ بایـدن لـە کۆشـکی سـپی کۆبوویەوە.

لـەو کۆبوونـەوە دیپلۆماسـییە سـەرۆك بارزانـی بـە تێرۆتەسـەلی باسـی لـەو قۆناغانـە کـرد کـە گەلـی کوردسـتان لەسـەرەتای دامەزراندنـی عێراقەوە

تـا کاتــی ســەردانەکەی بــە قوربانیــدان دووچــاری بــووە، دواتــر باســی لــە هەنگاونانــی گەلــی هەرێمــی کوردســتان بــۆ ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم کـرد، سـەرۆك ئۆبامـا لـە وەڵامـدا وتـی، مـن لـە نیـاز و تەمـای کـورد بـۆ سـەربەخۆیی تـێ دەگـەم و بەختـەوەرم لێتـان دەبیسـتم، کـە لـە ئێسـتادا ئەولەوییـەت بـۆ ڕاماڵیـن و نەهێشـتنی داعشـە، دۆسـیەی کـورد لـە دەسـتی جێگـرم جـۆ بایدنـە، لەگـەڵ ئـەو قسـە لەسـەر ئـەو بابەتـە بکـەن.

لـە ٦ی ئایـاری ٢٠١٥ سـەرۆك بارزنـی لەگـەڵ جێگـری سـەرۆکی ئەمریکا، جـۆ بایـدن، دانیشـتنێکی درێـژی هەبـوو، بابەتـی سـەربەخۆیی کوردسـتان ورووژێنرا و دواتـر جـۆ بایدن بە سـەرۆك بارزانی وت،»مـن و تۆ هەردووکمان لـە تەمەنـی خۆماندا سـەربەخۆیی کوردسـتان بە چـاوی خۆمـان دەبینین.»[1]



لــە ســەردانەکەی ٢٩ی مانگــی ئەیلوولــی ٢٠١٦ ســەرۆك بارزانــی ســەردانی بەغــدای کــرد و کۆبوونــەوەی بەرفراوانــی لەگــەڵ کەســایەتییە

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژووی، ٢٠٢٢، ل٦٨.

عێراقییەکان و سەرۆك کوتلە سیاسییەکانی عێراق ئەنجامدا. بە سەرکردە شیعەکانی گوت،»ئێمە لە دوو قۆناغ لە شەراکەت فەشەلمان هێنا و دەبێ بە دوای چارەیەکی تازەدا بگەڕێین و داهاتوو لەسەر بنەمایەکی تر بنیات بنێین، وەرن با بە لێکتێگەیشتن ببینە دوو برا و دوو دراوسێی ڕاستەقینە، مادام ناتوانین شەریك بین. داوا دەکەین لێمان تێ بگەن...زۆربەی کەسایەتییە شیعەکان لەسەر ئەوە هاوڕا بوون، کە لە ڕابردوو هەڵەی زۆر ڕووی داوە و دەبێ بە دوای چارەدا بگەڕێین، بەڵام هەر ڕێگەیەك و بژاردەیەك هەبێ نابێ شەڕ و خوێنڕشتن ڕوو بدات. هەر لەوێ بڕیار لەسەر ئەوە درا کە لە بەغدا لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنرێت بۆ گفتوگۆ و دیراسەکردنی پەیوەندییەکان لە داهاتوودا کە ئایا شەریك بمێنینەوە یان ببینە دراوسێ، کە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ لێکتێگەیشتن هەبێ.»[١]

لە ڕاستیدا ڕیفراندۆم لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و پەرلەمانەوە بڕیاری لەسەر درا، کەواتە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بڕیارێکی تاکە کەسی نەبووە، بەڵکو بڕیاری هەموو هێزە سیاسییەکان و دامودەزگا کوردییەکان بوو، هەرچەندە بەهۆی داعشەوە پرۆسەی ڕیفراندۆم دواخرا. بۆیە دەکرێ بڵێین دواتر کە کاتەکەی ڕاگەیاندرا و بڕیارەکەش بەکۆمەڵ بوو و سەرجەم هێزە کوردییەکان لەو بڕیارە بەشداربوون.[٢]

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، ٢٠٢٢، ل٧٣.

(٢) الرئيس بارزانی: الإستفتاء ضَمِن مستقبل شعب کوردستان
https://www.masoudbarzani.krd/ar/

**هەڵوێستی عێراق بەرامبەر بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم:**

ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، دهۆك، سلێمانی) و هەروەها لە هەندێ لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، وەکوو کەرکووك، ئەنجامدرا و نزیکەی ٩٢٪ بە بەڵێ دەنگیان بە سەربەخۆیی دا لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە گرینگییەکی زۆرەوە تەماشا کرا و هەر لایەنێ بە شێوەی خۆی بەرامبەر بەم پرۆسە مێژووییە هەڵوێستی دەربڕی.

حکومەتی عێراق ڕیفراندۆمەکەی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕەتکردەوە و بە نادەستووری زانی.

بیانووی عێراق ئەوە بوو، گوایە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دەقێکی ڕوون بوونی نییە کە ڕێگە بە جیابوونەوە بدات. لەتەنیشت ئەوەوە بەغدا ڕێوشوێنی توندی گرتەبە، وەکوو داخستنی فرۆکەخانەکان بەڕووی گەشتە نێودەوڵەتییەکان، ناردنی هێزەکانی فیدراڵی بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بۆ کەرکوك و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی کرد وەکوو مەرجێک بۆ دانوستاندن.

حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی ڕیفراندۆمی بە هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەبینی و مەبەستی بوو دەسەڵاتی دەوڵەت پاش شەڕێکی دورودرێژ لەگەڵ داعش بچەسپێنێ و ترسی لەوەش هەبوو، کەوا پێکهاتەی تر، بۆ نموونە سوننەکان، دەرگای داواکاری هاوشێوەی هەرێمی کوردستانیان بۆ بکرێتەوە.

کەواتــە لەســەر ئاســتی حکومەتــی فیــدڕاڵ ئــەو بۆچوونــە زاڵ بــوو، کــەوا حکومەتــی عێراقــی لەســەر بنەمــای دەســتور کــە مەرجەعێکــی یاســایی و سیاســییە و پەیوەندییەکانــی نێــوان حکومەتــی فیــدڕاڵ و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتانی دیاریکــردووە، هــەر هەڵوێســت و هەنگاوێــک لەلایــەن هــەر لایەکــەوە لــە عێــراق بنرێــت دەبــێ لەســەر بنەمــای دەســتور بێــت و بگونجــێ لەگــەڵ ناوەڕۆکەکــەی و گوایــە ئاینــدەی عێــراق تایبــەت نییــە بــە لایەنێــك بــە بــێ حیســاب کــردن بــۆ ئەوانــی تــر، هــەر بڕیارێکێــش لەســەر ریفرانــۆم پێویســتە بــە ڕاوێــژ لەگــەڵ لایەنەکانــی تــر بێــت و کۆدەنگــی نیشــتمانی لەســەر بێــت.

زۆربــەی حزبــە سیاســییەکان لــە عێــراق هەڵوێســتێکی نەرێنیــان نوانــد بەرامبــەر بــە ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم، بــۆ نموونــە بــەرەی تورکمانــی لــە ١٠ی حوزەیرانــی ٢٠١٧ ڕایگەیانــد، ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان ڕەت دەکاتــەوە و ئــەو هەنــگاوەی بــە پێچەوانــەی دەســتوری عێــراق دانــا، کــە جەخــت لەســەر یەکپارچەیــی عێــراق دەکات. بــەرەی تورکمانــی ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم لــە ناوچــە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیــدارەی هەرێــم بــە تاکلایەنــە و دژ بــە خواســتی تــورکمان و عــەرەب و پێکهاتەکانــی تــر ئەژمــار کــرد. (١)

ڕەوتــی ســەدر بــە ســەرۆکایەتی موقتــەدا ســەدر لــە ٤ی تەمــووزی ٢٠١٧ بەیاننامەیەکــی بڵاوکــردەوە، لــە بەیاننامەکــە داوای لەســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان کــرد، بابەتــی ڕیفرانــدۆم بــۆ جیابوونــەوە لــە عێــراق دوابخــات.

---

(١) جريــدة المــدى، العــرب و التركمان مــع تحييــد المتنــازع عليهــا، تشــكيل لجنــة في كركــوك لإجــراء اســتفتاء إقليــم كردســتان، العــدد (٣٩٤٦)، ٢٠١٧/٦/١١، ص٢.

دواخستنەکەش ببێتە هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ڕیفراندۆم لە ئایندەدا.[١]

بەدەر لەوەش هاوپەیمانی شیعەکان لە ٢٠١٧/٧/٩ لە ڕاگەیەنراوێکدا، کە بڵاویان کردەوە باسیان لە ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە هەرێمی کوردستان کرد و بە کارێکی نادەستوریان دانا.

بە هەمان شێوە مەرجەعە شیعەکان دژایەتی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئاشکرا کرد و بە زمانێکی هەڕەشەئامێز جاڕیان دەدا، کەوا ڕیفراندۆم ئەنجامی کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە و شەقامیان جۆش دەدا، دژی ڕیفراندۆم ڕاوەستن.

لای خۆیەوە عەمار حەکیم،، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق لە ٢٠١٧/٧/٣ سەردانی تارانی کرد و لەگەڵ عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامی کۆبوویەوە و جاڕی دا، کەوا دژ بە دابەشبوونی عێراقە و پێویستە کورد و شیعە و سوننە پێکەوە بە یەکگرتوویی لە عێراق بمێننەوە، چونکە دابەشبوونی عێراق کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوچە دەبێت.[٢]

نوری مالکی، کە ئەوکاتە لە پۆستی جێگری سەرۆککۆماری عێراق بوو، دژایەتی خۆی لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ پەیامنێرانی ئێرانی سەبارەت بە ڕیفراندۆم بەو شێوەیە دەردەبڕی، کەوا ڕیفراندۆم نایاساییە

---

(١) قناة العالم، الصدر يطالب بارزاني بـ(تأجيل استفتاء الإنفصال) تمهيدا لالغائه،٢٠١٧/٧/٤

(٢) ئاوێنە، عەمار حەکیم: دابەشبوونی عێراق تەنیا لەم وڵاتەدا کورتنابێتەوە و کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت. ٢٠١٧/٧/٤.

و دەستوری عێراق بە تەواوی دژیەتی و ئەو کارە هەڵەیەکی گەورەیە و زیان بە کورد دەگەیەنێت و کێشەکان بۆ کورد زیاتر دەکات.[(١)]

ئەگەرچی هاوپەیمانی هێزە عێراقییەکان، کە سونەکان دەگرێتەوە، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کەرکوك و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان قبوڵ نەبوو، بەڵام دژی ئەنجامدانی نەبوون لە ناو سنووری ئیدارەی هەرێم، دەبینین کەسایەتییەکی وەکو شێخ مەهدی سومەیدەعی، کە موفتی عێراق بوو لەو کاتەدا بە ئاشکرا ڕایگەیاند، کەوا ڕیفراندۆم جۆرێکە لە تیرۆر، کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، واتە پێکهاتەی عەرەبی سونەش بە شێوەیەکی نەرێنی هەڵویستی خۆی بەرامبەر بە ڕیفراندۆم نواند.[(٢)]

ئیبراهیم جەعفەری، کە ئەوکاتە وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدڕاڵ بوو، هەڵوێستی نەرمتر نەبوو لە هەڵوێستی لایەنە شیعەکان، لە ڕێگەی نووسینگەکەیەوە لە ٢٠١٧/٨/١٧ ڕاگەیەنرا، کەوا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لێکەوتەی دەبێت و زیان بە بەرژەوەندی کوردستان دەگەیەنێت و بێجگە لە عێراق ڕەنگدانەوەی لەسەر دەوڵەتەکانی ناوچەکە و بارودۆخی هەرێمیی و نێودەوڵەتی دەبێت.[(٣)]

قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتی عەسائیب ئەهلی حەق، لە

(1) Mehr News Agency, Kurds to suffer most from referendum, 2-7-2017, HTTPS://EN.MEHRNEWS.COM/NEWS/126865-TO-SUFFER-MOST-FROM-REFERENDUM

(٢) قناة العالم، مفتي العراق: الاستفتاء الكردي نوع جديد من الإرهاب، ٢٠١٧/٨/٢٢.

(٣) ڕۆژنامەی هەولێر، د. ڕۆژ نوری شاوێس: لە بەغدا ڕازی نەبووین بە دواخستنی ڕیفراندۆم، ژمارە (٢٦٦٩)، ٢٠١٧/٨/١٧، ل ٤.

وتارێکی، کە لە ٢٠١٧/٩/١ بڵاوکرایەوە، وتی، پاش جیابوونەوەی کورد لە عێراق، ناوچەکانی کە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی کورد بە داگیرکراو ئەژمار دەکرێت، ئەوکاتە هیچ عێراقییەك، نە حکومەت و نە پەرلەمان ئەو واقیعە قبوڵ ناکات.[١]

حەشدی شەعبی لە ڕێگەی سەرۆکەکەیەوە، فالح فەیاز، بە زمانێکی هەڕەشەئامێز لە ڕاگەیەنراوێکی ئاماژەی بەوە کرد، کەوا سەرپەرشتیکارانی ڕیفراندۆم باجی قورس دەدەن.[٢]

دواتر هەوڵیستە نەرێنییەکان و دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم گەیشتە قۆناغێکی پراکتیکی، باس لە هەڕەشەی پێکدادانی سەربازی و سزادانی هەرێم دەکرا. لە لایەکی ترەوە هەوڵ دەدرا، شەقامی عێراقی و عەرەبی و ئیسلامی لە دژی هەرێم بوروژێنرێ، کورد بە جوو و هەرێم بە ئیسرائیل بەراورد دەکرا، تا زیاتر ڕەوایەتی بەو دژایەتیکردنە بدرێت.

هەروەها ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئامادەبوونی ١٦٨ پەرلەمانتار لە ٢٠١٧/٩/١٢ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکردەوە، گوایە ئەم ڕیفراندۆمە دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری و یەکپارچەیی خاکی عێراق. جێگەی ئاماژەیە، کەوا نوێنەرانی کوردستان دانیشتنەکەیان بایکۆت کرد.

---

(١) قناة العربية، عصائب أهل الحق: نرفض استفتاء اقليم كردستان، ٢٠١٧/٩/١.

(٢) الجريدة، أكراد العراق يتحدثون الرفض و يصوتون من أجل الاستقلال، ٢٠١٧/٩/٢٤، https://www.aljarida.com/articles/1506263383357142100

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کەوا حزبی شیوعی عێراقی هەڵوێستێکی پێچەوانەی هەبوو، ئەو حزبە بە ڕاگەیەنراوێ لە ٢٠١٧/٧/٢٠، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی هەرێم کرابوو، ئاماژەی بەوە کردبوو، بەهۆی دۆخی ناوخۆ و ناوچەکە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گونجاو نییە و داوای گفتوگۆی نێوان هەر دوو لایەنی کردبوو.[(١)]

بەڵام حەیدەر عەبادی، کە ئەوکاتە سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، لە ٢٠١٧/٩/١٧ داواکارییەکی ئاراستەی دادگای فیدراڵی کرد و تێیدا داوای لەسەر هەر یەك لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تۆمار کردبوو و داوای لە دادگای باڵای فیدراڵ کرد، فەرمانێکی دەوڵەتی دژ بە بە هەرێمی کوردستان دەر بکات تا پرۆسەی ڕیفراندۆم بوەستێنرێت، گوایە ئەو پرۆسەیە دژ بە دەستورە و دەبێتە مایەی دابەشبوونی عێراق.[(٢)]

لەو ماوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی لە نێوان بەرپرسانی باڵا هاوئاهەنگی درووست بوو بۆ دژایەتی کردنی ڕیفراندۆم، کە هەڵگری پەیامێکی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستانە.

---

(١) جريدة المدى، الشيوعي العراقي: موعد الاستفتاء ليس مناسبا..ندعم الحوار الوطني.، العدد (٤٠٢٥)، ص ٣، ٢٠١٧/٩/٣.

(٢) ساسان حکمەت عەلی، ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، دەستەی ئینسیکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان،٢٠٢٤، ل ٢٢٠.

## هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

وڵاتانـی دراوسـێی هەرێمـی کوردسـتان، کـە لـە نـاو سـنووری سیاسـی درووسـتکراویان گەلـی کـورد بـە ژێردەسـتی دەژی، هـەر لەسـەرەتای ڕاگەیاندنـی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لەلایـەن هەرێمـی کوردسـتانەوە یـەك هەڵوێسـتیان گرتبووەبـەر، ئەویـش کارکردنیـان بـوو بـۆ پاشـگەزبوونەوەی گەلـی کوردسـتان لـەم بەشـەی کوردسـتان لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم.

کاتـێ وڵاتانـی درواسـێ لـەوە ئاگاداربوونـەوە کـە هەرێمـی کوردسـتان بڕیـاری خـۆی بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم داوە و پاشـگەز نابێتـەوە، هەڵوێسـتیان توندتـر کـرد و بـە سـزادان لـە ڕووی سیاسـی و ئابـووری و دیپلۆماسـییەوە هەڕەشـەی بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازییان دەکـرد دژ بـە هەرێمـی کوردسـتان، تـا پاشـگەزبێتەوە.

### هەڵوێستی ئێران:

لـە ناوەڕاسـتی مانگی ئابـی ٢٠١٧وە کۆمـاری ئیسلامی ئێـران هەوڵەکانی بـۆ هەماهەنگیکـردن لەگـەڵ هـەر یـەك لـە عێـراق و تورکیـا چڕکـردەوە بـۆ ڕێگریکـردن لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم.

سـەرۆکی دەسـتەی ئەرکانـی گشـتی سـوپای پاسـداران، لیـوا محەمـەد باقـری، لــە ٢٠١٧/٨/١٧ سـەردانی تورکیـای کـرد و چـاوی بـە سـەرۆك کۆمـاری تورکیـا، ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان کـەوت. لـەو چاوپێکەوتنەیـدا جەختـی لەسـەر یـەك هەڵوێسـتی کـرد دژ بـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان و کاری بـۆ ڕێککەوتـن کـرد لەسـەر هـاوکاری

سـەربازی و ئاسایشـی بەتایبەتـی لـە سـەر سـنوورەکان.[١]

ترسـی جمهـوری ئیسلامـی لـە ئێـران لـە کاریگـەری ئەنجامدانـی ڕیفـرادۆم بـوو لەسـەر ناوخـۆ و ئاسایشـی نەتەوەیـی ئـەو وڵاتـە و گوایـە ناسـەقامگیری لـێ دەکەوێتـەوە.[٢]

هەڵوێسـتەکانی جمهـوری ئیسلامـی لـە ئێـران لـە ئەیلوولـی ٢٠١٧ بەرامبـەر بـە هەرێمـی کوردسـتان توندتـر بـوو، گـەورە بەرپرسـانیان بـۆ دەرەوە، بـۆ نموونـە عەلـی شـەمخانی، سـکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشـی نەتەوەیـی، قاسـم سـولێمانی، فەرمانـدەی فەیلەقـی قـودس، مورتـەزا سـەفاری نەتەنـزی، ئەندامـی کۆمیسـیۆنی ئاسایشـی نەتەوەیـی و سیاسـەتی دەرەوەی ئەنجومەنـی شـورای ئیسلامـی، حەسـەن ڕوحانـی، هـەر یـەك لای خۆیـەوە ڕایـان دەگەیانـد، کـەوا ڕیفرانـدۆم قەیرانـی نـوێ دەخوڵقێنـێ و دەبێتـە مایـەی مەترسـی بـۆ سـەر یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و قەیـران و کێشمەکێشـی گـەورە و مەترسـیدار و گـەورە لـە ناوچەکـە هەڵدەگیرسـێنێ. ئەحمـەد جەننەتـی، کـە سـەرۆکی ئەنجومەنـی شـارەزایانی ڕێبەریـی ئێـران بـوو، هۆشـداری دا و وتـی، ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان ئیسـرائیلێکی نـوێ لـە ناوچەکـە دادەمەزرێنـێ.[٣]

---

(١) روزنامـه جمهـوری اسلامـی، در دیـدار باقـری و اردوغـان مطـرح شـد: تکیـد ایـران و ترکیـه بـر عـدم برگـزاری همەپرسـی در کردسـتان عـراق، شماره (١٠٩٤٨)، ٢٨/ مـرداد/١٣٩٦، ص١.

(٢) خبرگـزاری جمهـوری اسلامـی ایـران، آمیـر عبداللهیـان در دیـدار مشـاور دیپلماتیـک رئیـس جمهـور فرانسـه: برگـزاری رفرانـدوم در کردسـتان عـراق بحـران جدیـدی را رقـم مـی زنـد، ١٤/شـهریور/١٣٩٦. برگـزاري رفرانـدوم در کردسـتان عـراق بحـران جدیـدي را رقـم مـي زنـد - ایرنـا

(٣) خبرگـزاری جمهـوری اسلامـی ایـران، جدایـی کردسـتان بـە ضرر در منطقـە اسـت

تـاران ترسـی لـەوە هەبـوو جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتان کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر ڕۆڵـی هەرێمـی ئێـران هەبێـت پـاش، ئـەوەی کۆمـاری ئیسلامـی لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا پێگەیەکـی پێشـکەوتووی لـە عێـراق و سـوریا بەدەسـتهێنابوو. ئـەو هەنـگاوەی هەرێمـی بـە هاوتەریـب دەبینـی لەگـەڵ ڕەوتـی ئێسـتای ئەمەریـکا بـۆ کەمکردنـەوەی کاریگـەری ئێـران لـە ڕێگـەی پچڕاندنـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەی کـە تیایـدا چالاکـە.[١]

کۆمـاری ئیسلامـی تەنیـا بـەو دەربڕینانـە نەوەسـتا، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی وڵاتانـی ئیسلامـی و ڕێکخـراوە ئیسلامییەکانیـش هەوڵـی جـددی دا، بـۆ ئـەوەی کۆدەنگیەکـی ئیسلامـی دژ بـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان بەدەسـت بهێنـێ. عەبـاس عەراقچـی، کـەو ئەوکاتـە جێگـری کاروبـاری یاسـایی نێودەوڵەتـی بـوو لـە وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی ئێـران، لـە ٢٠١٧/٩/٢٢ لـە کۆبوونەوەیەکـی هەماهەنگـی وەزیرانـی کاروبـاری دەرەوە لـە ڕێکخـراوی هـاوکاری ئیسلامـی (Organisation of Islamic Cooparation) بـە ئاشـکرا دژایەتیکردنـی وڵاتەکـەی بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم دەربـڕی و دووپاتیکـردەوە، وڵاتەکـەی لەگـەڵ یەکپارچەیـی خاکـی عێراقـە.[٢]

---

آمریـکا و رژیـم صهیونسـتی بـه دنبـال ایجـاد تفرقـه هسـتند، ٢٨ شـهریور ١٣٩٧. جدايي كردسـتان عـراق بـه ضرر منطقـه اسـت/ آمریـکا و رژیـم صهیونیسـتي بـه دنبـال ایجـاد تفرقـه هسـتند - ایرنـا

(١) سـتار جبـار علاوي، أكـراد العـراق والاسـتفتاء، أبحـاث ستراتيجيـة ، العـدد ١٦ تشريـن الثـاني، مركـز بلادي للدراسـات والابحـاث الستراتيجيـة ،٢٠١٧، ص ٢٤٧

(٢) خبرگـزاری جمهـوری اسلامـی ایـران، عراقچـی: ایـران از حفـظ تمامیـت ارضـی، حاکمیـت و وحـدت ملـی عـراق حمایـت مـی کنـد، ١/مهـر١٣٩٦. حمایـت ایـران از

کۆماری ئیسلامی لە ئێران پێی وایە عێراقی پاش ٢٠٠٣ بووە مایەی ئەوەی ڕۆڵ و دەسەڵاتی شیعە پەرەبسەنێت و هەژموونی شیعە وەکوو زۆرینە لە عێراق فراوان بێت، بۆیە پاڵپشتی لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکات و دابەشبوونی عێراق لە دیدی کۆماری ئیسلامییەوە دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەبێتە هاندەر و کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر پارچەکانی تری کوردستان.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکرێت، کەوا زۆرینەی پارتە کوردستانییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەی جەماوەرییان هەیە، پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم دەربڕی و بە هەنگاوێکی نیشتمانی گرینگیان زانی، هەر بۆیەش داوایان لە لایەنگران و ئەندامانی خۆیان لە هەرێم و لە دەرەوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، ئاسانکاری بکەن بۆ ئەو بڕیارە مێژووییە و سەرخستنی ڕیفراندۆم.

---

حاکمیت ملی و تمامیت ارضی عراق

## هەڵوێستی تورکیا

لـە سـەرەتای سـەدەی ڕابـردووەوە مەسـەلەی کـورد حکومەتـی تورکیـا و عێراقـی سـەرقاڵ کـردووە، کـە هەڵوێسـتی هاوشـێوەیان هەبـووە بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد، بەکارهێنانـی میتـۆدی سـەربازی و ئەمنـی زاڵ بـووە ببەمەبەسـتی سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی کـوردی، هـاوکات دیالۆگـی نێـوان ئـەو حکوومەتانـە و بزووتنـەوە کوردییـەکان تەنیـا مەودایەکـی تەسـکی گرتبووەبـەر.

بـۆ کۆنترۆڵکردنـی خەباتـی چەکـداری کـورد لـە تورکیـا و عێـراق، هـەردوو حکومـەت لـە تشـرینی یەکەمـی ساڵی ١٩٨٤ بـە ئیمزاکردنـی ڕێککەوتنـی ئاسایشـی نێوانیـان بـۆ کۆنترۆڵـی سـنووری نێـوان هـەردوو وڵاتـدا هاوکاریـان دەسـتپێکرد و کاری هاوبەشـیان کـرد لەسـەر ڕێکخسـتنی ئاسایشـی سـنوور و هاتوچـۆی خەڵـک[١].

تورکیـا هاوشـێوەی ئێـران ترسـی لـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان هەبـوو لەسـەر باکـووری کوردسـتان، هەر بۆیـە لـە ناوەڕاسـتی ئەیلوولـی ٢٠١٧وە هێـزە چەکدارەکانی تورکیا دەسـتیان بـە مانـۆری سـەربازی کـرد لەسـەر سـنوورەکانی هەرێمـی کوردسـتان. سـەرۆك وەزیرانـی تورکیـا، بیاڵـی یڵـدرم، جـاڕی دا، کـەوا سیاسـەتی دیفاکتـۆ لـە سـنوورەکانی باشـووری وڵاتەکـەی لـە سـوریا و عێـراق لـە کـەس قبـوڵ نـاکات و تـورکا وەڵامـی پێویسـتی دەبێـت بـۆ هـەر هـەوڵ و هەڕەشـەیەك کـە دەکـرێ بـۆ سـەر ئاسایشـی نیشـتمانی وڵاتەکـەی.[٢]

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە، عبـد الـرزاق الحسـني، تاریـخ العـراق السـیاسي الحدیـث، ط٤، جــ١ مطبعـة دار الكتـب، ١٩٨٠، ص٣٠-٢٩

(٢) ماهــر اوغلــو، جریــدة الزمــان، منــاورات عسـكریة تركیــه علــى الحــدود تسـتبق

بێچگــە لــەوە، هێــزە ســەربازییەکانی تورکیــا بــە هاوبەشــی لەگــەڵ عێــراق دەســتیان بــە مانــۆڕی ســەربازی کــرد لــە دووری ســێ کیلۆمەتــر لــە دەروازەی ســنووری خاپــوور.(١)

ســەرۆك کۆمــاری تورکیــا، ڕەجەبــە تەیــب ئەردۆغــان، لــە وتارێکــی لــە بــەردەم کۆمەڵــەی گشــتی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بــە ئاشــکرا ڕایگەیانــد؛ پێویســتە یەکپارچەیــی خاکــی عیــراق بــە پارێــزراوی بمێنێتــەوە، داوای لــە هەرێمــی کوردســتان کــرد، لــە ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم پاشــگەزبێتەوە.(٢)

لای خۆیانــەوە پارتەکانــی تورکیــا ئەنجامدانــی ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتانیان بــۆ ســەربەخۆیی ڕەتکــردەوە. ئۆزتــورک یــڵماز، جێگــری ســەرۆکی پارتــی گەلــی کۆمــاری، جەهەپــە، لــە ٢٠١٧/٨/٢٨ ڕایگەیانــد؛ پارتەکــەی لەگــەڵ یەکپارچەیــی خاکــی عێراقــە و لــە چوارچێــوەی یەکێتــی عێــراق پشــتگیری لــە پەیوەندییــە ئابــووری و سیاســییەکانی هەرێمــی کوردســتان لەگــەڵ تورکیــا دەکات. ئــەو جەختــی لەســەر ئــەوەش کــردەوە، کــەوا لــە ڕێگــەی ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم گــرژی لــە ناوچەکــە درووســت دەبێــت و وڵاتانــی ناوچەکــە دووچــاری زیــان دەبــن.(٣)

لــە ٢٣ی ئەیلوولــی ٢٠١٧ پەرلەمانــی تورکیــا بــە شــێوەیەکی نائاســایی

---

الاستفتاء، العدد ٥٨٣٦، ٢٠١٧/٩/١٩، ص١.

(١) مناورات عسكرية تركية على الحدود مع العراق قبل أسبوع من استفتاء كردستان، https://www.bbc.com/arabic/middleeast-41305323

(٢) كلمة الرئيس التركي أردوغان أمام الدورة ٧٢ للجمعية العامة للأمم المتحدة، https://www.turkpress.co/node/39643

(3) Kemal Avci, CHP᾽li Yilmaz: Kürtler Türkiye᾽ye tehdit degil, 28-08-2017, https://www.sondakika.com/politika/haber-kurtler-turkiye-icin-tehdit-degil-18574392/

کۆبوویـەوە و بڕیـاری لەسـەر درێژکردنـەوەی دەسـەڵات بـە حکومـەت دا، بـۆ ئـەوەی سـنوور ببەزێنێـت و ئۆپەراسـیۆن لـە عێـراق و سـوریا ئەنجـام بـدات، ئـەم دەسـەڵات بەخشـینە بەمەبەسـتی ئەنجامدانـی کـردەی سـەربازیی بـوو.(١)

هـەر لـە هەمـان ڕۆژدا ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆك کۆمـار، ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، کۆبوویـەوە و لـە کۆبوونەوەکـەدا بـاس لـە نایاسـاییبوونی ڕیفرانـدۆم کـرا، کـەوا تورکیـا بـە هیـچ شـێوەیەك قبوڵـی نـاکات و ئەنجامدانـی زیـان بـە هەرێـم و ناوچەکـە دەگەیەنێـت و مەترسـی لەسـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا دەبێـت و دوای کـرد، هەرێـم خـۆی بـەدوور بگرێـت لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و کێشـەکانی لەگـەڵ حکومەتـی فیـدڕاڵ لـە ڕێگـەی دانوسـتان و لەسـەر بنەمـای دەسـتور چارەسـەر بـکات.(٢)

لـە بەرامبـەردا پارتـە کوردسـتانییەکان و کەسـایەتی و ئەندامانـی پەرلەمـان و پشـتگیری خۆیـان بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان دەربـڕی و بـە مافـی ڕەوای گەلـی کوردسـتانیان زانـی.

لای خۆیەیـەوە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان پاڵپشـتی خـۆی بـە هەنـدێ مـەرج بەسـتبۆوە، کـە لەگـەڵ دۆخـی هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو قۆناغـە گونجـاو نەبـوو.

(1) SABAH, TBMM olaganüstü toplanyor, 22/9/2017. https://www.sabah.com.tr/gundem/2017/09/22/tbmm-olaganustu-toplaniyor

(٢) همـه پرسـی اسـتقلال کردسـتان عـراق غیـر قانونـی اسـت،٢٠١٧/٩/٢٣ همـه پرسـی اسـتقلال کردسـتان عـراق غیـر قانونـی اسـت - خبرگـزاری مهـر | اخبـار ایـران و جهـان | Mehr News Agency

ستراتیـژی تورکیـا لەگـەڵ ئـەوە بـوو، هەرێمـی کوردسـتان ئۆتۆنۆمییەکـی سـنورداری هەبێـت و زێتر بـەرەو پێشـەوە نەچێـت، چونکـە لـە دیـدی تورکیاوە هـەر هەنگاونانێکـی تـری هەرێمـی کوردسـتان بـەرەو سـەربەخۆیی زیاتـر کاریگـەری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و دەروونـی لەسـەر تورکیـا دەبێـت. هەنـدێ لایـەن پێیـان وابـوو، کـەوا تورکیـا لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی ئابـووری لەمـەڕ ڕیفرانـدۆم بـێ دەنگـی هەڵدەبژێـرێ، بـەڵام دواجـار دەرکـەوت، کـەوا تورکیـا لـە پێنـاو ئاسایشـی نەتەوەیـی خـۆی هەمـوو هەوڵێـك دەدات، تـا ڕیفرانـدۆم نـەگات بـە ئامانجـە سـەرەکییەکەی خـۆی، کـە سـەربەخۆیی کوردسـتانە.

### هەڵوێستی سوریا

بەشـار ئەسـەد، کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٠وە بـوو بـە جێگـرەوەی حافـز ئەسـەدی باوکـی و بـەردەوام بـوو لـە حوکمڕانـی سـوریا بـە شـێوەیەکی دیکتاتـۆری و دەسـەڵاتێکی بەهێـزی هەبـوو بەسـەر سـوپا و میدیـا و ئابـووری ئـەو وڵاتـە و لـە کاتـی هەڵگیرسـانی شـۆڕش لـە سـوریا لـە سـاڵی ٢٠١١ ڕووبـەڕووی خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـی فـراوان بـوو، تـا ئـەوەی لـە زۆر ناوچـەی جەنگـی ناوخـۆ بەرپـا بـوو و پێشـێلکاری زۆر لـە بـواری مافـی مـرۆڤ ئەنجامـدرا و دژ بـە نەیارانـی ڕژێـم توندوتیـژی بەکارهـێنرا، دواتـر بـە هـاوکاری ڕوسـیا و ئێـران ڕژێمەکـەی ئەسـەد توانـی دووبـارە زۆرێ لـە خاکـی سـوریا کـۆنترۆڵ بکاتـەوە، بـەو لاوازییـەی خـۆی لـە سـاڵی ٢٠١٧ هەڵوێسـتی بەرامبـەر بـە ڕیفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان نەرێنـی بـوو و جەختـی لـە یەکگرتوویـی عێـراق دەکـردەوە.

وەلیـد موعەلیـم، وەزیـری دەرەوەی سـوریا لـە ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم، لـە ٢٠١٧/٩/٢٥، ڕایگەیانـد، کـەوا حکومەتەکـەی ڕیفرانـدۆم لـە

هەرێمـی کوردسـتان بەمەبەسـتی جیابوونـەوە ڕەت دەکاتـەوە و پشـتگیری یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق دەکات.[١]

هەروەهـا مەحەمـد خەیـر عـەکام، ئەندامـی لیژنـەی یاسـای دەسـتوری لـە ئەنجومەنـی گەلـی سـوریا، ئـەو ڕیفراندۆمـەی هەرێمـی کوردسـتانی بـە پلانێکـی ئەمریـکا و ئیسـرائیل لـە دژی عێـراق و سـوریا دانـا، ئامـاژەی بـەوەش کـرد، کـەوا جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتان دەبێتـە شـێوەیەك لـە هانـدان بـۆ کـورد لـە دەوڵەتەکانـی تـر.[٢]

لەبەرامبـەر ئـەوەدا هەڵوێسـتی پارتـە سیاسـییە کوردییەکان لـە ڕۆژئاوای کوردسـتان، بـۆ نموونـە ئەنەکەسـە و پارتـی دیموکراتـی کوردستان-سـوریا و تەنانـەت پەیـەدە ئەرێنـی بـوو و بـە شـێوەیەکی بەرچـاو پاڵپشـتی پرۆسـەی ڕیفراندۆمیـان دەکرد.[٣]

بـە کورتـی دەتوانیـن بڵێیـن حکومەتـی سـوریا سـەرەڕای ڕەتکردنـەوەی بابەتـی ڕیفرانـدۆم، بـەڵام بـەراوود لەگـەڵ ئێـران و تورکیـا هەوڵیـدا زۆر بـە هۆشـیارییەوە مامەڵـە بـکات و بـە زمانێکـی دیپلۆماسـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ هێـزە کوردییـەکان بهێڵێتـەوە، بەتایبەتی بەهـۆی ئاڵـۆزی قەیرانەکان لـە ناوخـۆی ئـەو وڵاتـە.

---

(١) سـی ان ان بالعـربي، وليـد المعلـم: إدارة ذاتيـة للأكـراد ضمـن سـوريا أمـر قابـل للتفـاوض، ٢٠١٧/٩/٢٦

https://arabic.cnn.com/middle-east/2017/09/26/syria-waleed-moualem-kurds

(٢) الزمـان، سـوريا تعـد الخطـوة موجهـة ضـد وحـدة العـراق، العـدد (٥٨٢٩)، ٢٠١٧/٩/١١، ص ٤

(٣) رائيـد جـادر، حـزب و لایەنەکانـی ڕۆژئـاوا پاڵپشـتی ڕیفراندۆمـی کوردسـتان دەکەن، ڕۆژنامـەی هەولێر، ژمـارە ٢٦٣٠، ٢٠١٧/٦/١٨، ل٣.

## هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بەڕێوەچوو، تا ڕادەیەکی زۆر نەرێنی یان هۆشیارانە بوو، بەهۆی نیگەرانییەکانی پەیوەست بە سەقامگیری ناوچەکە و یەکڕیزی عێراق و شەڕی دژ بە تیرۆر، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی شەڕی دژی داعش لەو کاتەدا. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوام دوو بابەتی لا گرینگە، بەرژەوەندییەکان و هاوسەنگی هێز. ئەمەی خوارەوە باسێکی وردی هەڵوێستی دیارترین لایەنە نێودەوڵەتیەکانە.

## هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ڕاستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوسۆزی خۆی بۆ خەونی کورد ناشارێتەوە و کورد لە عێراق و سوریا بە باشترین هاوپەیمانی خۆی دەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەی ترامپ ئەوەی پشتڕاستکردەوە، ئەویش وەکوو ئیدارەکانی پێشوو پابەندە بە یەکپارچەیی خاکی عێراق.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین، لە نێوان ئیدارەی باراك ئۆباما و ئیدارەی دۆناڵد ترامپ جیاوازی هەبووە لەبارەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان. سیاسەتی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆباما تاڕادەیەك نەرمتر بووە بەرامبەر بە هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی و زۆر دژایەتی نەکردووە.

سەرۆك بارزانی لە کتێبی «بۆ مێژوو» ئاماژەی بەوە کردووە، کاتێ لە ئایاری ٢٠١٥ شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمریکای کرد و لەگەڵ ئۆباما کۆبوویەوە، لە کۆبوونەوەکەدا پرسی ڕیفراندۆم باسکرا.

سـەرۆك بارزانـی ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە ئەمریکییـەکان ئەوکاتـە دژ بـە ڕیفرانـدۆم نەبـوون و جێگـری سـەرۆکی ئەمریـکا بـە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانی ڕاگەیانـد، کـەوا لـە ژیانمانـدا پێکـەوە دەوڵەتـی کـوردی دەبینیـن. هاتنـی ئیـدارەی ترامـپ بـۆ سـەر دەسـەڵات لـە ئەمریـکا بـووە مایـەی گۆڕانـکاری بەسـەر ئـەو هەڵوێسـتەی ئەمریـکا. ئیـدارەی ترامـپ ستراتیژێکـی گرتەبـەر بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ پرسـی ڕیفرانـدۆم، کـە دەکـرێ بـە ستراتیـژی نهێنـی و گفتوگـۆی پشـت دەرگاکان نـاوببرێ بـۆ قایلکردنـی کـورد، تـا دەسـتبەرداری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بێـت. پـاش دیاریکردنـی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولـی ٢٠١٧ بـۆ ڕیفرانـدۆم لەلایـەن هەرێمـی کوردسـتانەوە بەرپرسـانی ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی ئەمریـکا دەسـتیان کـرد هەڵمەتێکـی سیاسـی و دیپلۆماسـی لەگـەڵ بەرپرسـانی هەرێـم بـۆ پاشـگەزبوونەوە لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم.

لـە ٢٢ی ئابـی ٢٠١٧ وەزیری بەرگـری ئەمریکا، جێمس ماتیس سـەردانیی هەرێمـی کوردسـتانی کرد و داوای دواخسـتنی ڕیفراندۆمی لە سـەرکردایەتی کـورد کـرد. هـۆکاری دژایەتـی کردنـی ڕیفرانـدۆم لـە لایـەن ئەمریـکاوە دەگەڕێندرایـەوە بـۆ ئـەوەی زیـان بـە شـەڕی دژ بـە داعـش دەگەیەنێـت و ئاسـایش و سـەقامگیری عێـراق تێـک دەخاتـە بـەر مەترسییەوە.(١)

جێـی ئاماژەیـە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەخێرایی و ڕاسـتەوخۆ پاش داخسـتنی سـندووقەکانی دەنگـدان لـە هەرێمـی کوردسـتان بەیاننامەیەکـی دەرکـرد و نائومێـدی قووڵـی خـۆی دەربـڕی لـە سـووربوونی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر ئەنجامدانـی ڕیفراندۆم، بـەڵام بەبێ ئـەوەی ئیدانە بکات،

(١) هێتوتی، نەوزاد، پرسی کورد لەناو سیاسەتی ناجێگری ئیدارەی ترامپدا، ٢٠٢٣.

تەنانـەت ئامـاژەی بـەوەش نـەدا کـە دان بـە ئەنجامـەکان نانێت.

لـە بەیاننامەکـەدا جەخت لـەوە کراوەیـەوە: «پەیوەندییـە مێژووییەکانی ئەمریـکا لەگـەڵ گەلـی کـورد ناگۆڕێت.»

هەرچەنــدە ئامــاژەی بەوەشــکرد کــە ئــەم هەنــگاوە ئاڵــۆزی بــۆ پەیوەندییەکانــی نێــوان هەرێمــی کوردســتان و بەغــدا و وڵاتانــی دراوســێ دروســت دەکات، بــەڵام هۆشــداری دا کــە «ئەمریــکا پەنابردنــە بــەر توندوتیــژی و کــردەوەی تاکلایەنــە لەلایــەن هــەر لایەکــەوە بــۆ گۆڕینــی ســنوورەکان ڕەتدەکاتــەوە.”

کەواتـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ڕیفراندۆمی بۆ سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان و جیابوونـەوە لـە عێـراق بـە مەترسـی دەبینـی بـۆ ئـەو عێراقــە یەکگرتــوو و فیــدڕاڵ و دیموکراتــەی، کــە پــاش ڕووخانــی ڕژێمــی پێشـوو لـە سـاڵی ٢٠٠٣ هەوڵـی بـۆ دابـوو.

ئەمریـکا وای دەردەبـڕی، کـە ترسـی هەیـە لـەوەی ڕیفرانـدۆم ببێتـە مایـەی ئـەوەی عێـراق ناسـەقامگیر بێـت و بـەرەی یەکگرتـوو دژی داعـش لاواز بێـت. بۆیـە باسـی لـەوە دەکـرد، کاتەکـەی گونجـاو نییـە. هەرچەنـد لــە ٢٠١٧/٦/٢٩ خاتــوو Heather Ann Nauert وتەبێــژی کۆشــکی ســپی ڕایگەیــان، کــە بابەتــی ڕیفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان پەیوەســتە بــە ناوخــۆی عێراقــەوە.[1]

(1) Spokesperson Heather Nauret leads the Department Press Briefing at the Department of State on June 29, 2017. A full transcript ist available at: https://video.state.gov/detail/video/5469802887001/

لـــە ٢٠١٧/٨/١٠ ڕێکـــس تێلەرســـۆن، وەزیـــری دەرەوەی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا بـــە ســـەرۆك بارزانـــی ڕاگەیانـــد، پێـــی باشـــە پرۆســـەی ڕیفرانـــدۆم دوابخـــرێ و ئـــەو پشـــتگیری دیالـــۆگ و دانوســـتانی نێـــوان هەولێـــر و بەغـــدا دەکات.

لەبەرامبـــەردا ســـەرۆك بارزانـــی داوای ئاڵتەرناتیڤـــی کـــرد بـــۆ ئاینـــدە و چارەنووســـی گەلـــی کوردســـتان.[١]

بەگوێـــرەی ڕاگەیەندراوێکـــی کۆشـــکی ســـپی، لـــە ١٥ی ئەیلوولـــی ٢٠١٧، واشـــنتن ناڕەزایـــی خـــۆی دەربڕیـــوە بەرامبـــەر بڕیـــاری حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتانی عێـــراق بـــۆ ئەنجامدانـــی ڕیفرانـــدۆم. لـــە ڕاگەیەندراوەکـــەدا ئاماژە بەوەکـــراوە کـــە ئیـــدارەی ئەمەریـــکا چەنـــد جارێـــک ڕێبەرانـــی هەرێمـــی کوردســـتانی دڵنیـــا کردووەتـــەوە کـــە ڕیفرانـــدۆم ســـەرنج لـــە هەوڵـــەکان بـــۆ تێکشـــکاندنی داعـــش و ســـەقامگیرکردنی ناوچـــە ئازادکـــراوەکان لادەدات و داوای هەڵوەشـــاندنەوەی ڕیفرانـــدۆم و دەســـتپێکردنی دیالۆگێکـــی جـــدی و بەردەوامـــی لەگـــەڵ بەغـــدا کـــردووەوە.[٢]

بەهەمـــان شـــێوەی وەزیـــری دەرەوەی ئەمریـــکا جێمـــس ماتیـــس، وەزیـــری بەرگـــری لـــە ســـەردانی ٢٠١٧/٨/٢٢ بۆ هەرێمی کوردســـتان و لـــە دیداری لەگەڵ ســـەرۆك بارزانـــی باســـی لەوە کـــرد، کە لە پێشـــبینی وڵاتەکەی نەبـــووە، هەرێمی

---

(١) ســـەرۆکایەتی هەرێمـــی کوردســـتان، لـــە پەیوەندییەکـــی تەلەفۆنـــی نێـــوان ســـەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتان و وەزیـــری دەرەوەی ئەمریـــکا پەیوەندییەکانـــی نێـــوان هەولێـــر و بەغـــدا و پرســـی ریفرانـــدۆم تاوتـــوێ کـــرا، ٢٠١٧/٨/١١.

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=MU1QnjEve6I=

(2) Mustafa Gurbuz. The Independence Referendum Apyrhi Victory for Barzani Arab Center WASHINGTON. Dc July 10, 2017.p-1.

كوردستان ڕیفراندۆم ئەنجام بدات و لە دیدی ئەوەوە ڕێفراندۆم تەگەرە دەخاتە بەردەم شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، کە ناسراوە بە داعش، وڵاتەکەی زیاتر لەگەڵ دانوستانی نێوان بەغدا و هەولێرە.[١]

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش لە ٢٠١٧/٨/١٥ نیگەرانی خۆی لەبارەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕاگەیاند و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، مەبەستیان عێراقێکی سەقامگیر و یەکگرتوو ببینن و ڕەنگە ڕیفراندۆم ببێتە مایەی ناسەقامگیری، لە کاتێکدا شەڕی داعش پێویستی بە فۆکسی زیاترە، کە بخرێتە سەری.[٢]

دەکرێ بڵێین، چونکە ڕیفراندۆم لە چوارچێوەی نەخشەی داڕێژراوی ئەمریکا بۆ عێراق لەو کاتەدا بوونی نەبوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو پاساوێکی دەهێنایەوە، تا ئەو پرۆسەیە دوابخرێ، بێ ئەوەی کاتێکی بۆ دیاری بکات. لە چوارچێوەی دۆکترینی ترامپ، وەکو ترانس ئاکشناڵ ریالیستێکی مامەڵەگەرا، هێشتنەوەی سەروەری دەوڵەت و بەهێزبوونی دەتوانێ سوودی ئابووری هەبێ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆیە ئیدارەی ترامپ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کەوا هەرێمی کوردستان کێشەکانی لەگەڵ بەغدا لە ڕێگەی دانوستانەوە چارەسەر بکات، نەوەك لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێ، کە ئەمریکا پشتگیری لێ ناکات.

---

(١) سەرۆك بارزانی و وەزیری بەرگری ئەمریکا پرسی ریفراندۆمیان تاوتوێکرد، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/40304

(٢) دەنگی ئەمریکا، هەواڵ، ئەمریکا جارێکی دیکە نیگەرانی خۆی لە بەرانبەر پرسی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت، ٢٠١٧/٨/١٦، https://www.dengiamerika.com/a/us-kurdistan/3987759.html

سـەرۆك بارزانـی لـە كتێبـی بـۆ مێـژوو بابەتێـك بـاس دەكات، كـە لـە ڕۆژانـی پێـش ڕیفرانـدۆم مشـتومڕێكی زۆری لەنـاو میدیاكانـی كوردسـتان و لەناوەنـدە سیاسـییەكان نایـەوە، ئەویـش بریتـی بـوو لـە ڕەشنووسـی نامەیەكـی وەزیـری دەرەوەی ویلایەتـە یەكگرتووەكانـی ئەمریـكا، ڕێكـس تێلەرسـن، بـوو، تێیـدا بیرۆكـەی و پێشـنیاز خرابوونـەڕوو لەبەرامبـەر ئەنجامنەدانـی ڕیفرانـدۆم.

لـە دەقـی ڕەشنووسـی نامـە، كـە برێـت مەكگـورك، نوێنـەری تایبەتـی سـەرۆكی ئەمریـكا لـە شـەڕی داعـش، ئـەو كەسـەی دواتـر سـەرۆك ترامـپ لــە تویتێكــدا ئامــاژەی پــێ كردبــوو، كــە نایناســێ، هەروەهــا دۆگلاس سـیلەمان، باڵیـۆزی ئەمریـكا لـە عێـراق و چەنـد كەسـێكی تـر ئامادەیـان كردبـوو، بـێ ئـەوەی دیـار بێـت، ئایـا وەزیـری دەرەوە پەسـەندی دەكات، یـان نـا،[1] هاتـووە:

«دانوسـتان لەگـەڵ بەغـدا وەك بنەمـای گەیـشتن بـە لێكتێگەیـشتن و گەیـشتن بـە ڕێكەوتنێكـی هاوبـەش لـە بـارەی داهاتـووی پەیوەنـدی نێـوان هەرێمـی كوردسـیان و حكومەتـی عێـراق دەمێنێتـەوە. جـا ئەمـە مانـای فیدراڵیزمێكـی ڕاستەقینەی كارپێكراو بێـت، یان هەر هاوكێشـەیەكی دیكەی كۆنفیدراڵـی، یـان سـەربەخۆیی، هـەر دەبیـت لـە ڕێـی دانوسـتانەوە بێـت.»

هەروەهـا ئاماژەكـراوە، «سـنوورەكانی هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق بـە دانوسـتان لەگـەڵ بەغـدا دەستنیشـان دەكرێـن، هاوتەریـب بـەو پرۆسـەیەی لــە مــاددەی (١٤٠) دا جێگیركراوەتــەوە، ئەمریــكا لەگــەڵ نەتــەوە

(١) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو،٢٠٢٢ چاپی چوارەم، ل٩٤

یەکگرتــووەکان و بــە هاریکاریــی لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق پشــتگیری پرۆســەیەکی خێــرای چارەســەرکردنی ئــەم کێشــانە دەکات».

لــە بەشــێکی تــری دەقەکــە هاتــووە، «ئــەوە سیاســەتی ئەمریکایــە لەژێــر ئیــدارەی ســەرۆك ترامپــدا، کــە هــەر شــتێک لــە دەســەڵاتماندا هەبێــت بیکەیــن، تــا یارمەتــی ئێــوە و حکومەتــی ناوەنــدی بدەیــن کێشــە هەنوکەییــەکان چارەســەر بکــەن و تــا دڵنیایــی بدەیــن لــەوەی هەمــوو قورسایی و دەسـەڵاتێکمان پابەنـدە بەم چوارچێـوە نوێیەی دانوسـتانەوە.»[١]

ئـەو دیبلۆماتـکارە ئەمریکییانـەی ڕەشنووسـی نامەکەیـان ئامادەکردبـوو، پێیـان وابـوو، ئەگـەر بڕیـار لـە دواخسـتن یـان هەڵوەشـاندنەوەی ڕیفرانـدۆم بدرێـت، ئینجـا وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا نامەکـە واژوو بـکات. ئەگەرچـی ئـەو نامەیـە لـە ڕووی دارشـتنەوە خاڵـی ئەرێنـی تیابـوو، بـەڵام گەرەنتـی پێویسـتی تێـدا نەبـوو، تـا هەرێمـی کوردسـتان پشـتی پـێ ببەسـتێ و متمانـەی پـێ بـکات.[٢]

(١) ساسـان حکمـت عەلـی، ڕەهەنـدە جیۆپۆلیتیکییەکانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردســتان، ٢٠٢٤، ل٢٥٥-٢٥٦.

(٢) مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، ٢٠٢٢ چاپی چوارەم، ل٩٤

## هەڵوێستی ڕووسیای فیدڕاڵ

لەگـەڵ ئـەوەی پەیوەنـدی ڕوسـیا بـۆ سـەردەمانێکی کـۆن دەگەڕێتـەوە، بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی ئیمپراتـۆری کاترینـی مـەزن لـە سـاڵی ١٧٨٧، کاتـێ فەرمانـێ دەرچـوو، بـە بڵاوکردنـەوەی زمانـی کـوردی، بـەو هۆکارانەی، کـەوا کـورد ڕۆڵـی بەرچـاوی گێـڕاوە لـە هاوکاریکردنـی ڕوسـیا دژ بـە نەیارانـی وەکـوو فـارس و عوسمانییـەکان، بـەڵام ڕوسـیا وەکـوو دەوڵـەت هەمیشـە هەوڵـی داوە، ڕەچـاوی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی خـۆی بـکات لـە پەیوەندییـدا لەگـەڵ هـەر یـەك لـە دەوڵەتـی تورکیـا و ئێـران.

لـە عێراقـی دوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام لـە سـاڵی ٢٠٠٣، هەرێمـی کوردسـتان وەکـوو کیانێکـی فەرمـی و هەرێمێکـی فیـدراڵ و خاوەنـد مافی دەسـتوری، کـە پێگەیێکـی دسـتوری و سیاسـی بۆ درووسـت بـوو، وردە وردە وڵاتانـی ناوچەکـە و جیهانیـش بـە تایبەتـی دوای ٢٠٠٨ گرینگییـان پـێ دا.

کاتـێ هەرێمـی کوردسـتان دەسـتی بـە فرۆشـتنی نـەوت و دواتریـش کارکـردن لـە گـەل کۆمپانیـا نێودەوڵەتیـەکان کـرد بـۆ دەرهێنـان و فرۆشـتنی گازو نـەوت، بەشـێکی زۆر لـە وڵاتـان لـە نێویێشـیاندا روسـیا، کاریـان کـرد بـۆ کردنـەوەی کۆنسـوڵگەری لـە هەولێـری پایتەخـت.

ئـیتر کۆمپانیا گەورەکانی ڕوسـیا وەکوو ڕوسـنەفت و گازپـرۆم هەوڵیان دا لـە هەرێمی کوردسـتان پشـکیان بـەر بکەوێت لە دەرهێنانی نـەوت و گاز.

لــە مانگــی شــوباتی ٢٠١٧ حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان ڕێکەوتنــی لەگـەڵ کۆمپانیـای ڕوسـنەفت واژووکـرد، کـە بـووە هـۆکاری کاردانـەوەی حکومەتـی عێراقـی فیـدڕاڵ.(1)

(1) Pishko Shami, The Future of The Kurdistan Region after the Defeat of

بەو شێوەیە فاکتەری بەرژەوەندی ئابووری هاتە ناو پەیوەندییەکانی روسیا و هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمیر پوتین لە ٢٠١٧/٧//١٥ سەبارەت بە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە کەناڵی K٢٤ ی ڕاگەیاند، ئێمە لە هەستیاری دۆزی کورد تێدەگەین، هەڵوێستمان لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەبێت.[(١)]

سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لە ٢٠١٧/٧/٢٤ ڕایگەیاند، مۆسکۆ ڕیفراندۆم بە دەربڕینی ئاواتەکانی گەلی کورد دەزانێ و هیوادارە لە گرتنەبەری ئەم هەنگاوە دەرئەنجامە سیاسی و جیۆسیاسی و جیۆپۆلیتیکی و دیموگرافی و ئابوورییەکان لەبەر چاو بگرێت.

لاڤرۆڤ جەختی لەوS کردەوە، «خواستە ڕەواکانی گەلی کورد، وەک خواستی گەلانی تر، دەبێت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەدی بهێنرێت» و گوتیشی «ئەمە بەسەر بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆشدا دەچەسپێت، کە ئێمە بە بڕیاری کۆتایی هەولێر تێدەگەین.»[(٢)]

دیارە پشتگیری مۆسکۆ بۆ ڕیفراندۆم لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی

ISIS and the Failure of the 2017 Independence Referendum, Foreign Policy Research Institut. Marc2020. P9. https://www.fpri.org/article/2020/04/the-future-of-the-kurdistan-region-after-the-defeat-of-isis-and-the-failure-of-the-2017-independence-referendum/

(1) Baxtiar Goran, Putin to Kurdistan24: We understand sensitivity of Kurdish cause, 15/6/2017. https://www.kurdistan24.net/en/story/371770/Putin-to-Kurdistan24:-We-understand-sensitivity-of-Kurdish-cause

(٢) لافروف يوضح موقف موسكو من استفتاء كردستان العراق، https://arabic.rt.com/middle_east/890380-لافروف-يوضح-موقف-موسكو-من-استفتاء-كردستان-العراق/

ئـەو وڵاتـە لەگـەڵ وڵاتانـی ناوچەکـە یەکـی نەدەگرتـەوە، بۆیـە لـە ڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتـی دەرەوەی ڕووسـیا ئامـاژەی بـەوە کـرد، پێویسـتە ناکۆکییـەکان لەڕێگـەی دیالـۆگ چارەسـەر بکرێـن.

هەروەهـا ڕایگەیانـد، ڕیفرانـدۆم لەوانەیـە ببێتـە هـۆی درووسـتبوونی گـرژی زیاتـر لەناوچەکـەدا، بۆیـە «مۆسـکۆ بـە گرنگـی دەزانێـت لەهەمـوو ئـەو هۆکارانـە دووربکەوێتـەوە کەدەبنـە هـۆی زیاتـر ئاڵۆزکردنـی دۆخەکـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە خـۆی دووچـاری کۆمەڵێـك گـرژی و ئاڵۆزیـی بووەتـەوە[1]».

ئـەم هەڵوێسـتەی ڕووسـیا بەرامبـەر ڕیفرانـدۆم، لـە راسـتیدا پرەنسـیپێکی جێگیـر نەبـوو لـە سیاسـەتی ڕووسـیا بەرامبـەر هەرێمـی کوردسـتان، بەڵکـو ڕووسـیا وەکـوو یاریکـەری گەمـە سیاسـی و ئابوورییـەکان لـە زۆر ناوچـەی جیهـان بـە گشـتی و لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە تایبەتـی ئـەم بێلایەنییـەی بەرامبـەر بـە ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر پەیوەنـدی بـە بوونـی سـەرچاوەی نـەوت و پەرچەکـرداری بـوو بەرامبـەر بـە وڵاتانـی ناوچەکـە. بێجگـە لـەو هەوڵـەی دەیـدا بـۆ قۆسـتنەوەی ئـەو بۆشـاییەی کـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لـە کاتـی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێـم درووسـتیان کردبـوو.

---

(١) وەزارەتـی دەرەوەی رووسـیا: رێـز لەخواسـتەکانی گەلـی کـورد دەگریـن بـۆ بـوون بـە دەوڵـەت، ٢٧-٩-٢٠١٧،

https://www.westganews.net/dreja.aspx?jmara=43484&Jor=1

**هەڵوێستی بەریتانیا**

کاتێ وڵاتانی زلهێز و براوەی جەنگی جیهانی یەکەم ناوچەکەیان بە پێی بەرژەوەندییەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، عێراق بوو بە کۆلۆنییەکی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢١ بە فەرمی دامەزرا، بێ ئەوەی ڕەچاوی مافی دانیشتوانەکەی بکرێ و ڕێگە بدرێ دانیشتوان ڕای خۆیان لەسەر ئایندەیان دەربڕن.

گەلی کوردستان، کە بە زۆر لکێنرا بە عێراق ڕازی نەبوو بەو بڕیارە و بەردەوام بوو لەسەر خەباتی لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی بۆ سەربەخۆیی. لای خۆیەوە بەریتانیا دژ بە خواستەکانی گەلی کوردستان بوو و بە بەردەوامی جەختی لەسەر پابەندبوونی خۆی بۆ عێراقێکی سەقامگیر و یەکگرتوو و دیموکراسی دەکرد، دواتر کوردی بە بەشێکی گرینگ لە بونیادنانی عێراق دەزانی و پابەندبوونی خۆی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دووپات دەکردەوە و پێی وابوو هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی گرینگە لە شەڕی دژ بە تیرۆر، هەر بۆیەش لە پاش ٢٠١٤وە ڕاهێنانی سەربازی بە هێزی پێشمەرگە کرد.

لەلایەکی ترەوە بەریتانیا، کە ئاگاداری ئەوە بوو، هەرێمی کوردستان مەبەستیە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدات، هۆشداری دەدایە هەرێمی کوردستان، تا خۆی بە دوور بگرێت لە بڕیاری تاکلایەنە و ئەگەر هەر بڕیارێکیش دەدرێت، پێویستە بە ڕاوێژ لەگەڵ عێراقی فیدڕاڵ بکرێت و لەسەر بنەمای ماددە دەستورییەکان بێت.[1]

(1) Government Response to the House of Commons Foreign Affairs Committee Report: UK Government Policy on the Kurdistan Region of Iraq,

بۆریس جۆنسن، کە ئەوکاتە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو، لە ٢٠١٧/٦/١٢ ڕایگەیاند، ئێمە لە ئاواتەکانی گەلی کورد تێدەگەین و لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەوە لەناو عێراق بەردەوام دەبین لە پشتگیریکردنیان، بەڵام ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو کاتەدا دەبێتە هۆی سەرنەکەوتن لە شەڕی داعش و لە ناوچە ئازادکراوەکان ناسەقامگیری دروست دەکات و ناهێڵێ کێشە سیاسییە درێژخایەنەکان لەو ناوچانە چارەسەر بکرێن، کە بوون بە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش. هەروەها وتی، هەر پرۆسەیەکی سیاسی بۆ سەربەخۆیی دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراق لەبەغدا ڕێکبخرێت و داوای کرد، بۆ بونیادنانی ئایندەیەکی باشتر بۆ گەل لەسەر بنەمای دەستور گفتوگۆ بکرێت.(١)

وەزیری بەرگری بەریتانیا، میشێل فالکۆن لە ٢٠١٧/٩/١٨ لەگەڵ سەرۆکی ئەوکاتەی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، کۆبوویەوە و لەو کۆبوونەوەیە باسی لەوە کرد، کەوا ئەوان داوا دەکەن ڕیفراندۆم دوابخرێت و لە بری ئەوە لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا وەکو پرۆسەیەکی ئەجیندا کراوە و لەژێر چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بکرێت.(٢)

---

Presented to Parliament by the Secretary of State for Foreign and Commonwealth Affairs by Command of Her Majesty, March 2015.
https://assets.publishing.service.gov.uk/media/5a75af40ed915d506ee80b58/48533_Cm_9029_Accessible.pdf

(1) Gov. UK, Foreign Secretary Statement on the Kurdistan Regional Government's Intentions to Hold a Referendum on Independence from Iraq, 12/6/2017.
https://www.gov.uk/government/news/foreign-secretary-statement-on-the-kurdistan-regional-governments-intention-to-hold-a-referendum-on-independence-from-iraq

(٢) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی

دەربڕینەکانــی فرانــك بەیکــەر، باڵیــۆزی بەریتانــی لــە بەغــدا و ئێدویــن ســامۆئێل، وتەبێــژی حکومەتــی بەریتانیــا لــەو کاتــەدا ســەبارەت بــە ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم هەمــان ناوەڕۆکــی وەزارەتــی دەرەوە بــوو کــە بەریتانیــا پشــتیوانی لــە خواســتەکانی هەرێمــی کوردســتان نــاکات بــۆ ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم لــە ٢٥ی ئەیلوولــی ٢٠١٧.

تــا ئــەم ســاتەوەختەش بەریتانیــا هــەر جەخــت لەســەر یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق دەکات و پێیوایــە هەرێمــی کوردســتان دەبێــت لــەو چوارچێوەیــە بمێنێتــەوە و لــە بەرژەوەنــدی خــۆی نابینــێ، کــە گەلــی کوردســتان دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی هەبێــت.

**هەڵوێستی فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی تر**

لەگــەڵ ئــەوەی فەرەنســا و ئەڵمانیــا وەکــوو دوو دەوڵەتــی خاوەنــد هێــزی سیاســی و ئابــووری لەنــاو یەکێتــی ئەورووپــا هــاوکاری هەرێمــی کوردســتان بــوون لــە ڕووی لۆجیســتی و ڕاهێنانــی ســەربازی بــۆ هێــزی پێشــمەرگە لــە شــەڕی دژ بــە تیــرۆری داعــش، بــەڵام لــە کاتــی ڕاگەیاندنــی بڕیــاری ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم حکومەتــی هــەردوو وڵات لەســەر ئاســتی بــاڵا جەختیــان لەســەر یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق کــردەوە و پاڵپشــتی هەرێمیــان کــرد لــە مانــەوەی لــە چوارچێــوەی عێراقــدا. پارتەکــەی ڕاوێــژکاری ئەڵمانیــا، ئەنجــیلا مێــرکل، یەکێتــی دیموکراتــی مەســیحییەکان و یەکێتــی سوشــیالی میســیحی کــە پارتــی هاوپەیمانێتــی نارەزایــی خۆیــان بەرامبــەر بــە ڕێفراندۆمــی هەرێمــی کوردســتان دەربــڕی و ڕایانگەیانــد؛

---

لە وەزیری بەرگری بەریتانیا و شاندێکی یاوەری کرد، ٢٠١٧/٧/١٨.
https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=2PzOSZX2t1M

بــە هــۆكاری ڕێفرانــدۆم ئاسایشــی ناوچەكــە تێــك دەچێــت و شــەڕێكی نــوێ لــە ناوچەكــە هەڵدەگیرســێ.[١]

ئیمانوئێـل ماكـرۆن، سـەرۆكی فەرەنسـا، لـە پەیوەندییەكـی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لـە ٢٠١٧/٩/٢١ پشـتیوانی وڵاتەكـەی بـۆ یەكپارچەیـی خاكـی عێـراق و مافەكانـی گەلـی كوردسـتان لـە چوارچێـوەی دەسـتوری عێراقـدا خسـتەڕوو و داوای كـرد، ڕیفرانـدۆم دوابخرێـت.[٢]

دەكـرێ بڵێیــن فەرەنسـا، سـەرەڕای ئـەو دەربڕینانـەی حكومەتەكـەی مامەڵەیەكـی نـەرمتری لەگـەڵ هەرێمـی كوردسـتان كـرد، چونكـە بـەردەوام جەختــی لــەوە دەكــردەوە، كــەوا ئــەو وڵاتــە پشــتیوانی لــە هەرێمــی كوردســتان دەكات لــە چوارچێــوەی عێراقــی یەكگرتــوو.

لای خۆیــەوە ئیســـرائیل پشــتگیری خــۆی بــۆ ڕیفرانــدۆم دەردەبــڕی و لەنــاو كنێســتی ئیسرائیــل بــە ئاشــكرا پاڵپشــتی لــە ڕێفراندۆمــی ســەربەخۆیی هەرێــم كــرا.

بینامیــن ناتانیاهــو، ســەرۆك وەزیرانــی ئیســـرائیل، پێــش ڕیفراندۆمەكـە ڕاگەیەندراوێكــی بڵاوكــردەوە و تێیــدا پشــتیوانی ئیســـرائیل بــۆ هەوڵــە ڕەواكانــی گەلــی كــورد بــۆ دامەزراندنــی دەوڵەتــی خــۆی دەربــڕی.

---

(1) ANF NEWS, Germany warns: Referendum a danger to military collaboration, 23-9-2017, https://english.anf-news.com/news/germany-warns-referendum-a-danger-to-military-collaboration-22297

(٢) ســەرۆكایەتی هەرێمــی كوردســتان، ســەرۆكی فەڕەنســا لــە ڕێــی تەلەفۆنــەوە پەیوەنــدی بــە ســەرۆك بارزانــی كــرد، ٢٠١٧/٩/٢١،

https://presidency.gov.krd-krp-kurdish-articledisplay.apsx?id=zwwb7OJ54a4

دواتـر لـە میانـەی کۆنفرانسـێکی دژە تیـرۆردا، وەزیـری دادی ئیسـرائیل ئایلـت شـەکید پشـتگیری خـۆی بـۆ ڕیفرانـدۆم دەربـڕی و گوتـی «دەبێـت کوردسـتانێکی ئـازاد دابمەزرێندرێـت، لانـی کـەم لـە عێـراق. ئەمـە لـە بەرژەوەنـدی ئەمریـکا و ئیسـرائیلدایە. ئێسـتا کاتـی ئـەوە هاتـووە ئەمریـکا پشـتگیری ئـەم پرۆسـەیە بـکات».[١]

سـەبارەت بـە عەرەبسـتانی سـعودی دەکرێـت بڵێیـن، ئەگەرچـی ئـەو دەوڵەتـە بـە شـێوەیەکی فەرمـی هیـچ پشـتگیرییەکی بەرامبـەر بـە ئەنجامدانـی ڕێفرانـدۆم دەرنەبـڕی، بـەڵام لەسـەر ئاسـتی میدیایـی و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان پشـتگیری لـەو پرۆسـەیە دەکـرا.[٢]

سـەرۆکی تورکیـا، ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان پەیوەسـت بـە ڕیفرانـددۆم لـە ٢٠١٧/٩/٢٠ پەیوەنـدی بـە شـا سـەلمان بـن عبدولعەزیـز کـرد، ڕۆژێـك دوای ئـەو پەیوەندییـە سـعودیە لـە ڕاگەیەندراوێکـدا باسـی لـەوە کـرد، کـەوا بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو هەلومەرجـەی ئێسـتای ناوچەکـە پێـدا تێپـەڕ دەبێـت و بـە هـۆی ئـەو مەترسـیانەی ڕووبـەڕووی ناوچەکـە بوونەتـەوە و بـۆ خـۆلادان لـە قەیرانـی تـر، کـە دەکـرێ لێکەوتـەی نەرێنـی لەسـەر دۆخی سیاسـی و ئاسایشـی و مرۆیـی ناوچەکـە هەبێـت، سـعودیە مەبەسـتیە هەوڵـەکان پـەرش و بڵاو نەبـن بـۆ لەناوبردنـی تیـرۆر، بۆیـە چـاوی لـە حیکمـەت و شـارەزایی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی یـە و هیواخوازە سـەرۆکی

(1) Ian Lee, CNN, Mon October 2, 2017, https://edition.cnn.com/2017/10/02/MIDDLEEAST/IRAQI-KURDISTAN-ISRAEL-SUPPORT

(٢) حسـین ابیـش، دولـة الخلیـج العربیـة و الاسـتفتاء الکـردي، معهـد دول الخلیـج العربیـة في واشـنطن. ٢٠١٧/٩/٢٩.
https://agsiw.org/ar/gulf-arab-countries-kurdish-refrendum-ar/

هەرێمـی کوردسـتان ڕیفرانـدۆم ئەنجـام نـەدات، چونکـە ئـەو هەنـگاوە دەتوانێـت مەترسـی بـۆ سـەر عێـراق و ناوچەکـە درووسـت بـکات.[١]

هەڵوێسـتی ئەرێنـی ئیمارەتـی عەرەبـی یەکگرتـوو، ئەگەرچـی بـە فەرمـی نەبـووە، بـەڵام بـە شـێوەی نافەرمـی زۆر هەنـگاو نـرا، ڕۆژنامـەی ‹العـربي الجديـد»، لـە ڕاپۆرتێکـی لـە ٢٠١٧/٦/٦ ڕوونـی کـردەوە؛ حکومەتـی ئـیمارات پشـتیوانی پـڕۆژەی جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە عێـراق دەکات. هەنـدێ لایـەن ئـەم هەنـگاوەی ئـیمارات یـان بـۆ پشـتیوانیکردن لـە جیابوونـەوەی کوردسـتان لـە عێـراق بـەوە لێـک دەدایـەوە، گوایـە ئـیمارات لـە چوارچێـوەی بەرژەوەندییەکانـی خـۆی لـەو کاتـەدا ئـەو هەڵوێسـتەی نوانـدووە، لـەو کاتـەدا گرفتـی سیاسـی لەگـەڵ تورکیـا هەبـوو، چونکـە تورکیـا پشـتگیری لـە قەتـەر دەکـرد دژی وڵاتانـی تـری کەنـداو. تورکیـاش جیابوونـەوەی هەرێمـی لـە عێـراق بـە هێڵـی سـوور دەزانـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەبوونـی ڕۆڵـی ئـیمارات لـە کوردسـتان مانـای کاریگەرییەکـی بەرچـاوە لەسـەر ئابـووری بەتایبەتی لەکەرتـی نـەوت و گازدا لەداهاتوودا.[٢]

---

(١) الريـاض، المملكـة تتطلـع الـى حكمـة و حنكـة بـرزاني لتجنـب العـراق و المنطقـة المزيـد مـن المخاطـر، ٢٠١٧/٧/٢١ https://www.alrizadh.com/164476

(٢) عـثمان المختـار، لماذا تدعـم أبـو ظبـي مشروع إنفصـال كردسـتان العـراق. العـربي الجديـد، ٢٠١٧/٦/٦

https://www.alaraby.co.uk/

## هەڵوێستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان

ڕێکخــراوی نەتەوەیەکگرتــووەکان، کــە لــە ڕێگــەی نێــردەی سیاســی تایبــەت بــۆ عێــراق (یونامــی) لــە ســاڵی ٢٠٠٣وە دەســت بــەکارە، بــە مەبەســتی پێدانــی ڕاوێــژ و هــاوکاری بــۆ حکومەتــی عێــراق و کارکــردن بــۆ بەرەوپێشبردنــی گفتوگــۆی سیاســی گشــتگیر و ئاشــتەوایی نیشــتمانی و پرۆســەی هەڵبــژاردن و پلاندانــان بۆ ســەرژمێری نیشــتمانی و ئاســانکاریکردن بــۆ گفتوگــۆی نیشــتمانی لــە نێــوان عێــراق و و وڵاتانــی دراوســێ و گەشــەپێدان و پاراســتنی مافەکانــی مــرۆڤ و چاکســازی یاســایی و دادوەری، بۆچوونێکــی دیــاری هەبــوو ســەبارەت بــە پرۆســەری ڕیفرانــدۆم، کــە بریتــی بــوو لــەوەی، پابەنــدە بــە عێراقێکــی یەکگرتــوو، بەواتــای لەگــەڵ ڕێفرانــدۆم بــۆ ســەربەخۆیی هەرێمــی کوردســتان نییــە.

ســکرتێری نەتــەوە یەکگرتــووەکان لــە ٢٠١٧/٩/٢٢ لــە ڕاگەیەندراوێکــدا وتــی، هــەر بڕیارێکــی تاکلایەنــە بــۆ ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم لــەم کاتــەدا لــە هەرێمــی کوردســتان دەبێتــە مایــەی ئــەوەی ســەرنج لــە پێویســتی شکســتهێنان بــە داعــش لابچێــت، ئــەو جەختــی لەســەر یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق کــرد و داوای کــرد، لــە ڕێگــەی دیالۆگــی بونیادنەرانــەوە کێشــە هەڵپەســێردراوەکانی نێــوان هەرێمــی کوردســتان و عێراقــی فیــدڕاڵ چارەســەر بکرێــن.(١)

---

(1) United Nations, The United Nations Security Council today expressed concern over the "potentially destabilizing impact" of Kurdistan Regional Government's plans to unilaterally hold a referendum next week, 22/9/2017.

UN, Iraq: Security Council voices concern over planned referendum in

لای خۆیـەوە ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی لـە ٢٠١٧/٧/١٤ پـاش ئەنجامدانـی کۆبوونـەوەی ژمـارە ٨٠٠٣ بڕیـاری ژمـارە ٢٣٦٧ی دەرکـرد، کـە تیایـدا ئامـاژە بـەوە دەکات، کـەوا سـەربەخۆیی و سـەروەری و یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق گرینگـە بـۆ سـەقامگیری و ئاسـایش. چارەسـەرکردنی کێشـە سـنوورییە ناوخۆییـەکان لـە ناوچـە جێناکۆکـەکان بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە و بەهێزکردنـی یەکبوونـی نیشـتمانی لـە ڕێگـەی هەماهەنگی نێـوان حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە ڕوحییەتێکی هاوبەشـی ڕاسـتەقینە گرینگـی خـۆی هەیـە.[1]

یەکێتـی ئەوروپـا بـە هەمـان شـێوەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی هەڵوێسـتی بـەو شـێوەیە دەربـڕی، کـە لەگـەڵ یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و دژی لـەت لـەت بوونێتـی و لـە ڕێگـەی شـاندێکی فەرمیـی، کـە لـە ٢٠١٧/٦/٢٣ سـەردانی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی کـرد لـە پیرمـام هەمـان ئـەو پەیامـەی گەیانـد کـە دژی پارچەپارچەبوونـی عێراقـن و بەردەوامـن لـە پاڵپشـتیکردنی هەرێمـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقـی فیـدڕاڵ.[2]

---

Kurdistan Region, hhttps://news.un.org/en/story/2017/09/566282-iraq-security-council-voices-concern-over-planned-referendum-kurdistan-region

(1) United Nations, Security Council, Resolution (2367), Session (8003) 14/7/2017. file://C:/Users/USER23/Downloads/S_RES_2367 (2017)-EN.pdf

(٢) سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ نوێنـەری یەکێتـی ئەوروپـا لـە عێـراق و باڵیـۆز و کونسـوڵ و نوێنـەری وڵاتانـی ئەنـدام لـە یەکێتی ئەرروپا کۆبوویـەوە، ٢٠١٧/٦/٢٢.

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=qvs.SNFCPU9Y

سـەبارەت بـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان، ئـەوا ئەندامانـی ئەنجومەنـی ئاسـایش دژایەتـی هـەر هەوڵێـک دەکـەن بـۆ جیابوونـەوەی هەرێمـی کوردسـتان لەعێـراق، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی، ئـەم هەنـگاوە دەبێتـە هـۆی ناسـەقامگیری دەوڵەتـی عێـراق، بەتایبەتـی کـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان تاکلایەنـە و بـە بـێ ڕاوێژکـردن بەحکومەتـی ناوەنـد لەبەغـدا ئـەم کارەی کـردووە. ئەنجومـەن ڕاگەیەندراوێکـی بڵاوکـردەوە و جەختـی لـەوە کـردەوە کـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە کاتێکـدا بەڕێوەدەچێـت، کـە هەڕەشـە لـە ڕێگرتـن لـە هەوڵـەکان دەکات بـۆ کۆتاییهێنـان بە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی دژ بـە ڕێکخـراوی داعـش کـە تیایـدا هێـزە کوردییـەکان ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینـن، بـۆ ئـەوەی گەڕانـەوەی زیاتـر لـە سـێ ملیـۆن پەنابـەر بـۆ سـەر زێـدی خۆیـان مسـۆگەر بێـت. ئەندامانـی ئەنجومەنەکـە پابەندبوونـی خۆیـان بـە سـەروەری و یەکڕیـزی و یەکپارچەیی خاکـی عێراق دووپـات کـردەوە و ئاماژەیـان بـەوەدا؛ هـەر کێشـەیەک لەنێـوان حکومەتـی فیـدراڵ و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەتوانرێـت لـە چوارچێـوەی دەسـتووری عێـراق و لـە ڕێگـەی دیالۆگـی ڕێکخـراو و بـە سـازان و بـە پشـتیوانی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی چارەسـەر بکرێـت.[١]

---

(١) جـوان دیبـو، هـل تۆیـد القانـون الـدولي مسـاعي كردسـتان للاسـتقلال، ٢٩ أیلـول/٢٠١٧، http://www.alhurra.com. Iraq

## تەوەری دووەم:

**فەلسەفەی ڕیفراندۆم وەکو فاکتەرێکی گرنگی سەروەری کوردستان**

**پارێزگاریکـردن لـە مانـەوە و یەکپارچەیـی و بەهێزکردنـی قـەوارە و دامـەزراوە دەسـتورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان**

**چ هەنگاوێ پێویستە بگیرێتەبەر:**

**دەسپێك:**

لەگـەڵ ئـەوەی یەکبوونـی نیشـتمانی بنەمـای سـەقامگیری و گەشەسـەندنی دەوڵەتەکانـە، دەکـرێ بڵێیـن؛ وەکـوو بنەمایـەك بـۆ بنیاتنانی نەتەوەیـی تەندرووسـت و دەسـتەبەرکردنی ئامانجـی گەشـەی سیاسـی و مەبەسـتە سـەرەکییەکان زۆر پێویسـتە، بۆیـە یەکبوونـی نیشـتمانی لـە سـەرووی ئامانجەکانـی تـری وەکـوو ناسـنامە و بەشـداریکردنی کارا و دامەزراوەسـازی دادەنرێـت و بـەو شـێوەیەش گرینگـی پێدەدرێـت.

کەواتـە ئەگـەر هـەر زیانێـك بـەر یەکبوونـی نیشـتمانی بکەوێـت، ئـەوا ئاشـتی کۆمەڵگـەی لاواز دەبێـت و بـەو هۆیەشـەوە کێرڤـی پرۆسـەی گەشەسـەندنی سیاسـی لـە نـاو کۆمەڵگـە دابەزێـت و دەبێتـە مایـەی هەڕەشـە لەسـەر بـوون و مانـەوەی قـەوارەی سیاسـی، یـان دەوڵـەت، بۆیـە لـە ڕاسـتیدا یەکبـوون بـە گرینگتریـن و ژیارتریـن نەگـۆڕی نەتەوەیـی ئەژمـار دەکرێـت.

وەکـو فەلسـەفە دەکـرێ یەکبوونـی نیشـتمانی ئاماژەیـەك بێـت بـۆ یەکخسـتن و پێکەوەژیـان لـە چوارچێوەیەکـی نەتەوەییـدا، کاتـێ تاکـەکان و کۆمەڵگـەکان هـەوڵ دەدەن، بـۆ ئـەوەی بگـەن بـە تێپەڕاندنـی

جیاوازییـەکان و دابەشـبوون، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی لـە ژێـر یـەك ئـاڵادا بــە یەکگرتوویــی بمێننــەوە.

ئامانجـی ئـەم فەلسـەفەیە برەودانـە بـە هـاوکاری و سـەقامگیری لـە نێـو دەوڵـەت، یـان لـە نێـو کۆمەڵگـەدا، هەروەهـا برەودانـە بـە سـەربەخۆیی نەتەوەیـی و یەکگرتوویـی کولتـووری و سیاسـی.

بــۆ بەدەســتهێنانی یەکبوونــی نیشــتمانی پێویســتمان بــە چەنــد میکانیزمێــك هەیــە:

١. سـەرکردایەتی ژێـر: دەسـەڵات و سـەرکردەکانی کۆمەڵـگا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێـڕن لـە بـرەودان بـە یەکگرتوویـی نەتەوەیـی، کاتـێ ئـەوان دەبن بە هانـدەر و بـە ئیلهـام بەخـش و بـە نموونـەی ئەرێنی بـۆ جەماوەر.

٢. پــەروەردە و هۆشــیاری: پێویســتە پــەروەردە و هۆشــیاری کۆمەڵگەیــی هاندەرێکـی گرینگـی یەکبوونـی نەتەوەیـی بێـت و لـە نـاو بەرنامەکانـی پـەروەردە و لـە نـاو میدیـاکان و لەنـاو کۆمەڵـگادا تیشـکی بخرێتـە سـەر.

٣. تێگەیشـتن و دیالـۆگ: دیالۆگـی کـراوە و بنیاتنەر لە نێـوان گرووپ و چینە جیـاوازەکان هـان بدرێت بۆ تێگەیشـتن و ڕێزگرتن لـە بۆچوونی یەکتر.

٤. یاســا و سیاســەتەکان: یاســا و سیاســەتەکان دەتوانــن ڕۆڵ بگێــڕن لــە بەهێزکردنــی یەکبوونــی نەتەوەیــی، ئــەوەش لــە ڕێگــەی بەرەنگاربوونــەوەی جیــاکاری و بــرەودان بــە یەکســانی.

٥. بۆنـە نەتەوەییـەکان: بۆنـە نەتەوەییـەکان دەرفەتێکـن بـۆ بـرەودان بـە یەکبوونـی نەتەوەیـی و باشـترکردن و بەهێزکردنـی ئینتـمای نەتەوەیـی.

ئامانج لە یەکبوونی نەتەوەیی بەهێزکردنی هاوپەیمانێتی و پێکەوەیی کۆمەڵگەییە لە چوارچێوەی نیشتمان و کەمکردنەوەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتیی و سیاسی و کولتوورییەکان و پاراستنی سەقامگیری وڵات و زامنکردنی سەلامەتی هاووڵاتیان و بەهێزکردنی ئینتما بۆ نیشتمان و شانازیکردن بە ناسنامەی نەتەوەیی.(1)

بێجگە لەوەش یەکبوونی نیشتمانی دەتوانێ بەها و ئاکاری نیشتمانی هاوبەش و لێکتێگەیشتن و دیالۆگ لە نێوان هەموو گروپەکانی کۆمەڵگە بەهێز بکات، کە دواجار دەبنە مایەی هاوکاری نیشتمانی لە بوارەکانی ئابووری و پەرەپێدان و خوێندن و ڕۆشنبیری.

کاتێ یەکبوونی نیشتمانی بوونی هەبێت، دەکرێ لەژێر یەك ئاڵا داوای مافە ڕەواکان بکرێ و بە شێوەیەکی باشتر و کاریگەرتر کار بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی و گۆڕانکاریی نیشتمانی بکرێت.

یەکبوونی نیشتمانی بنەمای سەرەکییە بۆ دەستەبەرکردنی پەرەپێدان و گەشەسەندن لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆ نموونە لە بواری خوێندن و تەندروستی و ژێرخان و هتد...

هەروەها لە ڕێگەی یەکبوونی نیشتمانی دەکرێ تواناکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئالنگارییە هەرێمی و نێودەوڵەتی و گرفتە گەورەکان زیاتر بێت.

(1) Voigt, R. (2015). Charakteristika des modernen Staates. In: Der moderne Staat. essentials. Springer VS, Wiesbaden.available at: https://doi.org/10.1007/978-3-658-10028-5_17, P. 79-84.

لــە کاتــی ســەرهەڵدانی قەیرانــی ئابــووری و ئاسایشــیی و ژینگەیــی یەکبوونــی نیشــتمانی دەتوانــێ دەوڵــەت بەهێــز بــکات بــۆ ئــەوەی بــە ســەرکەوتوویی مامەڵــە لەگــەڵ ئــەو ئالنگارییانــە بــکات.

کەواتــە یەکبوونــی نیشــتمانی فاکتــەری ســەرەکییە بــۆ بەهێزکردنــی دەرفەتـــی پێشـــکەوتن و پەرەپێـــدان و بەدیهێنانـــی هاوســـەنگی و گەشــەی بــەردەوام.

**چۆن لە چەمکی یەکبوونی نیشتمانی تێبگەین؟**

یەکبوونی نیشتمانی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دادەمەزرێ:

**بنەمـای یەکـەم:** لایەنی مەعنەوی یان سـایکۆلۆژی بەهـادار کە گرێدراوە بـە هاووڵاتییـان و یەکبوونیـان و یەکگرتووییان، بە واتایەکی تـر، فراوانکردنی ئـەو پەیوەندیانـەی تـۆڕی کۆمەڵـگـە و بەهێـزی پێکەوەژیانـی نێـوان توخـم و پێکهاتەکانـی پێکدەهێنـن. بنەمـای ئـەم پەیوەندییانـە ئینـتما بـەردەوام و خۆشەویسـتی بـۆ خـاك و نیشـتمان و ئـارەزووی پێکەوەژیانی هاوبەشـە.

**بنەمـای دووەم:** لایەنـی مـاددی هەرێمـی و یاسـایی کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی پەیوەسـتە بـە یەکرِیـزی و یەکخسـتنی دەوڵـەت و دامەزراندنـی سیسـتەمی یاسـایی و دەسـتووری و دامەزراوەیـی کـە پاراسـتنی یەکرِیـزی و گــەل و پێکەوەژیانیــان و وابەســتەبوون و پێکەوەگرێدانــی بنەمــا و فاکتەرەکانـی بوونـی نیشـتمان مسـۆگەر بـکات.

لەبـەر ئـەوە، گرینگـی یەکبوونـی نەتەوەیـی وەك بنەمایەکـی بنەڕەتـی بـۆ دامەزراندنـی هـەر دەوڵەتێکـی مۆدێـرن و بنیاتنانـی مۆدێلی پێشـکەوتن و دێموکراسـی دەردەکەوێـت.

زۆرێ لـە توێژەرانـی ئـەم بـوارە کۆکـن لەسـەر ئـەوەی ئەولەویـەت بـدرێ بـە یەکرێـزی نەتەوەیـی لـە بنیاتنانـی ئـەم مۆدێلـە، چونکـە یەکبوونـی نەتەوەیـی گۆشـەیەکە لـەو سێگۆشـەیەی بناغـەی دەوڵەتێکـی مۆدێـرن پێکدەهێنێـت و ئـەم سـێ گۆشـەیە بریتیـە لـە:

**یەکـەم:** یەکبوونـی نیشـتمانی و ئـەوەی پەیوەسـتە بـەو یەکبوونـە لـە پەیوەندییـە پێکەوەگرێدراوەکانـی نێـوان فاکتـەرە جیاوازەکانـی دەوڵـەت و کۆمەڵـگا لـە ڕووی هەرێمـی و بەهـا و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی. ئـەم پەیوەندییانـە ڕابـردووی دەوڵـەت و دەسـکەوتەکانی و ئێسـتای دەوڵـەت و گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی و ئاینـدە و چاوەڕوانییـەکان لـە چوارچێـوەی خـۆی کۆدەکاتـەوە.

**دووەم:** ئینتیمایەکـی نەتەوەیـی، کـە هەمـوو ئینـتما و دڵسـۆزییەکانی تـر تێدەپەڕێـت. یەکبوونـی نەتەوەیـی و ئینتـیمای نەتەوەیـی دژ بـە پلۆرالیـزم نییـن، بەڵکـو لـە ڕێگەیانـەوە فرەیـی گەشـە دەکات، بـە مەرجێـک ئـەم فرەییـە لـە دەرکـەوت و کارلێکەکانیـدا لـە چوارچێوەیەکـدا ڕووبـدات، کـە ڕێـز لـە سـەروەری ناسـنامەی نەتەوەییـە جیـاوازەکان بگرێـت. لـە بەرامبـەردا پێویسـتە کەسـانی سـەر بـە ئینـتمای جیـاواز ڕێزیـان بـۆ ئینتیمای نەتەوەیـی و دڵسـۆزییان بـۆ نیشـتمان هەبێـت.

**سـێیەم:** هاوبەشـی نێـوان کۆمەڵـگای مەدەنـی و دەوڵـەت بە دامـەزراوە جۆراوجۆرەکانیـەوە هاوبەشـییەکە بەشـداری فـراوان لـە پرۆسـەی بنیاتنانـی دەوڵـەت و بەدەسـتهێنانی بوژانـەوە و گەشەسـەندن مسـۆگەر دەکات. ئـەم جـۆرە هاوبەشـییانە بەبـێ گەرەنتـی دەسـتووری و یاسـایی بـەدی ناهێنرێـت کـە نـە تەنیـا مافـی بەشـداری لەسـەر بنەمـای یەکسـان بـۆ

هەمـووان دەسـتەبەر بـکات، بەڵکـو سـەروەری یاسـا و مافـی گـرووپ و تاکە جیاجیـاکان بەهێـز دەکات، بـێ ئـەوەی بـۆ گرینـگ بێـت، ئینتـیمای سیاسـی، مەزهەبـی، کەلتـووری و نەژادییـان چیـە.[1]

ئـەم سـێ گۆشـەیە: پەیوەندیـی پێکەوەیـی و هەسـتی ئینـتما و دڵسـۆزی بـۆ نیشـتمان و بەشـداریکردنی هێـزە جیاجیـاکان لـە پەرەپێـدان و بونیادنـان لـە ڕاسـتیدا بنەمـای دەوڵەتـی مۆدێـرن و مانـەوەی دەوڵەتـی مۆدێرنـن لەناو جیهانێ، کە سنووری سیاسی وردە وردە کاڵ دەبێتەوە و کیشوەرە دوورەکانی جیهـان وەکـو گوندێکـی بچووکیـان لـێ هاتـووە کە دەبنـە دراوسـێی پێکهاتە و یەکـەی جوگرافـی بچـووك، بۆیـە یەکەیەکـی جوگرافـی وەکـو هەرێمـی کوردسـتان بـەردەوام لـە هەوڵ و کۆششـە بۆ ئـەوەی لە چوارچێـوە هەرێمی و جیهانییەکـەی ببێـت بـە نمونەیەکـی پێشـکەوتوو و تایبـەت. لـەم حاڵەتەدا ناکـرێ گۆشـەیەك لەو سـێ گۆشـەیە ڕەچاو نەکـرێ و گرینگی پـێ نەدرێ، کە لـە بنەڕەتـدا فۆکـس دەخاتە سـەر چەمکـی یەکبوونی نیشـتمانی.

هـەر بۆیە یەکبوونی نیشـتمانی پێویسـتی بـە زەروورەتـی پێکەوەژیانێکە لـە چوارچێـوەی لێبوردەیـی و ئازادییەکـی بەرپرسـیارانەی نێـوان پێکهاتەکان، سـەرەڕای جیاوازییـان لـە سروشـت و ئـەو لایەندارێتییـەی هەیانـە. ئـەم چوارچێــوەی لێبوردەییــە بــە واتــای دەســتبەرداربوون لــە توندوتیــژی و ئامرازەکانـی ڕق و کینـە و ڕێگرتـن لـە تایبەتمەنـدی و ناسـنامەی نیشـتمانی و ئینـتمای نیشـتمانی و ئەولەوییـەت پێـدان بـەو ئینتمایـە و بەرزڕاگرتنـی لەسـەرووی ئینتماکانـی تـر لەنـاو دەوڵـەت.

---

(1) Liebert, Ulrika et al. (eds.), Die Politik zur deutschen Einheit, Springer Fachmedien Wiesbaden 1991, P. 95-113.

**میكانیزمەكانی دەستەبەركردنی یەكبوونی نیشتمانی:**

ژمارەیەك ئامراز و شێواز هەیە بۆ دەستەبەركردنی یەكبوونی نیشتمانی، لەوانە یاسایی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییە، هەموو ئەم ئامراز و شێوازانە لەدەوری قووڵكردنی ویستی پێكەوەژیانی كەرت و پێكهاتەكانی كۆمەڵگە و پاراستنی فرەیی لە چوارچێوەی ئینتمای نیشتمانی گشتگیر و كەمكردنەوەی جیاوازی نێوان گرووپ و فاكتەرە جیاوازەكان دەخولێتەوە، ئەمەش فرەیی و هەمەچەشنی ببێتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی و بەهێزی، نەوەك سەرچاوەی هەڕەشە یان لاوازی بۆ كۆمەڵگە.

مەودای ئەم ئامراز و شێوازانە لە دیالۆگ، قایلكردن و لێكتێگەیشتنەوە دەست پێ دەكات، تا دەگاتە پەروەردەی سیاسی و هۆشیاری و ڕادەی بەكارهێنانی چارەسەری ئاسایشی بۆ پاراستنی دەوڵەت و سنوورەكانی و یەكپارچەیی خاكەكەی، ئەمە ئەگەر كاتێ هەڕەشە لەسەر یەكپارچەیی خاكی و یەكپارچەیی دەوڵەت هەبێت.[١]

زۆربەی دەوڵەتەكانی جیهان پەنا دەبەنە بەر ئامرازەكانی پەروەردەی سیاسی بۆ پەرەپێدانی یەكبوونی نەتەوەیی، ڕێكخستن و یەكخستنی هەستی دڵسۆزی بۆ نیشتمان و جەختكردنەوە لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانەی، كە تاكەكانی گەل كۆدەكەنەوە.

---

(1) Graf, Martin A. (1993). Erziehungsheime als soziale Figurationen zwischen lebensweltlich und systemisch orientierter Integration. In: Graf, M. (Hrsg.): Heimerziehung unter der Lupe. Beiträge zur Wirkungsanalyse. Luzern: Edition SZH. P. 85.

**ئامرازەکانی پەروەردەکردن کە بۆ بەدیهێنانی یەکبوونی نەتەوەیی بەکاردەهێنرێن چین؟**

١. خانەوادە، کە ئەرکی دارشتنی کەسایەتی منداڵە و هەر لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە، ئەلف و بێی دڵسۆزی و ئینتیما و ئەولەویەتەکانی فێر دەکات، بە شێوەیەك ئاراستەی هەستەکانی دەکات و ویژدانی سیاسی پێکدەهێنێت، دواتر گەشە دەکات بۆ شێوەی «هاووڵاتییەکی باش»، ئەوەی کۆمەڵگە هەرێمی کوردستان مەبەستیە و بەدوای دەگەرێت.

٢. پەروەردە و دامەزراوەکانی، لەوانە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، ئەم دامەزراوانە بەشێوەیەکی پیشەیی و سیستماتیك کار دەکەن بۆ چاندن و پەرەپێدانی بەهاکانی هاووڵاتیبوون و نیشتمانپەروەری و پیرۆزی نیشتمان و یەکریزی و ئامانج و بەهاکان و نەخشاندنی وێنەی داهاتووی بووژانەوەی نیشتمان و بێهاوتاییەکەی، لە سایەی یەکریزی نەوەکانی و هێزی ویستی خودی نیشتمان و یەکریزیی گەلی کوردستان.

٣. راگەیاندن و رۆڵی لەبەهێزکردنی یەکریزیی هەرێمی کوردستان و سەروەری و سەردەستی و پاراستنی پێکهاتە و کۆڵەکەکانی، کە بریتین لە گەلی کوردستان و هەرێمی کوردستان و سەروەری هەرێمی کوردستان. هەرچەندە رۆڵی میدیا لە زیادبووندایە، بەتایبەتی لە نێو چینی گەنجاندا، ئەوانەی کە زیاتر لە ژێر کاریگەری پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی گشتی، ئینتەرنێت، تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ئامرازەکانی ترن.

٤. دامـــەزراوە ئایینییـــەکان و ڕۆڵـــی گوتـــاری ئایینـــی لەیەکخســـتنی ڕیزەکانــی گەلــی کوردســتان و یەکبــوون و یەکخســتنی پێکهاتەکانــی، بەتایبەتــی لەکاتــی قەیرانەکانــدا. دامــەزراوە ئایینییــەکان لــە ئەنجامــی ســۆزی ئایینــی و دینــداری کۆمەڵگــە، لــە لایــەن ئەندامانــی کۆمەڵگــە ڕێزیــان لــێ دەگیــرێ و بــەو هــۆکارە ســیمبوڵە ئایینییــەکان گرینگییــان پــێ دەدرێــت.

٥. ڕێکخـــراو و یانـــە و دامەزراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی، کـــە بەهــۆی ڕۆڵ و چالاکییــە خۆبەخشــەکانیان ڕۆڵێکــی ئەرێنــی دەبینــن لەبەرەوپێشـــبردنی یەکڕیـــزی نەتەوەیـــی و بەهێزکردنـــی هەســـتی ئینتیـــما و دڵســـۆزی بـــۆ نیشـــتمان.

**یەکبوونی نیشتمانی مەرجێکی پێویستە بۆ ڕابوون و گەشەپێدان:**

هــەر ڕابــوون و ستراتیــژێ بــۆ گەشــەپێدان پێویســتی بــە تواناســازی و کۆکردنــەوە و فراوانترکردنــی ســەرچاوەکان و عەقڵانــی کــردن و پلاندانــان و ئاراســتەکردنی هەمــوو وزەکان هەیــە بــەرەو دەســتەبەرکردنی ئــەو ئامانــج و دیدگایانــەی کۆمەڵگــە و دەوڵــەت پێــی پەســەندە لــە پێنــاو دەســتبەرکردنی ئــەو ڕابــوون یــان گەشــەپێدانە. دیــارە ئەمانــە پێداویســتی ســەرەتایی و مەرجەکانــی بووژانــەوە و بنیاتنانــەوەن، ئــەو پێداویســتی و مەرجــە ســەرەکییانە بــۆ ڕابــوون و بونیاتنانــەوە تەنیــا لــە ڕێگــەی یەکبوونــی نەتەوەیــی و یەکخســتنی هەرێمــی کوردســتان بــەدی دەهێنرێــن، بــە دڵنیاییــەوە یەکگرتوویــی پێکهاتــەی کۆمەڵایەتــی و گردبوونــەوە لــە دەوری بەرژەوەنــدی نەتەوەیــی و ســەرکردەی حەکیــم و دڵســۆز دەبنــە هەوڵــی هاوبــەش بــۆ ڕابــوون و گەشەســەندن.

**یەکبوونی نیشتمانی لە سایەی پڕۆژەی چاکسازی:**

پـــڕۆژەی چاکســـازی لـــە هەرێمـــی کوردســـتان پێویســـتە ژمارەیـــەك تایبەتمەنـــدی لەخـــۆ بگرێـــت، گرینگتریـــن ئـــەو تایبەتمەندیانـــە بریتیـــە لـــە:

پێویســتە پڕۆژەیەکــی نیشــتمانی کۆمــکار بێــت و ســەرجەم هێــز و لایەنە سیاســییەکان لــەدەوری کۆببنــەوە، واتــە حکومەتــی هەرێــم و کۆمەڵگەکــەی، نوخبــەی سیاســی و جەمــاوەری گەلــی کوردســتان پاڵپشــتی بن.

ئــەم پڕۆژە نیشــتمانییە دیموکراســییەت وەکو شــێوازێ بۆ ژیــان و پراکتیك ببینــێ، هەروەهــا دامــەزراوەکان، ڕۆڵ و کارلێکــەکان لــە ژیانــی سیاســیدا کارا بــکات، ئــەوەش لــە ڕێگــەی هاندانــی بەشــداریکردن و جەختکــردن لەســەر گرینگــی ڕۆڵــی دامــەزراوەکان ئەنجــام بدرێــت، بەتایبەتــی هــەر ســێ دەســەڵاتی یاســادانان و دادوەری و جێبەجێکــردن.

پێویســـتە بـــۆ بەدەســـتهێنانی بنەماکانـــی هەرێمـــی کوردســـتانێکی ســـەرکەوتوو ســـەروەری یاســـا و جیاکردنـــەوەی دەســـەڵات و عەقڵانیەتـــی بپارێزرێـــت بـــۆ بەدیهێنانـــی ئامانجەکانـــی گەشـــەپێدان و بووژانـــەوە، لەهەمـــان کاتـــدا فاکتـــەری ســـەقامگیری و پێکەوەژیـــان و ڕەتکردنـــەوەی توندوتیـــژی و تیـــرۆر پتەوتـــر بکرێـــت. هەرچەنـــد دەســـکەوتەکانی حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان لـــە ڕابـــردوودا لـــە ســـایەی پـــڕۆژەی چاکســـازی لـــە زۆر دەروازەی گەشـــەپێدان دەســـکەوتی باشـــی هەبـــووە، بـــەڵام لەگـــەڵ ئەوەشـــدا، دەروازەی گەشـــەپێدانی سیاســـی جەخـــت لەســـەر ڕەهەنـــد و لایەنـــی دیاریکـــراو دەکاتـــەوە، کـــە لـــە ســـەرووی هەموویانـــەوە دوو لایەنـــی بنەڕەتـــی هـــەن:

**یەکەم:** چوارچێوەی دامەزراوەیی و دەستووری.

**دووەم:** تەواوکردنی بنیاتنانی هەرێمکی (دەوڵەتێکی) نەتەوەیی مۆدێرن

لــە ڕێگــەی ئــەم چوارچێــوە دامەزراوەیــی و دەســتوورییە و بــە تەواوبوونــی بنیاتنانــی هەرێمێکــی نیشــتمانی مۆدێــرن، پرســی ســەرەکی دەسـکەوتەکان لـە ژێـر پـڕۆژەی چاکسـازیدا گەڵاڵـە دەبـن، کـە بریتیـن لـە:

- پرســی شــەرعیەتی دەســتوری و سیاســی کــە بــە بەڵێننامــەی کاری نیشــتمانی و دەســتور و گردبوونــەوەی نیشــتمانی دادەنــرێ و کۆدەنگــی هەبێــت لەســەری، وەکــوو بنەمایەکــی تۆکمــە بــۆ ئــەو شــەرعیەتە و بەردەوامبوونــی.
- پرسـی ناسـنامە و ئینتـمای نیشـتمانی و هاوڵاتیبـوون کـە خسـڵەتەکانی هەرێمێکـی مۆدێـرن دیـاری بـکات کـە هەرێمـی هەمـوو کوردسـتانیان بێـت و تیایـدا یەکسـانی هەبێـت و هیـچ جیـاوازی نەبێـت لـە نێـوان هەمـوو هاووڵاتییـان بـێ جیـاوازی.
- پرســی بەشــداری سیاســی کــە لــە یاســا و ڕێســاکانی دەســتووری هەرێــم مســۆگەر کرابێــت و چوارچێوەکــەی دیــاری بــکات، ئــەوەش بەشـداریکردن فراوانـتر دەکات و هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـە کوردســتان بگرێتــەوە بەتایبەتــی ئافرەتــان و لاوان.
- پرسـی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاسایشـی کۆمەڵایەتی و چڕکردنەوەی هەوڵـە پێشـەنگەکانی دەوڵـەت بـۆ پاراسـتنی ئـەو چینـەی کەمتریـن داهاتیـان هەیە، هەروەها دەسـتەبەرکردنی دەستگەیشـتن بـە کار وەکوو مـاف و ئـەرك و چارەسـەرکردنی کێشـەی بێـکاری و ڕاهێزانـی توانـاکان.

- یەکگرتوویـــی ئەندامانـــی کۆمەڵگـــەی کوردســـتانی و کەمکردنـــەوەی توندوتیـــژی و پەهێزکردنـــی کەلتـــووری مافـــی مـــرۆڤ، دیالـــۆگ، پێکەوەژیـــان، لێبوردەیـــی و قبووڵکردنـــی بەرامبـــەر.

بـــە خۆشـــحاڵییەوە دەتوانیـــن بڵێیـــن؛ بەهـــۆی هەوڵـــە بەردەوامەکانـــی ســـەرکردایەتی سیاســـی هەرێمـــی کوردســـتان و سیاســـەتی حەکیمانەیـــان لـــەم بوارانـــەدا کاری بەرچـــاو ئەنجامـــدراوە و هەرێـــم بـــووە بـــە نموونەیەکـــی پێشـــەنگی ناوچەکـــە، هـــەر ئەمـــەش بۆتـــە هـــۆکاری ئـــەوەی هەرێـــم لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتـــی ســـتایش بکرێـــت.

**پێکهاتــە ســەرەکییەکانی پرۆســەی بنیاتنانــی هەرێمــی کوردســتانێکی بەهێــز و مۆدێــرن:**

توێــژەران لەســەر فرەچەشــنی پێکهاتەکانــی دەوڵەتــی مۆدێــرن کۆکــن، ئەگەرچــی لەســەر گرینگــی و لــە پێشــینەکان بۆچوونــی جیاوازیــان هەیــە. ژمارەیــەك لــە توێژینــەوەکان ئامــاژە بــە تــەوەرە ســەرەکییەکان و پێکهاتــە دیاریکراوەکانــی پرۆســەی بنیاتنانــی دەوڵەتــی نەتەوەیــی مۆدێــرن دەکەن،[1] گرنگترینیــان بریتیــن لــە:

- ژیانێکــی سیاســی کــە لەســەر بنەمــای بەشــداری و هاووڵاتیبــوون و ئینتیمــا و ناســنامەی نەتەوەیــی و بــرەودان بــە مــاف و ئــازادی و ئــەرك لــە نێــوان هەمــوو چیــن و توێــژ و ئەندامانــی کۆمەڵگــە دامەزرابێــت.
- گەشــەپێدانی مرۆیــی و ئابــووری و کۆمەڵایەتی لەســەر بنەمــای بنیاتنانی مــرۆڤ و کۆکردنــەوە و کەڵەکەکردنــی ســەرچاوە و توانــا و وزەکانی.
- ئــەو سیاســەتە گشــتییانەی پێداویســتییە ســەرەتاییەکان لــە بــوارە جۆراوجۆرەکانــی وەکــوو پــەروەردە، تەندروســتی، گەیانــدن و میدیــا و زانیــاری و ئاســایش جێبەجــێ دەکــەن.

ئەگەرچــی هەرێمــی کوردســتان لــە ڕووی ســەرچاوە خاوەنــد ســەرچاوەیەکی دەوڵەمەنــدە، بــەڵام هێشــتا لــە چوارچێــوەی عێراقــی فیــدڕاڵ توانــای مانۆڤرکردنــی نییــە وەکــو دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ بــۆ بەکارهێنانــی

(1) Habermas, Jürgen, Die postnationale Konstellation und die Zukunft der Demokratie, available at: https://library.fes.de/pdffiles/akademie/online/50332.pdf, P. 7.

ئـەو سـەرچاوانە لـە پێنـاو گەشـەپێدان، بـەڵام پـڕۆژە و دەسـکەوتەکانی نەوەسـتاون لـە بەرەوپێشـەوەچوون.

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە سـایەی سـەرکردایەتییەکی بەرپـرس و خاوەنـد دیدگایەکـی ڕوونـی ئایندەسـازی، بـە تایبەتـی لـە چوارچێـوەی ئیـدارەی کابینـەی نۆیـەم، جەختـی لەسـەر ئـەوە کردۆتـەوە، کـەوا هاووڵاتـی بنەمـای گەشـەپێدان و ئامانجـی سـەرەکییە، هـەر بۆیـە کاری لەسـەر ستراتیـژی گشـتگیر کـردووە کـە لەسـەر چەنـد بنەمایـەك دامـەزراوە، لـە سـەرووی هەموویانـەوە بەدەسـتهێنانی بەشـداری و پاراسـتنی ئـازادی و ئاسـایش و مافـە بنچینەییەکانـە. ئـەم ڕێگایـە ئـەو بـاوەڕە پتـەوە بەهێـز دەکات، کـە لـە پـڕۆژەی چاکسـازیی سـەرۆکی حکومـەت دووپـات کراوەتـەوە، هـەر بۆیـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەکـو حزبـی سـەرەکی لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی بەرنامەکانـی بـۆ هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمـان جەختـی لەسـەر ئـەم دروشمانـەی خـوارەوە کـردووە:

**یەکـەم:** باوەڕبـوون بـە گەلـی کوردسـتان وەکـوو قەوارەیەکـی یەکگرتوو، بـێ گوێدانـە ئینتـیمای مەزهەبـی و نـەژادی، بۆیـە سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە بایەخـەوە دەڕوانێتـە گەلـی کوردسـتان و بەبـێ جیـاوازی و جیـاکاری باوەشـی بـۆ هەمـوو پێکهاتـەکان کردۆتـەوە.

**دووەم:** باوەڕبـوون بەپێویسـتی پەرەپێـدان و گەشەسـەندن لەپێنـاو بنیاتنانـی ئابوورییەکـی نیشـتمانی بەهێـز و ئەزموونێکـی پێشـەنگ لەهەمـوو بـوارەکان لەسـەر ئاسـتی عێـراق و ناوچەکـە و جیهـان لەسـەر بنەمـای باوەڕهەبـوون بـەوزە و تواناکانـی گەلـی کوردسـتان.

**سێیەم:** باوەڕبوون بە داهاتوو وەکوو درێژەپێدەری ئێستا و ئیلهام وەرگرتن لە مێژوو و ڕێبازی پیرۆز و ڕاستەقینەی گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی «یەك هەرێم و یەك پەرلەمان و یەك حکومەت و یەك هێزی پێشمەرگە هەبێت و کۆتایی بە هەرچی کاری نایاسایییە بهێندرێت».

ئەم بنەما و بیرۆکانە تەنیا دەق و دەستەواژەی پەخشان ئامێز نین، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی دا وەریان بگێڕێت بۆ شێوازەکانی هەڵسوکەوت و واقیعی و لە کرداری ڕۆژانەدا لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت. لە تەنیشت ئەمانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرینگییەکی زۆری داوە بە پرسی گەنجان و ژینگە و لەسەر ئاستی ئابووری سیاسەتی لەسەر فرەچەشنکردنی ئابووری نیشتمانی و وەبەرهێنان لە مرۆڤ کردووە.

فۆکس خستنە سەر ئازادی ئابووری و کرانەوە بەڕووی جیهان و گرینگیدانی بەردەوام بە گەشەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و دروستکردنی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی و دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی ئاسایشی جێگیر بوون بە هۆکاری گەشەسەندنی بەردەوامی هەرێمی کورستان. هەروەها پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا و دابینکردنی سیستەمێکی یاسایی و بانکی و دامەزراوەیی مۆدێرن لە هەرێم بووە بە مایەی ئەوەی چەندین کۆمپانیا کە چالاکی نێودەوڵەتییان هەیە و لە سەرانسەری جیهاندا کار دەکەن، ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بەردەوام بێت لەسەر درێژەدان بە ستراتیژێکی گەشەپێدانی یەکخراو و هاوسەنگ، کە پێشکەوتنی

کەرتەکانــی ژێرخانــی ئابــووری و ئاوەدانکردنــەوەی شــارۆچکەی نــوێ و نوێکردنــەوەی شــار و گوندەکانــی ئێســتا لەبەرچــاو بگرێــت و کار بــۆ پەیڕەوکردنــی سیاســەتێکی ســەقامگیر و هاوســەنگ بــکات و هــەوڵ نــەدات مۆدێلــی ئامــادە لــە دەرەوە هــاوردە بــکات، کــە لەگــەڵ هەلومەرجــی خۆیدا نەگونجێــت، بەڵکــو لــە واقیعــی خــودی هەرێمــەوە ســەرچاوە بگرێــت کــە مایــەی پەرەپێدانــی بــەردەوام بــەردەوام و هەنــگاوی گەشەســەندن و داهاتەکانــی بــەرز ڕابگرێــت و دەســتکەوتە ئابوورییــەکان و ســەقامگیریی سیاســی و دادپــەروەری کۆمەڵایەتــی پێکــەوە گــرێ بــدات.

لەبــواری پــەروەردەدا کابینــەی نۆیــەم لــە حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان خوێندنــی بــە شــەمەندەفەری گەشــەپێدان و پێشــکەوتن زانــی و لەســەرەتای دەســتبەکاربوونیەوە لەمانگــی تەمــووزی ســاڵی ٢٠١٨ ەوە بەســەرکەوتوویی کاری لەســەر پــڕۆژەی نیشــتمانی خــۆی کــرد بــۆ پەرەپێدانــی پــەروەردە و ڕاهێنــان لەڕێگــەی باشترکردنــی ئــەدای قوتابخانــەکان و پەرەپێدانــی خوێندنــی تایبــەت و خوێندنــی زانکۆیــی و چڕکردنــەوەی ئەرکەکانــی ناوخــۆ و دەرەوە و ڕێزلێنــان و بایەخــدان بەخوێنــدکارە دیــارەکان و بەدواداچوونــی پلانەکانــی پەرەپێدانــی خوێندنــی تەکنیکــی و بەردەوامبوونــی لەســەر پــڕۆژەی قوتابخانەکانــی ئاینــدە و کارکــردن بــۆ پەرەپێدانــی خوێندنــی بــاڵا و بەهێزکردنــی هــاوکاری نێودەوڵەتــی لەبوارەکانــی توێژینــەوەی زانســتی و زانکــۆکان.

هەروەهــا بــواری خزمەتگوزارییــە تەندروســتییەکانیش لەچوارچێــوەی ئــەو ستراتیــژەدا پەرەســەندنێکی بەرچــاوی بەخــۆوە بینــی، تــا ئامانجــی پەرەپێدانــی سیســتەمی تەندروســتی بەپێــی ســتانداردەکانی ڕێکخــراوی

تەندروستی جیهانی بێت و لە داهاتوودا دابینکردنی چاودێری تەندروستی گشتگیر ببێت بە ڕاستی و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان جێگیربێت.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان توانی چەتری چاودێری کۆمەڵایەتی گەورەتر بکات، تا هاوڵاتی بتوانێ زیاتر سوود لە خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی وەربگرێت، لە هەمان کاتدا گەنجان گرینگی تایبەتیان پێدرا و ستراتیژی تەواکار بۆ وەبەرهێنان لە توانای گەنجان و ئاراستەکردنیان لەو بوارانەی سوودی زیاتریان هەیە و هەلی کاری گونجاویان بۆ فەراهەم دەکات. حکومەتی هەرێمی کوردستان گرینگیدان بە چالاکی وەرزشی بۆ چینی گەنجانی کردووە بە بەرنامە و ئەجیندای خۆی، چونکە گەنجان ٤٠٪ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن و وزەیەکی ژیارن بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان.

حکومەتی هەرێم بە بایەخەوە دەڕوانێتە بابەتی پاراستنی ژینگە و لەڕێگەی دابینکردنی ژێرخانی یاسایی و دامەزراوەیی و چالاککردنی ستراتیژی ژینگەی نیشتمانی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە تایبەتمەندی پێدراوە، بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە کار بۆ ڕووماڵکردنی سەرجەم کێشە ژینگەییەکان دەکات و لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی مەبەستیە بەشداربێت لە بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پاراستنی ژینگەو باشترکردنی.

**هەرێمی کوردستان وەکوو قەوارەیەکی دەستوری؟**

گومانـــی تێـــدا نییـــە قـــەوارە دەســـتورییەی هەرێمـــی کوردســـتان، کـــە لەنـــاو دەســـتوری عێـــراق جێگیـــر کـــراوە بەرهەمـــی فیـــداکاری و قوربانیدانـــی گەلـــی کوردســـتانە لەمـــاوەی ســـەدەی ڕابـــردوو و بـــە پێـــی مـــاددە دەســـتورییەکان هەرێمـــی کوردســـتان لـــە نـــاو ئـــەو سیســـتەمە فیدراڵیـــە ئەنـــدام و یەکەیەکـــی دەســـتوری سیاســـییە و تاڕادەیـــەك ســـەربەخۆیی و ســـەروەری هەیـــە و هـــەر ئـــەو دەســـتورە دانـــی بـــەوەش نـــاوە، کـــەوا لـــە کاتـــی چوونـــە واری جێبەجێکـــردن هەرێمـــی کوردســـتان و دەســـەڵاتەکانی بـــە هەرێمێکـــی فیـــدراڵ دەناســـێنێ، بـــەڵام هەمـــان دەســـتور پایتەخـــت و هەرێـــم و پارێـــزگا لامەرکەزییـــەکان و دامـــودەزگا خۆجێییەکانـــی تێکـــەڵ بەیـــەك کـــردووە لەنـــاو پێکهاتـــەی سیســـتەمی فیدراڵـــی، هەرچەنـــدە پارێـــزگا و ئیـــدارە خۆجێییـــەکان یەکـــەی کارگێڕیـــن و ســـوود و بەرژەوەندییەکانـــی ســـەروەری ناوخۆیـــی نایانگرێتـــەوە و دەســـەڵاتەکانیان ســـنوردارکراوە بـــۆ کاروبـــاری ئیـــداری، بـــەڵام ئـــەم دەســـتوورە ئـــەو ئیـــدارە خۆجێیانـــە دەخاتـــە هەمـــان خانـــەی ڕێکخســـتنی دەســـتووری لەگـــەڵ هەرێمـــی کوردســـتان. لەکاتێکـــدا ئـــەم دەســـتورە باڵاتریـــن یاســـایە لەعێـــراق و دەقەکانـــی هەمـــوو لایـــەك بـــێ جیـــاوازی پابەنـــد دەکات، چونکـــە جیاوازییەکـــی بنەڕەتـــی و ئاشـــکرا هەیـــە لەنێـــوان مـــاف و دەســـەڵاتەکانی هەرێـــم و پارێـــزگاکان و دامـــودەزگا خۆجێییـــەکان لەگـــەڵ ئـــەوەی دەســـتوور بڕیـــاری لەســـەر مـــاف و دەســـەڵاتەکانی هەرێمـــەکان داوە، بەتایبەتـــی بـــە لەبەرچاوگرتنـــی هەرێمـــی کوردســـتان وەکـــوو هەرێمێکـــی فیـــدراڵ لەکاتـــی دەرچوونـــی دەســـتوردا.

لەلایەکــی دیکــەوە بەشــدارییەکی دادپەروەرانــە لەبەڕێوەبردنــی دامــەزراوە جۆراوجۆرەکانــی دەوڵەتــی فیــدراڵ و نێــردە و هــاوکاری و شــاند و کۆنفرانســە هەرێمایەتــی و نێودەوڵەتییــەکان بــەدی ناکــرێ و هەرێمــی کوردســتان وەکــوو ئەندامێکــی دەســتووری لەنــاو دەوڵەتــی عێراقــی فیــدراڵ بەشــداری پــێ نەکــراوە.

ئــەم مافانــەی هەرێــم و پارێــزگاکان کــە لــە دەســتوردا هاتــوون بــە دامەزرانــدن یــان بــە هەبوونــی دەزگایەکــی گشــتی بــۆ دەســتەبەرکردنی مافەکانــی هەرێمــەکان بەدەســت دێــت. نەبوونــی ئەنجومەنــی فیــدڕاڵ بەربەســت دەخاتــە بــەردەم هەرێمــی کوردســتان کــە بەشــداری تــەواو لــە پرۆســەی یاســادان لــە عێــراق بــکات. ئەمــەش لادانــە لــە دیموکراســییەت کــە کۆڵەکــەی ســەرەکی و پاراســتنی سیســتەمی فیدڕاڵییــە.

لەگــەڵ ئەوەشــدا مومارەســەکردنی فیدڕاڵییــەت تەنیــا لــە ســایەی سیســتەمێکی دیموکراســیدا بــەدی دێــت کــە مافەکانــی هەرێمــەکان لەبەرچــاو بگرێــت، چونکــە پێکەوەژیانــی ئازادانــە و هەڵبژاردنــی ئارەزوومەندانــە بــەردەوام نابێــت و درێــژە ناکێشــێت، ئەگــەر لەســەر بنەمــای یەکســانی لــە مــاف و ئەرکەکانــدا نەبێــت. فیدڕاڵیزم مافــی تاکەکان مســۆگەر دەکات و یەکپارچەیــی و بەردەوامــی ئۆتۆنۆمــی هەرێمــەکان مسۆگەر دەکات. ئــەم دەســتەبەرکردنە بــۆ مافــەکان و پاراســتنی ئۆتۆنۆمی و ســەروەری هەرێمــەکان تەنیــا بــە پەیڕەوکــردن و جێبەجێکردنــی ئــەو یاســایانە بــەدی دێــت، کــە لــە دەســتوردا ئاماژەیــان پــێ کــراوە.

لــە دەســتور هاتــووە؛ دەســەڵات لــە هەرێمــی کوردســتان مافــی دانانــی دەســتوری هەیــە، بۆیــە ئێمــە پــێمان وایــە لەپێنــاو پاراســتنی

قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان و یەکبوونـی نیشـتمانی پێویسـتە دەسـتوری هەرێمـــی کوردســـتان چـــیتر ڕەشـــنووس نەبێـــت، بەڵکـــوو دەســـتورێکی هاوچـــەرخ بێـــت، کـــە تێیـــدا چەمکـــی دیموکراســـی و یاســـەروەری و هاوڵاتیبـــوون لـــە خاڵـــە دیارەکانـــی ئـــەو دەســـتورە بێـــت و گەڕاندنـــەوەی ناوچەکانـــی دەرەوەی ئیـــدارەی هەرێمـــی کوردســـتان و دیاریکردنـــی سـنووری جوگرافیـای کوردسـتان چەسـپێنرابن لـە دەسـتورەکەدا، چونکـە قۆناغـی ئێسـتای خەباتـی گەلـی کوردسـتان قۆناغـی ڕزگاری نیشـتمانییە تـا ئەوکاتـەی کـورد وەکـوو نەتەوەکانـی تـر لـە جیهـان دەبێتـە خاوەنـی دەوڵـەت و بـە ئامانجـە باڵاکانـی دەگات.

**لە کۆتاییدا:**

پێویســتە ئامانجــی ســەرەکی لــە پارێزگاریکــردن لــە مانــەوە و یەکپارچەیــی و بەهێزکردنــی قــەوارە و دامــەزراوە دەســتورییەکانی هەرێمــی کوردســتان لــە پێنــاو دەســتەبەرکردنی ئــەم خاڵانــەی خــوارەوە بێــت:

١. بنیاتنانــی کۆمەڵگەیــەك، کــە تیایــدا یاســا ســەروەر بێــت و تــرس و ململانــێ نەمێنێــت و ژیانێکــی پــڕ لــە ئاشــتی کۆمەڵایەتــی فەراهــەم بکرێــت، لــە سایەی دەوڵەتێکــی دامــەزراوە، لەســەر بنەمــای پاراســتنی بەرژەوەندییــە هاوبەشــەکانی ســەرجەم ئەندامانــی کۆمەڵگــە، بــۆ گەیشــتن بــە ئاشــتی و دادپــەروەری کۆمەڵایەتــی.

٢. بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەوەی، دەســتوور گرێبەســتێکی کۆمەڵایەتــی ئاشــتیخوازانە پێکدەهێنێــت و بــە یاســای بنەڕەتــی و بــاڵای دەوڵــەت دادەنرێــت کــە بەرژەوەندییــە گشــتییەکان و ســەروەری و ســەربەخۆیی و ڕووبەڕووبوونــەوەی ئاســتەنگەکانی بنیاتنانــی دەوڵەتــی مۆدێــرن، لەســەر ئاســتی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــووری و کەلتــووری، ڕوون و پێناســە و مســۆگەر دەکات، چ لەپەیوەندییــە ناوخۆییــەکان یــان لەپەیوەندییەکانــی دەرەوە بێــت.

٣. دیاریکــردن و زامنکردنــی سیســتەمی فرەیــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــووری و کولتــووری، تــا ببێــت بــە واقیعێکــی دەســتووری و پراکتیزەیەکــی سیاســی کــە بــە هەمــوو لایەنــە ئەرێنــی و نەرێنییەکانییــەوە کارلێــك لەگــەڵ واقیــع بــکات.

٤. بنیاتنانـی دەسـەڵات لە ڕێگەی دەوڵەتـەوە و ڕێکخسـتنی پەیوەندییەکان لەنـاو دەوڵـەت بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك و گەڕانـەوە بـۆ جەمـاوەر لـە دیاریکردنـی شـێوازی حوکمڕانـی، فەرمانڕەوایـی و سـنوورەکانی حوکمڕانـی.

٥. ئاسـۆیەکی فـراوان فەراهـەم بکرێـت بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بتوانــن ڕێکخراوەکانــی خۆیــان دامەزرێنــن و بــبن بــە بنچینەیەکــی کۆمەڵایەتــی گەشــەپێدراوی دەوڵەتــی مۆدێــرن.

هەرچەنـد لـە واقیعـی کۆمەڵایەتـی سیاسـیدا دەبینیـن ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی وەکـوو ئەکتەرێکـی سـەرەکی گەشەسـەندن ڕۆڵـی دەسـتوری خۆیـان دەگێـڕن و دەبنـە هاوبەشـی سـەرەکی لـە بـواری بەشـداریکردن لـە داڕشتن و هەڵسـەنگاندنی سیاسـەتی گشـتی و وەکـوو لایەنێکـی سـەرەکی چالاکـی دەنوێنـن و گرینگـی بـە کاروبـاری گشـتی دەدەن و لـەو بوارەشـدا کار دەکـەن.

٦. بـە شـێوەیەکی گشـتی، دەسـتوور بنەماکانـی ناسـنامەی دەوڵـەت و شـێوەی سیسـتەمی حوکمڕانـی، سیسـتەمی هەڵبـژاردن و دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و دەسـەڵاتی دادوەری و سیسـتەمی کارگێـڕی پێناسـە دەکات و دەسـتەبەرکردنی یەکسـانی نێـوان هاووڵاتیـان و ڕێزگرتـن لـە فرەیـی و مافـە بنچینەییـەکان، لەوانـە مافەکانـی ئافرەتـان و منـداڵان و کەمایەتییـەکان و توێـژە کۆمەڵایەتییـە لاواز و پەراوێزخـراوەکان دیـاری دەکات.

هەرێمـی کوردسـتان کاتـێ دەتوانـێ بەهێزبێـت و لـە ڕووی سیاسـی و کەلتـووری و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی بە ئاراسـتەی مۆدێرنێتـە هەنگاو بنێت، ئەگـەر ڕەهەندەکانـی پەرەپێدانـی بـەردەوام و گشـتگیر لەبەرچـاو بگرێت و

لـە ڕێگـەی پەرەپێدانـی سیاسـی و گەشەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و کارگێـڕی و ئاوەدانکـردن و ڕۆشـنبیری هاوچەرخبوونـی مسـۆگەر بـکات.

مسـۆگەرکردنی مۆدێرنیزەکردنـی سـەرجەم جومگـە و دامەزراوەکانـی هەرێـم، کـە دەوڵـەت و کۆمەڵگـە لەسـەری بنیـات دەبـن بـە مەبەسـتی گەیـشتن بـە چەسـپاندنی توخمەکانـی هاوچەرخبـوون و مۆدێرنیتـە لـە دەوڵـەت و کۆمەڵگـە دەبێـت، چونکـە ئەرکـی بـاڵای دەوڵـەت پاراسـتنی سـامان و ئازادیـی و پاراسـتنی تاکـی کۆمەڵگـە و خاکـی نیشـتمان و دەسـتەبەرکردنی دڵنەوایـی و ئاشـتی و سـەقامگیرییە بـۆ هاووڵاتیانـی.

**فەلسەفەی ڕیفراندۆم وەکو فاکتەرێکی گرینگی سەروەری کوردستان**

هەرچەنـد سـەروەری کوردسـتان مانـای دەسـەڵاتێکی بـاڵا و ڕەهـا و ئامرازێکـی سـەرەکیی پابەندکـردن و بەڕێوەبردنـی دەسـەڵات و پەیوەندییەکانـە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوە، دەبینیـن بیرۆکـەی سـەروەری بـە چـڕی گرێـدراوە بـە فەیلەسـوفی سیاسـی و بیرمەنـدی فەرەنسـی جـان بـۆدان (١٥٣٠-١٥٩٦).

بـۆدان، کـە خاوەندی «شـەش کتێب لە بـارەی کۆماری»یەوە ڕاوێژکاری شا هـێنری چـوارەم (Henri IV) و هاندەری فەرمانڕەواییەتی ئەو پاشـایە بووە.

لـە ڕێگـەی بڵاوکراوەکانـی فەلسـەفەی خـۆی لەبـارەی جیهانێکـی نەخـۆش و شـڵەژاو خسـتۆتە ڕوو، جیهانـێ کـە ئـارەزووی ڕێکخسـتنەوە و ئاشـتی دەکـرد.

لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان سـەروەری نیشـتمانی بـە واتـای مافـی ڕەهـا بەسـەر خـاك و سـەروەت و سـەرچاوە و سـامانە سروشـتییەکان دێـت، هەروەهـا باوەڕهەبوونێکـی پـڕ متمانـە و ڕێژەیـی کە گەلی ئازاد سـەرچاوەی دەسـەڵاتە، گرینگـی خـۆی هەیـە، دوور لە ئایدیۆلۆژیـای توند، بـۆ دەربڕینی مـاف و ڕێکخـستن و هەڵبژاردنـی نوێنـەران بـۆ حوکمڕانییەکـی باش.

جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـی بڕیـاری داوە لەسـەر پرنسـیپی یەکسـانی لـە سـەروەری. لـە چاڕنامەکـە هاتـووە، هەمـوو دەوڵەتـێ لـە ڕووی مـاف و پابەندبـوون بـە ئەرکەکانـی لەگـەڵ دەوڵەتانـی تـری ئەنـدام لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان یەکسـانە، بـێ ڕەچاوکردنـی ئەسـڵ و پانتایـی و شـێوازی حکومەتەکـەی.

ئەگەرچــی پێنــج دەوڵەتــی زلهێــز ئــەو مافەیــان بــە خۆیــان داوە، دەســەڵاتێکی لــە ڕادەبــەدەر و مافــی ڤیتۆیــان هەبــێ، بــەوەش پرنســیپی یەکســانی پێشــێل دەکــرێ، بــەڵام ئــەوەی ئێســتا بــاوە، ئەوەیــە کە ســەروەری بێجگــە لــە چەمکــی ســەروەری دەوڵــەت، مانایەکــی تــری نییــە.

ئەگــەر بگەڕێینــەوە بــۆ دەســتوری عیراقــی ســاڵی ٢٠٠٥، دەبینیــن ئــەو دەســتورە ڕێگــەی بــە هەرێمــی کوردســتان داوە، مافــی چارەنووســی خــۆی دیــاری بــکات.

هەروەهــا ئــەو دەســتورە دان بــە حکومــەت و پەرلەمانــی کوردســتان و ســەرجەم دامــەزراوە فەرمییەکانــی تــری هەرێمــی کوردســتان دەنــێ.

بــەو شــێوەیەش دەســتوری عیراقــی ســاڵی ٢٠٠٥ دان بــە هێــزی پێشــمەرگە دەنــێ، وەکــو هێزێکــی یاســایی بــۆ پاراســتنی ســنوورەکانی هەرێمــی کوردســتان و نــاوی بــە (پاســەوانی هەرێــم) هاتــووە.

بــەڵام ســەربەخۆیی مانــای هاتنــە دی ئــەو خەونــە مێژووییــەی گەلــی کوردســتانە کــە هــەزاران ڕۆڵــەی ئــەم نیشــتمانە گیانیــان فیــدای دەســتەبەرکردنی کــرد.

گەلــی کوردســتان بــە درێژایــی مێــژوو لــە پێنــاو ســەربەخۆیی خەباتــی کــردووە و تێکۆشــاوە و دووچــاری ســتەم و چەوســانەوە و دیکتاتۆریــەت و جینۆســاید بــووە.

ئــەم گەلــە لــە ڕێگــەی ئەنجامدانــی ڕیفراندۆم لــە ٢٥-٩-٢٠١٧ مەبەســتی بــوو ببــێ بــە ئەکتەرێکــی کارا لەســەر گۆڕەپانــی نێودەوڵەتــی و پشــکدار بێــت لــە دەوڵەمەندکردنــی شارســتانیەتی مرۆیــی.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان خاوەند بڕێکی زۆر لە سامانی سروشتییە، ئەگەر بەراورد بکرێ بە ژمارەی دانیشتوانی، کە نزیکەی ٦ ملیۆنە، ئەوا دەکرێ بڵێین، هەرێمی کوردستان خاوەند یەدەگێکی زۆری نەوتە، کە بە ٤٥ ملیار بەرمیل دەخەمڵێنرێ.

هەروەها یەدەگی گازی سروشتی نزیکەی ٥،٧ ترلیۆن مەتر سێ جایە کە دەکاتە ٣٪ی یەدەگی جیهانی گازی سروشتی.

بێجگە لەوەی، هەرێمی کوردستان خاوەندی زەوی کشتوکاڵییە بەپیتە و چەندین بەنداوی هەیە بۆ گلدانەوەی ئاو، کە دەتوانی زیاتر لە ١٠ هەزار ملیار مەتر سێ جا ئاو گلبداتەوە.

ڕاستە ئەمڕۆ وڵاتانی هەرێمیی دراوسێ و حکومەتی بەغدا ڕێگرن لە سەربەخۆیی کوردستان و بەردەوامن لەوەی، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کێشەی گروپە تیرۆریستییەکان و قەیرانی دارایی بێتەوە و چارەنووسی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان چارەسەر نەکرێن و سنوورەکانی دیاری نەکرێن، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە، کەوا هۆکاری نەگەیشتن بە چارەنووس تەنیا دەرەکی نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرکردنەوانەی لەناو عەقڵ و پێکهاتەی کەلتوری و لۆژیکی بیرکرنەوەی ئەو لایەنانەیە، کە باوەڕیان بە کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی ئازاد نییە.

ئەوانە کار دەکەن، تا هەرێمی کوردستان بە پاشکۆیەتی بمێنێتەوە و گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ناوەند و دادگا فیدراڵییە بە سیاسیکراوەکەی عێراق بێت.

ئـەو دادگایـەی بەڕاشـکاوی لـە ژێـر هەژموونـی میلیشـیا چەکدارەکانـی سـەر بـە ئەجینـدای دەرەکـی بڕیـار دەردەکات، تـا هەرێمـی کوردسـتان دەسـتبەرداری ئـەو پێشـکەوتنەی بێـت کـە لـە ڕووی فەرهەنگـی و دیپلۆماسـی و ئابـووری و ژێرخانـەوە بەخۆیـەوە بینیویـە.

هەرێـم مەبەسـتی نییـە بـەرەو دواوە هەنـگا بنێـت، ئـەو گـرەو لەسـەر ئـەوە دەکات، کـە وزەی خـۆی بگـۆڕێ بـۆ هێزێکـی کۆمەڵگەیـی کارا، تـا بتوانـێ لـەو ڕێگەیـەوە دەرگا بـۆ بونیادنانـی دەوڵـەت بکاتـەوە و دەرفـەت و فەراهـەم بـکات و خـۆی لـە خەونـی عیراقـی یەکگرتـوو و کارەسـاتی ئاینـی و تایفەگـەری ڕزگار بـکات و کـراوە بێـت بەرامبـەر بـە جیهانـی پێشـکەوتوو و دیموکراسـی، بـۆ ئـەوەی لـەو ڕێگەیـەوە ئاسـایش و سـەقامگیری بپارێـزرێ و ژیانێکـی شـکۆمەندانە بـۆ هاووڵاتیانـی کوردسـتان دەسـتەبەر بکرێـت، تیایداهەمـوو ئـیتن و چیـن و توێـژ و کەلتـوورە جیـاوازەکان بـە شـێوەیەکی ئاشـتیانە پێکـەوە بژیـن.

دەوڵەتـی سـەربەخۆ و ئـازاد، کـە بـاوەڕی بـە پرنسـیپەکانی دیموکراسـی هەبێـت، دەتوانـێ ئاسـانکاری بـکات بـۆ بڵاوبوونـەوەی هۆشـیاری کۆمەڵگەیـی و سیاسـی لـە نێـوان تاکەکانـی گەلـی کوردسـتان. هەروەهـا دەتوانـێ ڕێگـر بێـت لـەوەی، دەمارگیـری مەزهەبـی و تایفەگـەری زاڵ بێـت بەسـەر فەرهەنگـی هاوڵاتیبـوون.

بـەو شـێوەیە ڕێگـری دەکـرێ لـەوەی هاوڵاتیبـوون گرێبـدرێ بـە تـاك و حـزب، یـان بـەو هێزانـەی، کـە کار بـۆ بەرژەوەندی تەسـکی خۆیـان دەکەن.

بەهێزکردنـی چەمکـی هاوڵاتیبـوون و پتەوکردنـی متمانـەی هاووڵاتـی بـە هێـزە کاراکان هاوسـەنگی درووسـت دەکات و دەبێتـە هـۆی

دەرکردنــی یاســای داپەروەرانــە کــە بەرژەوەنــدی گشــتی و هاوبەشــی نێــوان دەوڵــەت و تــاك لەخــۆ دەگــرێ.

ئەمـەش پرۆسـەی ئامادەبوونـی دەروونـی و کارابوونـی هـزری هاووڵاتی ئاسـانتر دەکات بـۆ خۆگرێـدان بـە نیشـتمان، چ لـە ڕووی مێـژوو و خاکـەوە بێـت، یـان لـە ڕووی گـەل و بەهاکانـەوە بێـت.

ئێمـە ئـەوەش دەزانیـن، ئـەو دەوڵەتـە زلهێزانـەی هەژموونیـان بەسـەر ستراتیــژی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت هەیــە و ئــەو دەوڵەتانــەی لەســەر ئاســتی هەرێمــی بەهێــزن و وەکــو دراوســێ قۆرخــکاری بەرامبــەر بــە مافـی پێکهاتەکانــی نـاو سـنووری جوگرافیـای سیاسـییان ئەنجـام دەدەن، بەرژەوەندییــان لــە جێبەجــێ نەبوونــی ئەنجامــی ڕیفراندۆمــە.

بــەڵام ئــەوەی جێــی داخــە، ئەمــڕۆ لەناوخــۆی هەرێمــی کوردســتان دەنگێکـی نەشـاز پەیـدا بـووە، ڕێفرانـدۆم بـە هەنگاوێکـی نـەزۆك نـاوزەد دەکات و مەبەسـتی نییـە ئـەو زوڵمـە مێژووییـەی دژ بـە گەلـی کوردسـتان ئەنجـام دراوە کـە تـا ئێسـتا سـەروەر و سـەربەخۆ نییـە، کۆتایـی پـێ بێـت.

بــە زۆر دروووســتکردنی عیراقــی یەکگرتــوو لەســەر حیســابی گەلــی کوردسـتان و برسـی کردنـی ئـەم گەلـە خەباتگێـڕە ئەنجامـی نابێـت، چونکـە ناســنامەی کوردســتانی بەرهەمــی کۆمەڵایەتــی و فەرهەنــگ و مێــژووی بەرخۆدانـە کـە لەسـەر دەسـتی بارزانـی نەمـر بـە زینـدووی ڕاگیـرا و گەلـی کوردسـتان لـە کۆمەڵگەکانـی تـر جیـا دەکاتـەوە.

ئــەو کەســەی خاوەنــدی ناســنامە و هــزری خــۆی نەبێــت، بــۆ ئــەوەی خــۆی و واقیعــی خــۆی درووســت بــکات، بــە دڵنیاییــەوە بــە

پەککەوتوویـی دەمێنێتـەوە و کارابـوون و دەسـەڵاتی لـە دەسـت دەدات و دەرفـەت بـۆ کەسـانی تـر دەڕەخسـێنێ، تـا کۆنترۆڵـی بکـەن و لەبـری ئـەو بڕیـار لەسـەر چارەنووسـی بـدەن.

گەلـی کوردسـتان مەبەسـتییە لەگـەڵ عیـراق و دەوڵەتانـی دراوسـێ و جیهانـی ئـازاد پەیوەنـدی هاوبـەش و بەرپرسیارێتی دوولایەنـە بونیـاد بنـێ و ڕێگـە نـادات، لایەنـی تر بـە هـزری ناوەندێتـی و باڵادەستی فەرمانڕەوایی بکـەن و چارەنووسـی دیـاری بکـەن.

دیالکتێکـی مێـژوو پـێمان دەڵـێ، لـە کۆتاییـدا سـەروەری دەبێتـە چارەنووسـی نەتـەوەکان و ئـەو گەلانـەی هـەوڵ بـۆ چەسـپاندنی مافـە دیموکراسـییەکان دەدەن، دەتوانـن پـاش بڕیـاردان لەسـەر چارەنووسـیان ئاشـتی و ئاسـایش و سـەقامگیری درووسـت بکـەن.

ئـەو کەسـەی لـەو بـاوەڕەدا نەبێـت، گەلێکـی ئاشـتیخوازی وەکـو کـورد، کـە دەسـتی برایەتـی و دۆسـتی بـۆ گەلانـی ناوچەکـە درێـژ دەکات، پـاش سەربەخۆبوونیشـی کۆتایـی بـە گرفتـە مێژووییـەکان ناهێنـێ، ئـەوا زۆر بـە هەڵـەدا چـووە.

لـە کۆتاییـدا، کـەس ناتوانـێ ئەزموونـی کوردسـتان بڕوخێنـێ و ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان بشـکێنێ و هەرێمـی کوردسـتان بـەرەو بنبەسـت بـەرێ.

لـە جیهانـی ئەمـڕۆدا گـەلان دژ بـە ناوەندێتـی و سـتەمکاری ڕادەوەستن. گەلـی شـکۆمەندی کوردسـتان هەرگیـز ڕێگـە نـادات، دووبـارە بکەوێتـە ژێـر دەسـتی سـتەمکارانی بیانـی، بۆیـە دەڵێیـن سـاڵیادی ڕیفرانـدۆم پیرۆزبێـت و سـەربەخۆیی کوردسـتان بـاش.

**گەلـی کوردسـتان لـە ڕیفراندۆمـدا متمانـە بەخۆبوونـی بـۆ گەڕایـەوە تاوەکـو زیاتـر بەرگریـی لـە ناسـنامە نەتەوەییەکـەی بـکات**

ڕیفراندۆم وەکو پرسـێکی نەتەوەیی و نیشـتمانیی گەورە و گرنگ بۆ گەلی کوردسـتان وەرچەرخانێکـی مێژوویـی و بووژانـەوەی هـزری نەتەوەیـی بـوو. ڕیفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی وەکـو مافێکـی سرووشـتیی گەلـی کـورد چەندین ڕەهەنـدی بەخۆوە بینی، ئەگەرچی لەلایەن نەیارانەوە بە مەبەسـتێك ناسـێنرا، گوایـە نەهێشـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق و جیابوونـەوە و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە، بـەڵام هەرگیـز گەلی کـوردی ناچار نەکرد بـۆ دواخستن، یـان ئەنجامنەدانـی ڕیفرانـدۆم، بڵاوکردنـەوەی ئـەو جـۆرە زانیـاری و ڕێکلامـە نەرێنییانـە بەرامبـەر ئـەو هەنـگاوە ڕەوایـەی گەلـی کوردسـتان و مەرجەعـی سیاسـی (مسـعود بارزانی) تەنیا بۆ دژایەتیکردنی گەلی کوردسـتان و سیمبوڵی نەتەوەیـی سـەرۆك بارزانـی و کەسـایەتییە کوردسـتانییەکان بـوو، ئـەوە بـوو حکومەتی عێراق بە سـوپا و میلیشـیاتەکانی حەشـدی شـەعبی و بە هاوکاریی وڵاتانـی هەرێمـی هێرشـیان کـردە سـەر خەڵکی سـڤیلی هەرێمی کوردسـتان، بـەڵام هەمـوو ئەمانـە نەیانتوانـی لـە ماهیـەت و گرنگیـی ڕیفرانـدۆم کـەم بکەنـەوە. ڕیفرانـدۆم توانی تاڕاددەیەکی ڕەها دەنگ و ڕەنگی نەتەوە و ئایین و ئایینـزاکان بـە جیاوازییـان لـە ڕوانگـە و ئایدیۆلۆژیاکانیشـەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان یـەك بخـات و بـەرەو ئامانجێکـی بـەرزی نەتەوەیـی و نیشـتمانی ئاراسـتەی بکات، کۆدەنگییەکی ڕاددەبەدەری دروسـت کرد و بەشداربووان بە ڕێـژەی لـە ٩٢،٠٧٪ دەنگیـان بە بەڵێ دا بۆ سـەربەخۆیی هەرێمی کوردسـتان، ئەمـەش وەڵامدانەوەیـەك بوو بۆ ئـەو زەوتکردنی ماف و پەراوێزخسـتنەی کە زیاتـر لـە ١٥٠ سـاڵە دژ بە کورد و دۆزە ڕەواکەی لـەم ناوچەیەدا پەیڕەو کراوە.

سـەرۆك بارزانـی کـە هەڵگـری بیروبـاوەڕی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی گەلـی کوردسـتانە و میراتگـری ڕێبـازی شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی و مـەلا مسـتەفا بارزانی-یـە، مـاوەی زیاتـر لـە ٥٠ سـاڵە وەکـو پێشـمەرگە و سـەرکردەیەکی دیـاری ناوچەکـە و جیهـان لە پێنـاو بەدەسـتهێنانی مافە ڕەواکانـی گەلی کورد و کوردسـتان خەبات دەکات. سـەرۆك بارزانی خاوەنی کەسـایەتییەکی کاریزما و لێهاتـووە و توانـی هەروەکو چۆن مەلا مسـتەفا بارزانی لە شۆڕشـی ئەیلوول هەمـوو کـوردی لـە پێنـاو دۆزی پیـرۆزی نەتەوەیـی کـورد، بـە یـەك ئاراسـتە و بـە یەکگرتوویـی بـەرە و شۆڕشـێکی سەرتاسـەری بـرد و شـاکاری شۆڕشـی ئەیلوولـی تۆمـار کرد، بە هەمان شـێوە سـەرۆك بارزانی لە پرسـی ڕیفراندۆمدا توانـی سـەرنجی گـەل و پارتـە سیاسـییەکان بـەرەو ڕیفرانـدۆم ڕابکێشـێت و لەژێر چەتری خواسـت و ویسـتی گەلـدا هەموویانی کۆکـردەوە، تاوەکو گەلی کوردسـتان لە ناو فەلسـەفەی سیاسـیدا بگەیەنێتە قۆناغێکی پێشـکەوتووتر لە مافـی کەلتـووری و خودموختـاری و فیدڕاڵی، وەکو جارێکـی دیکە گەورەترین نەتـەوەش لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا تووشـی هێرشـی سـڕینەوەی ناسـنامە و کۆمەڵکـوژی نەبێتـەوە کـە لـە ڕابـردوودا چەندین جـار ئـەو کارە قێزەوەنەیان دژ بـە مرۆڤایەتـی دەرهەق بەکورد و کوردسـتانییان ئەنجـام داوە. هەرچەندە لـە سـەردەمی گڵۆباڵیزەیشـن و بـە هـۆی شۆڕشـی تەکنەلۆژیـای زانیـاری لـە هەمـوو لایەکـەوە هـەوڵ دەدرێـت ناسـنامەی نەتـەوەکان کاڵ بکرێتـەوە و نەیارانـی کوردسـتان بـە ڕووکـەش کار بـۆ ڕازیکردنـی کـورد دەکـەن، تاوەکـو دەسـتبەرداری مافـە ڕەواکانـی بێـت، بۆیـە زۆر گرنـگ بـوو گەلـی کوردسـتان لـە ڕێگـەی ڕیفراندۆمـەوە بـە گەلانـی ئازادیخـوازی جیهـان و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ڕابگەیەنێـت: گەلـی کوردسـتانی باشـوور گەلێکـی زینـدووە و سـەربەخۆییان مەبەسـتە و چیتر قبووڵی پەراوێزخستن و سـڕینەوەی ناسـنامە

و هێرشـی دڕندانـە و گەمـارۆ ناکـەن. گەلی کوردسـتان لـەم ڕیفراندۆمەدا ئەو متمانـە بەخۆبوونـەی بۆ گەڕایەوە تاوەکـو بەرگری لە ناسـنامە نەتەوەییەکەی بـکات و چـیتر بـە پاسـاوی جۆربەجـۆر داواکاری و مافـە نەتەوەییەکانـی دوانەخـات، تەنانـەت ڕیفرانـدۆم بـۆ حکومەتەکانـی ناوچەکـەش ئـەوەی سـەلماند کـە دەبێـت ددان بـەو ڕاسـتییەدا بنێـن؛ کـورد نەتەوەیەکی ڕەسـەنی ناوچەکەیـە و خـاوەن خـاك و ناسـنامەی تایبـەت بـە خۆیەتـی و دەبێـت ڕێزیـش لەمافـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکانی بگیرێـت و مافـە کەلتـووری و ئابوورییەکانـی پێشـێل نەکرێـت، هەمـوو ئـەو هێـرش و ئابڵوقـە و ئازاردانەی گەلـی کوردیـش تۆزقاڵێك سـاردی ناکاتـەوە لە خەباتـە نەتەوەییەکـەی، بەڵکو بەپێچەوانـەوە زیاتـر پێداگـری دەکات لەسـەر مافـە نەتەوەییەکانـی و هـزری نەتەوەیـی زیاتـر و گەشـاوەتر دەبێـت، بەداخـەوە لـەو عێراقـەی لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس دامـەزرا، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ کـورد وەکـو هاوواڵتـی پلـە دوو پەراوێـز دەخـرا و مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـرا و هەرجـارەو هێـرش و ئابڵووقـە و پیلانێکیـان لـە دژی دەکـرد، هـەر ئەمـەش بـوو وای کـرد جەنابـی سـەرۆك بارزانـی وەکـو مەرجەعێکـی سیاسـیی گەلـی کوردسـتان وێڕای فشـار و پاڵەپەسـتۆ دەرەکییـەکان، مکـوڕ بـوو لەسـەر ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و سازشـی نەکـرد لەسـەر دواخسـتنی ئـەم پرسـە نەتەوەییـەی گەلی کوردسـتان، بگـرە خۆڕاگرییەکـی بـێ وێنەی ئەنجـام دا لە بەرامبەر هەموو ئەو فشـارانەی کرابوونـە سـەری و بـە سـەرکەوتوویی پرۆسـەکەی ئەنجـام دا، تەنانـەت ئـەو لایەنانـەی ناوخـۆ و هەمـوو ئـەو گرووپانـەش کـە پێشـنیاری دواخسـتنی ڕیفراندۆمیـان دەکـرد، مـن پێـم وایـە فشـارێکی دەرەکییـان لەسـەر بـوو کـە نەیاندەتوانـی وەکـو سـەرۆك بارزانـی بەرگـەی ئەو فشـارانە بگـرن، یەکێکیش لـەو فشـارە دەرەکییانـە ئەوە بوو؛ کورد لـە ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی

ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان ڕیفرانـدۆم ئەنجـام نـەدات، بـەڵام لەمەشـدا ڕیفرانـدۆم دەسـتکەوتێکی گـەورەی تۆمـار کـرد و بـۆ یەکەمیـن جـار خەڵکـی کوردسـتان لـە کەرکووك و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئازادانـە دەنگیـان دا، ئـەو کاتـە کەرکـووك و تـەواوی ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بـە خوێنـی پێشـمەرگە لـە تیرۆریسـتانی داعـش ڕزگار کرابـوون و ئـازاد بـوون، مـن وەکـو کەرکووکییەك ئەمەم بـە گەورەترین دەسـتکەوتی ڕیفرانـدۆم دەزانـی، چونکـە بـە هـۆی سـەرکەوتنی پرۆسـەکە و بەرزیـی دەنگـی (بەڵـێ) لـە ڕیفراندۆمەکـەدا سـەلمێنرا کـە ئـەم ناوچانـە کوردسـتانین و خەڵکەکـەی خوازیـارن بگەڕێنـەوە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و سـەربەخۆییان دەوێـت، ڕیفرانـدۆم لـە کەرکووك و ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان بەڵگەیەکـی مێژوویـی گرنگـە کـە دەکرێـت لـە ئاینـدەدا بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان بـەکار بهێنرێـت.

ڕیفرانـدۆم ئەگەرچـی دوژمنایەتییەکـی زۆری هێـزە عێراقـی و ئیقلیمییەکانـی لـێ کەوتـەوە و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و وڵاتانـی زلهێزیش تاڕاددەیەکـی زۆر بەرامبـەر جووڵاندنـی هێـزو سـوپا و ئـازاردان و کـوشتن و وێرانکردنـی مـاڵ و حاڵـی خەڵکـی مەدەنی بێ دەنگ بوون، بەڵام شـاکارێکی مـەزن و دیکۆمێنتێکـی گەورەیـە لەسـەر دەسـتی ئیـرادەی نەتەوەیـی تۆمـار کـراوە و بووەتـە ئەمـری واقیـع، ڕۆژێـك دێـت کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و گەلانـی ئازادیخـواز بـە دەنـگ ئـەو داواکاری و خواسـتەی گەلـەوە بێـن، ئـەوان ناتوانـن بەردەوام بن لەسـەر پێشـێلی ئەو پرەنسـیپانەی کـە خۆیان لە نەتـەوە یەکگرتـووەکان لەسـەری ڕێککەوتوون و بۆ گەلانـی دیکەی ناوچەکە

بـە ڕەوای دەبینـن و بـۆ کـورد بـە ڕەوای نابینـن. لەلایەکـی دیکـەوە لـە لێکەوتەکانـی ڕیفراندۆمـدا بۆمـان دەرکـەوت کـە دەبێـت کورد زیاتر لەسـەر هـزری نەتەوەیـی کار بـکات و نەتـەوە بونیـات بنێتـەوە و ملکەچـی ویسـت و خواسـت و بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی دیکـە و حکومەتەکانـی ناوچەکـە و ئایدیۆلۆژیـا نامـۆکان نەبێـت، ئـەو ئایدیۆلۆژییانـەی نامـۆن بـە هـزری نەتەوەیـی کـورد و لـە دەرەوەی سـنوورەکان بۆمـان نێـردراون.

گەلـی کوردسـتان بـە دڵنیاییـەوە دەتوانێـت سـنوورە دەسـتکردەکان کۆتایـی پـێ بهێنێـت، وەکـو نەتەوەیەکـی زینـدوو خاوەنـی بەڵگەنامەیەکـی یاسـایی و دەسـتووری و نێودەوڵەتییـە لـەم ناوچەیـەدا، لـە ڕیفراندۆمـدا ئـەو ڕاسـتییە مێژووییەمـان بـۆ زینـدوو بـووەوە، کـە ئەگـەر نەیارانـی کـورد لـە زۆربـەی پرسـە سیاسـییەکان ناکـۆك بـن، کەچـی بـۆ دژایەتیکردنـی کـورد و ڕێگریکـردن لـە مافـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکانی کـۆك و یەکڕیـز و یەکدەنگـن، بۆیـە گەلـی کـورد لـەم ڕیفراندۆمـەدا ئـەو ڕاسـتییەی بـۆ دەرکەوتـووە کـە نەیارانـی هەرێمـی دژی مافـە نەتەوەیی و نیشـتمانییەکانی گەلـی کوردسـتانن و بـەردەوام لـە ڕێگـەی مـەرام و پیلانـی دژایەتیکـردن و تێکدانـی نێومـاڵـی کـوردەوە، کار بـۆ سـڕینەوەی هـزری نەتەوەیـی دەکەن و ژیانێکـی شایسـتە و بـاش بـە گەلـی کـورد ڕەوا نابینـن، گەلـی کـورد جارێکـی دیکـە بـە دەنگێکـی بـەرزی مەدەنـی و دیپلۆماسـی و سیاسـی، بـە هەمـوو ئـەو دوژمـن و نەیارانـەی کـوردی گوتـەوە کـە کـورد گەلێکـی زینـدووە و ژێردەسـتەیی قبـووڵ نـاکات و داوای ئـازادی و سـەربەخۆیی خـۆی دەکات.

ریفرانـدۆم وەکـو پرۆسـەیەکی مەدەنـی و سیاسـی، ئـەو هەسـتەی لا دروسـت کردیـن کـە دەبێـت بـە هەمـوو تواناکانـەوە کار لەسـەر هـزری

نەتەوەیی بکەین و ئایندەساز و دەوڵەتساز بین، هەروەکو چۆن لە ڕیفراندۆمدا کورد متمانەی بۆ خۆی گەڕاندەوە، بە هەمان شێوە دەبێت لە بەرگریکردن لە ناسنامە نەتەوەییەکەمان چیتر بە پاساوی جۆراوجۆر داواکاریی مافە نەتەوەییەکانمان پێشێل نەکرێت و بگرە داواکاریی ئەم مافە و جێبەجێکردنشی دوا نەخەین. پێویستە ئەنجامی ڕیفراندۆم لە ڕەشنووسی ئەو دەستوورەی کە کاری بۆ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان بنووسرێتەوە، بە ڕوونی ئاماژەی پێ بکرێت، تاوەکو کەس جورئەتی ئەوەی نەبێت لەکەداری بکات، یان لە ژێر هەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی و فشار و پاڵەپەستۆیەکی دەرەکیدا پاشگەز ببێتەوە لێی و جێبەجێی نەکات. دەبا ئێمەش بۆ نەوەکانی داهاتوو کار لەسەر وانەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و پرسی ڕیفراندۆم لە ناو پەروەردە و پڕۆگرامەکانی خوێندن ڕەنگ بداتەوە و بچەسپێت و بە دەیان کتێبی لەسەر بنووسرێت و توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی ڕیفراندۆم ببێتە میتۆدێك و بەردەوام لە یادمان بێت و نەوەکانمان پێی ئاشنا بن و نەوە لە دوای نەوە بابەتی زانستیی لەسەر بنووسین. بەرز و پیرۆزیی ڕیفراندۆم وەکو هەموو دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دیکە ڕابگیرێت، هەروەها فۆرمەکانی بەهێزتر و تۆکمە بکرێت و خاڵە لاوازەکانی زیاتر پڕبکرێتەوە، بۆئەوەی لە ئایندەدا زیاتر و زیاتر بتوانین ئەو بەڵگەنامە دەستووری و یاساییە بە جیهان بناسێنین.(١)

(١) سامان سۆرانی، گەلی کوردستان لە ڕیفراندۆمدا متمانە بەخۆبوونی بۆ گەڕایەوە تاوەکو زیاتر بەرگریی لە ناسنامە نەتەوەییەکەی بکات
https://gulanmedia.com/so/story/290292/

## تەوەری سێیەم:

### ڕۆڵـی سـەرۆک مەسـعود بارزانـی لـە سەرپێخسـتنی ڕێفراندۆمـی سـەربەخۆییدا

### بڕیـاری حەکیمانـەی سـەرۆك بارزانـی لەسـەر ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی

سـەربەخۆیی چ لەسـەر ئاسـتی تـاک بێـت، یـان لەسـەر ئاسـتی دەوڵـەت مەرجێکـی سـتاتیکی نییـە، کـە یەکجـار بەدەسـت بهێنرێـت و بـۆ هەتـا هەتـا بـەردەوام بێـت، بەڵکـو پرۆسـەیەکی بەردەوامـی بنیاتنـان و پتەوکـردن و نوێبوونەوەیـە.

لـە ناوەڕۆکـدا، توانـای هۆشـیارانەیە بـۆ بـوون بـە کارلێکـەر نـەوەك کالێکـەراو بـۆ بـوون بەدەستپێشـخەر و سـەرچاوەی بڕیـاردان نـەک شـوێنکەوتووی فەرمانـەکان.

دەسـەڵات دیارییەکـی زگماکـی نییـە، بەڵکـو ئەنجامـی ڕاسـتەوخۆی پلاندانـان و بەڕێوەبردنـە. ئـەو وڵاتانـەی کـە سـەرکەوتوو بـوون لـە بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی و گۆڕینـی بـۆ سـەروەری ڕاسـتەقینە، ئەوانـەن کـە پلانـی درێژخایەنیـان دارشـتووە. وەک مالیزیـا کـە پشـتی بـە پلانـی گەشـەپێدانی پیشەسـازی بەسـت و کۆریـای باشـوور، کـە پـەروەردە و داهێنانی تەکنەلۆژیای کرد بە لەپێشـینەکای کار و توانی گەشـەی ڕاسـتەقینە بەدەسـت بهێنـێ و پشتبەسـتنی بـە یارمەتـی دەرەکـی کەمکـردەوە، یـان ڕوانـدا کـە خـۆی لـە خۆڵەمێشـی شـەڕی ناوخـۆ تەکانـد و هەڵسـایەوە و بـوو بـە وڵاتێکـی پێشـەنگ لـە ئەفریقـا.

سـەربەخۆیی تەنهـا بـە بەرزکردنـەوەی ئـاڵا یـان نووسـینی دەسـتوور بەدەسـت ناهێنرێـت، بەڵکـو لـە ڕێگـەی سـەروەری ڕاسـتەقینە بەسـەر سـەرچاوەکان، عەقـڵ و چارەنـووس بەدەسـت دەهێنرێـت.

فەیلەسـوفی ئینگلیـزی جـۆن لـۆك (١٦٣٢-١٧٠٤)، کـە بـە یەکێـک لـە فەیلەسـوفە دیارەکانـی ڕۆشـنگەری دادەنرێـت و ئـەو بناغـەی چەمکـی دەوڵەتـی مۆدێرنـی لەسـەر بنەمـای مافـە سروشـتییەکان و گرێبەسـتی کۆمەلایەتـی دانـاوە.

سـەربەخۆیی سیاسـی بـۆ ئـەو پێویسـتییەکە بـۆ دەستەبەرکردنی ئـەو مافانـەی، کـە یارمەتیدەردەبـن لـە چەسـپاندنی پرەنسـیپی مافـی چـارەی خۆنووسـین، بۆیـە دیـد و بۆچوونـی لـۆك کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی هەبـووە لەسـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی، بەتایبەتـی لـە شۆڕشـی ئەمریـکادا. ئـەو سـەربەخۆیی سیاسـی بـە ئـازادی تـاک و مافـە سروشـتییەکانەوە دەبەسـتێتەوە، بـەو مانایـەی دەوڵـەت ناتوانێـت دەسـت بـکات بـە ئازادکردنـی ئـازادی تـاک و پاراسـتنی مافـە سروشـتییەکانی هاوڵاتیـان، بەبـێ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی سیاسـی.

فەیلەسـۆفی ئەڵمانـی ئیمانوێـل کانـت (١٧٢٤-١٨٠٤)، سـەربەخۆیی سیاسـی دەوڵەتەکانـی بـە تێگەیشـتنی ئاشـتی گشـتگیر لـە نێـوان نەتـەوەکان دەبەسـتەوە و بیرۆکـەی سـەرەکی ئـەو لـەم چوارچێوەیـەدا لەسـەر ئەخلاقێکـی عەقڵانـی بنەماکـراوە، کـە جەخـت لەسـەر ڕێزگرتـن لـە مـرۆڤ و کەرامەتـی دەکاتـەوە. سـەربەخۆیی دەربڕینـی ڕێـزە لـە مرۆڤایەتـی و کەرامەتـی تاکـەکان لـە وڵاتێکـی ئـازاد و لـە چوارچێـوەی سیسـتەمێکی نێودەوڵەتیـدا، کـە لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتـن لـە سـەروەری

دەوڵـەت و ڕێگریکـردن لـە دەسـتێوەردان لـە کاروبارەکانیانـدا دامـەزراوە.

ئـەو بـاوەڕی وابـوو کـە سـەربەخۆیی سیاسـی دەوڵـەت بناغـەی ئاشـتیەکی دادپەروەرانەیـە، ئـەوەی ئێسـتا پێـی دەگوترێـت یاسـای نێودەوڵەتـی لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتـن لـە سـەربەخۆیی گـەلان.

کەواتـە مافـی چـارەی خۆنووسـین یەکێکـە لـە گرنگتریـن مافـە ڕەواکانـی گـەلان، جاڕنامـە گەردوونییەکانـی مافـی مـرۆڤ دانـی پێـدا نـاوە.

ئـەم مافـە هەمـوو مافـەکان دەگرێتـەوە، هـەر لـە مافـی ژیانـەوە بگـرە تـا مافـی خـۆراک، خوێنـدن، کار، تەندروسـتی، ئـازادی و ئاسایشـی کەسـی.

گەلـی کوردسـتان لەسـەر جوگرافیـای سیاسـی کوردسـتان چەندیـن دەیەیـە ئـەم مافانـەی لـێ زەوتکـراوە وبـە بەردەوامـی دووچـاری سـتەم و چەوسـاندنەوە بـووە، هـەر بۆیـە بـێ ووچـان دژ بـە داگیرکارانـی کوردسـتان ڕاپەڕیـوە و خەباتـی کـردووە و قوربانـی داوە لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی.

جینۆسـایدکردنی کـورد لـە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـووردوو و کـوشتن و لەسـێدارەدانی کـورد بـە بەردەوامـی و ڕاگـواستن بـەزۆر و پێشـێلکردنی مافەکانـی کـورد لـەو وڵاتانـەی، کـە کوردسـتانیان داگیرکـردووە نموونـەی زینـدووی ئـەو ڕاسـتیە تاڵـەن، لـە کاتێکـدا ئێمـە سـاڵانە یـادی ڕاپەڕیـن و ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی دەکەینـەوە، کـە نەتەنهـا مافێکـی ڕەوای گەلـی کوردسـتانە، بەڵکـو مافـی هەمـوو گەلێکـە، کـە خوازیـاری ئـازادی و شـکۆمەندی و گەڕانـە بـەدوای ژیانێکـی ئاسـودە.

ڕاسـتە ڕژێمـە داگیرکـەرەکان و زۆرێ لـە ئەندامانـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دژ بـە بڕیـاری گەلـی کوردسـتان وەسـتان، کاتـێ بڕیـاری

ئەنجامدانــی ڕێفراندۆمــی دا، کاریــان کــرد لەســەر ســزادانی گەلی کوردســتان و هەرێمــی کوردســتان، بەمەبەســتی پەراوێزخســتنی و دابڕانــی لــە جووڵــە لەســەر گۆڕەپانــی نێودەوڵەتــی، بــەڵام گەلــی کوردســتان و ســەرکردایەتی سیاســی بــە ڕابــەری ســەرۆك بارزانــی بــە تێپەڕبوونــی ئــەو هەمــوو ســاڵە کۆڵییــان نــەدا و مکوڕبــوون لەســەر مافــە ڕەواکانیــان و جوڵانەوەیــان.

لەســـەر گۆڕەپانـــی ململانـــێ و ڕکابەرییـــە نێودەوڵەتییـــەکان تێڕوانینــەکان گۆڕانکارییــان بەســەر هاتــووە و تەنانــەت ناوچەکــەش لــە ڕووی جیۆپۆلەتیکــی بــەرەو گۆڕانــکاری دەڕوات و ئــەو گۆڕانکاریانــەی، کــە لــە ئایندەشــدا ڕوودەدەن لــە بەرژەوەنــدی گەلــی کوردســـتان و گەلانـــی تـــری مافخـــوراو دەبێـــت.

لــە ســەردەمی ئێســتاماندا پرەنســیپی مافــی چــارەی خۆنووســین بــۆ هــەر گەلێــک بۆتــە یەکێــک لــە دیارتریــن ڕاســتییەکان، ئــەم پرنســیپە هەنگاوێکــی پێویســتە لــە ســەردەمی جیهانگیریــدا و دەبێــت داواکارییــە کلاســیکییەکان تێبپەڕێنرێــن و دواکاری مۆدێــرن زەق بکرێنــە، تــا گــەلان بــە کرۆکــی مافەکانیــان بگــەن.

ڕابەری گەلی کوردستان، سەرۆك مەسعود بارزانی، گرەوی ڕیفراندۆمی نەدۆڕانــدووە، وەکــوو نەیارانی گەلی کوردســتان ئارەزوویانــە و خەونی پێوە دەبینــن، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە ســەرۆك بارزانی ئــەو گــرەوەی بردۆتەوە و مێــژوو لــە لاپەڕەکانی بە ئەرێنی و بە زیندوویی تۆمــاری دەکات.

کاتـــێ ســـەرۆك بارزانـــی لەگـــەڵ جەمـــاوەری گەلـــی کوردســـتان ڕیفراندۆمــی ئەنجامــدا لەلایــەن گەلــی کوردســتان لــە هــەر چوارپارچــەی کوردســـتان و لەلایـــەن کوردانـــی دیاســـپۆرا پێشـــوازییەکی ڕاســـتەقینە و

گـەرم لـەو ڕووداوە مێژوویيـە کـرا، کـە شـێوەی کەرنەڤاڵێکـی جەمـاوەری مـەزن و مێژوویـی بـێ وێنـەی لەخۆگرتبـوو.

ڕیفرانــدۆم ســەرەڕای هەمــوو فشــارە ناوخۆیــی و دەرەکییــەکان، کــە ئاراســتەی ســەرۆک بارزانــی کــران، زۆر بــە ســەرکەوتووی و بەشــێوەیەکی شارســتانیانە و هاوچــەرخ ئەنجــام درا و ئەنجامەکانــی وەکـوو بەڵگەنامەیەکـی چارەنووسسـاز لـە دەسـتووری نەتەوەیـی گەلـی کوردســتان بــۆ هەمیشــە تۆمــار کــرا.

ڕیفرانــدۆم بــە ڕاشــەکاوی پرســی گەلــی کوردســتانی لــە ســنووری داخوازییــە خزمەتگوزارییەکانــەوە بــەرەو بابەتێکــی بنەڕەتــی بــرد، کــە بریتییـە لـە پرەنسـیپی مافـی چـارەی خۆنووسـینی گـەل و ویسـتی ئـەو گەلـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو مافـە ڕەوایـە، ئـەم هەنـگاوەش بـوو بـە مایـەی لێدانـی زەنگێکـی گـەورە لـە گوێـی وڵاتانـی داگیـرکاری کوردسـتان.

زۆر لایـەن ئاماژەیـان بـەوە دەکـرد، کـە کاتـی بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم گونجـاو نەبـووە، بـەڵام پرسـیاری سـەرەکی ئێمـە ئەوەیـە، ئایـا دەکرێـت لـە دەوڵەتانـی داگیـرکار چاوەڕوانـی ئـەوە بکرێـت، ئـەو مافـە وەکـوو دیـاری پێشـکەش بـە گەلـی کوردسـتان بکـەن؟

بەدڵنیاییـەوە سـەرکەوتنی هـەر ڕیفراندۆمێـك، کـە ئەنجـام دەدرێـت گرێـدراوە بـە دەرئەنجامەکـەی، نـە بـە بـارودۆخ و پەرچەکـردارەکان، بـە تایبەتـی ئەگـەر کاردانـەوەکان لەلایـەن نەیارانـی گەلـی کوردسـتانەوە بێـت، کـە لـە ڕابـووردوودا بەهەمـوو ئامـراز و میکانیزمێ دژ بە خواسـتەکانی گەلی کوردسـتان بـوون. بەڵگـەش بـۆ ئـەو بۆچوونـە تورەبوونـی کۆنترۆڵنەکراویـان بـوو، کـە بـە هەمـوو شـێوەیەك هەڕەشـەیان لەگەلـی کوردسـتان دەکـرد.

بـە تێپەڕبوونـی کات بـۆ هەمـوو لایـەك ئـەو ڕاسـتییە ئاشـکرابوو، کـە ڕیفرانـدۆم بڕیارێکـی چارەنووسسـاز و مافێکـی ڕەوای گەلـی کوردسـتان بـوو، کـە بـە شـەفافییەت و بـە بـێ گـەردی بەڕێوەچـوو، ئەگـەر چـی لـە بەرامبـەردا دوژمنانـی ڕیفرانـدۆم بـە بیانـووی بـاردۆخ و هاوسـەنگییە نێودەوڵەتییـەکان گرەویـان لەسـەر درووسـتکردنی ئـاژاوە و لەباربردنـی دەرئەنجامەکـەی دەکـرد، بـەڵام دواجـار ئـەوان سـەرکەوتوو نەبوونـو ئیـرادەی گـەل سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا.

ڕیفرانـدۆم کاریگـەری خـۆی سـەلماند، و بەمـەش گورزێکـی بەهێـزو شـۆککەری لـە هەمـوو ئـەو پلانانـە وەشـاند، کـە لەلایـەن نەیارانـی کوردسـتان بەمەبەسـتی ملکەچکردنـی گەلـی کوردسـتان داڕێژرابـوون و ئـەو تێڕوانینانـەی پوچـەڵ کـردەوە، کـە لەسـەر بنەمـای ڕاپۆرتەکانی دەزگا هەواڵگرییـە سـەرکوتکەرەکان ئامادەکرابـوون.

یەکڕیـزی جەمـاوەری کوردسـتان لەنـاوەوە و دەرەوە و لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان بـۆ بڕیـاردان لەسـەر چارەنـووس لەژێـر چەتـری سـەرۆك بارزانـی بەتونـدی شکسـتی ڕژێمـە داگیرکـەرەکان هێنـا، کـە هەوڵیـان دەدا دروشـمی (یـان کوردسـتان یـان نەمـان) نەمێنـێ.

ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی و دەرئەنجامەکـەی بەڵگەیەکـی یاسـایی و نێودەوڵەتییـە و کارتێکـی گرینـگ و بڕیاڕێکـی جەماوەرییـە، کـە سـەرکردایەتی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـێ لەهـەر کاتـێ، کـە بـە گونجـاوی بزانـێ، جـاڕی بـدات و جـێ بەجێـی بـکات.

لێـرەدا پێویسـتە نوخبـەی سیاسـی بـە شـانازییەوە جەختـی لەسـەر بکەنـەوە و دەسـتی پێـوە بگـرن و پانەنـدی دەرئەنجامەکانـی بـن و

بــەردەوام لــە هەمــوو دیبەیتێکــی هــزری وسیاســی بیورووژێنــن.

دەوڵەتــی عێــراق لــە بنەڕەتــدا و هــەر لەســەرەتای دامەزراندییــەوە بەپێــی دەســتور وەکــوو دەوڵەتێکــی هاوبەشــی نێــوان کــورد و عــەرەب دامــەزراوە، بــەڵام کۆلۆنیالیســتی بریتانــی و دواتــر حکومەتــە یــەك لــەدوای یەکەکانــی عێــراق و بەتایبەتــی پــاش دۆزینــەوەی نــەوت نکۆڵییــان لــەو هاوبەشــییە کــرد و مەبەســتیان بــوو، وەکــوو کۆلۆنیالیســتێ مامەڵــە لەگــەڵ کوردســتان بکــەن.

بۆیــە هــەر لــەو کاتــەوە شــۆڕش بــە ڕابــەری مســتەفا بارزانــی نەمــر هەڵگیرســاوە و بــێ ووچــان خەبــات کــراوە هــەوڵ دراوە بــۆ پارێزگاریکــردن لــە مافــە ڕەواکانــی گەلــی کوردســتان. دواتــر ســەرۆك بارزانی لەســەر هەمان ئــەو ڕێبــاز و ڕێچکەیــە بــەردەوام بــوو و بــۆ بەدیهێنانــی مافــی چارەنــووس بــە عەقڵانییەتــەوە مکوڕبــوو لەســەر خواســتەکانی گەلــی کوردســتان، بــە ڕەچاوکردنــی دۆخــی هەرێمــی و نێودەوڵەتــی.

ڕاســتە گــۆڕان یاســایەکی گەردوونــی، چ لەســەر ئاســتی تاکــەکان بێــت یــان لەســەر ئاســتی نەتــەوەکان دەوڵەتــەکان.

ئــەو گۆڕانکارییانــەی، کــە جیهــان لــە دەیەکانــی کۆتایــی ســەدەی ڕابــردوو و لــە ســەرەتای ســەدەی بیســت و یەکــەم بەخۆیــەوە بینیــوە، بــۆ نموونــە ڕووخانــی دەوڵەتــەکان و دروســتبوونی دەوڵەتانــی وەک عێــراق، کاتێکــی گونجــاوی بــۆ گەلــی کــورد لــە عێــراق ڕەخســاند خواســت و داخوازییەکانــی خــۆی لــە چوارچێــوەی بەرژەوەندییــە نێودەوڵەتییــە نوێکانــدا بچەســپێنێ.

سـەرکەوتنی گەلـی کوردسـتان لـە بەدەسـتهێنانی هەرێمێکـی فیـدراڵ لــە نێــو عێراقــی نوێــدا و گەشــەپێدانی ئــەم هەرێمــە بــۆ ئــەوەی ببێتــە نموونەیەکـی نـاوازە لـە ڕۆژهەڵاتـی جێـی ستایشـە، بـەڵام هـزری شـۆڤینی لەنـاو دەسـەڵاتداران لـە عێـراق، سـەرەڕای ڕووخانـی ڕژێمـی پێشـوو، هێشـتا بەردەوامـی هەیـە. بۆیـە پەیڕەوانـی ئـەو هـزرە شـۆڤینییە هەمیشــە لــە هەوڵــی دۆزینــەوەی دەرفەتــن بــۆ کەمکردنــەوەی دەسـەڵاتەکانی هەرێـم و چاوەڕێـی دەرفەتێکـن بـۆ پەلاماردانـی.

سـەرەڕای ئاراسـتەی بەردەوامـی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـەرەو بەغـدا و هەوڵەکانـی بـۆ وەبیرهێنانـەوەی بنەماکانـی شـەراکەتی ڕاسـتەقینە و سـازان و هاوسـەنگی، کـە پێکهاتەکانـی عێـراق بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، بـەڵام بەردەوامـی و هەوڵـدان بـۆ پێشـێلکردنی مافەکانـی هەرێــم و گەمارۆدانــی سیاســی و ئابــووری خەســڵەتێکی بەرچــاوی وەڵامــی حکوومەتــە یــەک لــەدوای یەکەکانــی حوکمڕانــی خاوەنــد عەقڵیەتـی ناوەندێتـی بـووە لـە بەغـدا.

ئەمــە بــە تایبەتــی بــە لەبەرچاوگرتنــی دەســتێوەردانی بەردەوامــی ئـەو وڵاتانـەی پارچەکانـی تـری کوردسـتانیان داگیرکـردووە، چونکـە ئـەو دەوڵەتانـە ترسـی ئەوەیـان هەیـە، کـە ئەزموونـی هەرێمـی کوردسـتان لـە پارچەکانـی تـری کوردسـتان، کـە پێوەیـان لکێنـدراوە، دووبـارە ببێتـەوە.

ئــەو دەوڵەتانــە هەرگیــز چاویــان بــە ســەرکەوتن و پێشــکەوتنی هەرێمـی کوردسـتان هەڵنایـەت و سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتانیش ئــەو ڕاســتییە دەزانــن، ئەگــەر دۆخ هــەر بــەو شــێوەیەی ئێســتا بمێنێـت، ئـەوا گەلـی کوردسـتان پێویسـتی بـە سـەد سـاڵی تـرە، تـا بتوانـێ سـەربەخۆ بێـت، بۆیـە ڕێگـەی پەبابـردن بـۆ پـەیمان و بەڵگـە

نێودەوڵەتیـــەکان و ڕەوایەتـــی مافـــی مـــرۆڤ و جاڕنامـــەی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان بـــرد و لەبـــەر ئـــەوەی بەرژەوەنـــدی زلهێـــزەکان ڕێگـــەی بـــە گەلـــی کوردســـتان نـــادەن، لـــە ئێســـتادا ئـــەو مافـــە دەســـتەبەر بـــکات، ســـەرۆك بارزانـــی و گەلـــی کوردســـتان بڕیاریـــان لەســـەر ئەنجامدانـــی ڕیفڕاندۆمـــی دا و بـــە بەڵـــێ بـــۆ ســـەربەخۆیی چارەنووســـی خۆیـــان دیـــاری بکـــەن و دەرەئەنجامەکـــەی بخەنـــە ئەســـتۆی مێـــژوو و ســـەبەتەی تـــەرازوو و بەرژەوەنـــدی دەوڵەتـــان لـــە ئاینـــدەدا، دیـــارە ئاینـــدەش بـــێ دامەزراندنـــی دەوڵەتـــی کوردســـتان ســـەقامگیر نابێـــت.

ســـەرۆك بارزانـــی وەکـــوو ســـەرکردەیەکی مێژوویـــی ئـــەو ڕاســـتییەی دەزانـــی، کـــەوا جـــێ بەجێکردنـــی ئەنجامەکانـــی ڕیفرانـــدۆم لـــە دۆخـــی ئێســـتادا ئەســـتەمە، بـــەڵام بـــەو هەنـــگاوە مەبەســـتی بـــوو ئەســـتۆپاکی خـــۆی بەرامبـــەر بـــە گەلەکـــەی ڕابگەیەنێـــت و ئـــەو پەیامـــەش بـــە دەوڵەتانـــی داگیرکـــەر بگەیەنێـــت، کـــە دەوڵەتـــی کوردســـتان هـــەر دەبێـــت دامەزرێـــت و بـــە جیهانیـــش ڕابگەیەنێـــت، گەلـــی کوردســـتان زینـــدووە و دەبێـــت بـــە خاوەنـــدی دەوڵـــەت و ئـــاڵای ئەگـــەر ئەمـــڕۆش نەبێـــت، ئـــەوا ســـبەی لـــە تەنیشـــت ئـــاڵای دەوڵەتـــەکان شـــەکاوە دەبێـــت.

ســـەرۆك بارزانـــی بـــاوەڕی تـــەواوی بـــەوە هەیـــە، کـــەوا ئیـــرادەی گـــەلان مـــل کـــەچ نابێـــت.

بـــە چاوخشـــاندنێك بـــە واقیعـــی کـــورد لەهەرێمـــی کوردســـتان لـــە چوارچێـــوەی عێـــراق بەڕوونـــی بۆمـــان دەردەکەوێـــت، کـــە کـــورد ئێســـتا خاڵێکـــی یەکگرتنـــەوەی هەمـــوو جیـــاوازەکان پێکدەهێنێـــت، جگـــە لـــە پێگـــەی لـــە ڕووی جیۆپۆلەتیکـــی و گرنگـــی هەرێـــم لـــە ناوچەکـــە پێویســـتە هـــەوڵ بدرێـــت بـــۆ تێگەیـــشتن لـــە دژبەرییـــە نێودەوڵەتییـــەکان و سروشـــتی

ململانێکانـــی نێـــوان زلهێـــزەکان و هێـــزە هەرێمییـــەکان، کـــە دەرگا بـــۆ گەلـــی کوردســـتان واڵا دەکات، وەکـــوو فاکتەرێکـــی هاوســـەنگی لەنـــاو تـــەرازووی بەرژەوەندییـــە گۆڕاوەکانـــی ئـــەو زلهێزانـــە. ســـەرەڕای ئـــەوەش پێویســـتە هەڵوێســـتی کـــورد لەســـەر بنەمـــای نەتەوەیـــی یەکبخرێـــت و هـــەوڵ بدرێـــت لـــە هاوکێشـــە نێودەوڵەتییـــەکان بـــە ووردی تێبگەیـــن و لـــە کاتـــی گونجـــاودا ناکۆکییەکانیـــان بقۆزینـــەوە بـــۆ پاراســـتنی بەرژەوەندییـــە باڵاکانـــی کوردســـتان بەکاریـــان بهێنیـــن و بەرهەمیـــان تێـــدا بکەیـــن.

لەوانەیـە بەتێپەڕبوونـی کات ڕای گشـتی لـە عێراقـی عەرەبـی (شـیعە و سـوننە) و هەڵوێسـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی گۆڕانـکاری بەسـەردا بێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێویسـتە بەرپرسـانی کـورد ئـەو دیـد و بۆچوونەی سـەرۆك بارزانـی سـەبارەت بـە یـەك هەرێـم و یـەك حکومـەت و یـەك پەرلەمـان و یـەك هێـزی پێشـمەرگە پەیـڕەو بـکات و ئەرکـی چاککردنـەوەی ناکۆکییـە ناوخۆییـەکان و بنیاتنانـەوەی دامـەزراوەکان لـەدەرەوەی سیاسـەتی حزبـی لەئەسـتۆ بگرێـت، چونکـە قـەوارە دەرەکییـەکان بـەردەوام کاریـان لەسـەر ئـەوە کـردووە، ئـاژاوەی نـاو پارتـە سیاسـییەکان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان و بەمەبەسـتی لاوازکردنـی ویسـتی گەلـی کوردسـتان بقۆزنـەوە. بەهێزکردنـی بونیادنانـی دەوڵەتـی کوردسـتان لـە ڕێگـەی یەکگرتنـی هێـزی پێشـمەرگە و بڕیاردانـی بەکـۆ دێـت لـە چوارچێـوەی سیاسـەتێکی لۆژیکـی و پەرلەمانـی و دیموکراســی. لــە تەنیشــت ئەوەشــەوە بەدامەزراوەییکردنــی پێکهاتــەی حوکمڕانـی لـە کوردسـتاندا دەبێتـە ئامرازێـک بـۆ گەیاندنـی پەیامـی گەلـی کوردسـتان بـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بەشـێوەیەکی یەکگرتـوو، کـە گرنگـە بـــۆ قەناعـــەت پێهێنانـــی جیهـــان بـــەوەی کـــە کوردســـتانێکی ســـەربەخۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت زیاتـر سـەقامگیر دەکات.

**ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە بووژانەوەی شۆڕشی گوڵان**

شۆڕشـی گـوڵان، کـە لـە ٢٦ی ئایـاری سـاڵی ١٩٧٦ هەڵگیرسـا، وەرچەرخانێکـی بـێ وێنـەی خەباتـی ڕزگاریخـوازی نوێـی کـوردە، پـاش ئـەوەی شۆڕشـی ئەیلوولـی مـەزن بـە ڕابەرایەتـی بارزانـی نەمر بەهـۆکاری گۆڕینـی هاوکێشـەی هەرێمـی و ڕێککەوتنامـەی جەزائیـر نێـوان عێـراق و ئێـران ساڵی ١٩٧٥ دووچـاری نسـکۆی سیاسـی بـوو.

پـڕۆژەی نیشـتمانی کـورد لـە چوارچێـوەی شۆڕشـی گـوڵان کـە تەواوکـەری شۆڕشـی ئەیلوولـە، بـە سـەرکردایەتی ئیدریـس بارزانـی و سـەرۆك مەسعود بارزانـی لەنـاو ئـەو هەلومەرجـە ناوخۆیـی و هەرێمییـە دژوارەی ئەوکاتـەدا بـووە مایـەی بووژانـەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕووی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی.

چەندیـن فاکتـەری بابەتـی هـۆکار بـوون بـۆ هەڵگیرسانی ئـەو شۆڕشـە گرینگـە، لەوانـە بەردەوامبوونـی ڕژێمـی عێـراق لەسـەر سیاسـەتی جیـاکاری شـۆڤینی و ئەنجامدانی ڕاگواستنی کورد بە شێوەی زۆرەملێ و تەعریبکردن.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، کە بـاوەڕی بە نسـکۆ و دۆڕان نەبوو و نییە توانـی لـە ماوەیەکی کورتدا کار بۆ دووبارە خۆ ڕێکخسـتنەوە بکات.

لـە ژێـر سـایەی هـەردوو سـەرکردەی خـاوەن دیـدگای ئایندەیـی (ئیدریـس بارزانـی و سـەرۆك بارزانـی) پێکهاتـەی حـزب و هێـزی پێشـمەرگە نـوێ کرایـەوە و پـەرە بـە ستراتیژی سیاسـی نوێ درا، دروشـمی کوردسـتان گۆڕەپانـی ڕاسـتەقینەی خەباتـە و جەمـاوەری گەلەکەمـان بارودۆخـی نسـکۆ ڕەت دەکاتـەوە جـاڕدرا، ئیتر کـەمتر پشـت بـە پاڵپشـتی

ڕاستەوخۆی دەرکـی بـەسترا و زیاتـر پەنـا بـۆ توانـا خۆییـەکان بـرا.

لێـرەدا بـە پێویسـت دەبـینرێ ئامـاژە بـە ڕۆڵـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی بکەیـن لـە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی پراگماتیکـی سـەرکەوتوو کـە بـوو بـە دۆکترینـێ بـۆ بەسـتنی هاوپەیمانێتـی لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی، توانـی لـەو ڕێگەیـەوە دیاسـپۆرای کـوردی و ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ هـان بـدات، کەمپەینـی میدیایـی و سیاسـی ڕێـک بخـەن بەمەبەسـتی ئاشـناکردنی جیهانـی دەرەوە بـە تاوانەکانـی ڕژێـم بەرامبـەر بـە گەلـی کوردسـتان.

هەماهەنگـی کردنـی سـەرۆك بارزانـی لەگـەڵ هێـزە کوردسـتانییەکانی تـر، سـەرەڕای جیـاوازی لـە بیـرو بۆچـوون و ئایدیۆلۆژیـا، توانی ببێتـە مایەی سـەرکەوتن لـە دروسـتکردنی بـەرەی کوردسـتانییەکی یەکگرتـوو.

بەردەوامـی خەباتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە هەمیشـە پێشـەنگ و پێشـڕەوی خەباتـی کوردایەتـی بـووە، لـە سـایەی شوڕشـی گـوڵان بـوو بـە بنەمایەکـی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی، تـا وای لێهـات ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ پشـتی پـێ ببەسـتێ و ببـێ بـە مایـەی درووسـتبوونی پێکهاتەیەکـی کارگێـڕی نیمچـە سـەربەخۆ لـە کوردسـتان.

سـەرۆك بارزانـی کـە خاوەنـی ئەزموونێکـی سیاسـی و سـەربازی بـوو توانـی سـەرکردایەتی خەباتێکـی سیاسـی ڕێکخـراو و بیرمەندانـە بـکات و ئـەو ڕاپەڕینـەی سـاڵی ١٩٩١ بـەرەو پڕۆژەیەکـی گشـتگیر بگـۆڕێ بـۆ بونیاتنانـەوەی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لـە نـاوەوە و پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی و نێودەوڵەتـی.

ئەمـڕۆ دەتوانیـن بڵێیـن زۆرێـک لـەو دەسـتکەوتە سیاسـیانەی لـە هەرێمـی کوردسـتان بەدەسـتهاتوون وەکـوو دان پێنـان بـە قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عێراقـی فیـدڕاڵ لـە ڕووی دەسـتورەوە و دروسـتکردنی «ڕای گشـتی نێودەوڵەتـی» هاوسـۆز و ڕێگەخۆشـکردن بـۆ وڵاتانـی ڕۆژئـاوا بـۆ قبووڵکردنـی بیـروڕای کـورد ڕەگوڕیشـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ شۆڕشـی گـوڵان، کـە بەهـۆی سیاسـەتی حەکیمانـەی سـەرۆك بارزانـی متمانـەی بـۆ دۆزی ڕەوای کـورد گەڕانـدەوە و جارێکـی تـر پارتـی دیموکراتی کوردسـتانی لـەدوای نسـکۆ زینـدوو کـردەوە. ئەمـڕۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی هەرێـم و ناوچەکـە و جیهـان خـاوەن پێگەیەکـی سیاسـی و جەمـاوەری ملیۆنییـە و بـە ڕابەرایەتـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لـە پێنـاو ئـازادی و سـەربەخۆیی گەلـی کوردسـتان و بەرگریکـردن لـە ناسـنامەی کـورد و کوردسـتان بەردەوامـە لەسـەر ڕێبـازی بارزانـی کـە سـیمبوڵی خەبـات و قوربانیدانـە.[1]

(١) سامان سۆرانی، ڕۆلی سەرۆك بارزانی لە بوژانەوەی شۆڕشی گوڵان، https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=148106

**ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە یەکخستنی ڕیزەکان و بووژاندنەوەی هیوا**

لەنـاو ئـەو گۆڕانکارییـە سیاسـییە خێرایانـەی لـە عێراقـدا بەرجەسـتەیە، جارێکـی تـر سـەرنجەکان ئاراسـتەی وێسـتگەیەکی گرینگـی هەڵبژاردنـەکان دەکرێـت لـە مانگـی تشـرینی دووەمـی ئەمسـاڵدا بـۆ پەرلەمانـی عێـراق کـە تێیـدا جەمـاوەری دەنگـدەر ڕووبـەڕووی هەڵبژاردنـی نوێکردنـەوە و متمانـەدان بـەو کەسـانە دەبێتـەوە کـە نوێنەرایەتـی ئاواتەکانـی دەکات و دەربـڕی هیوایـان دەبێـت بـۆ ئایندەیەکـی ئـارام و سـەقامگیر.

لـەم چوارچێوەیەشـدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە بـە لیسـتی ژمارە ٢٧٥ دێتـە مەیـدان، پێگەیەکـی گرینگـی هەیـە، نـە لەبـەر ئـەوەی دێرینترین پارتـی سیاسـییە لـە سـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان و عێراقـدا، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی هەڵگـری پەیامـی ڕاسـتەقینەی خەباتـی گەلـی کوردسـتانە لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی مافـە نەتەوەییـەکان و گەڕانـەوەی شـکۆمەندی و شـەراکەتی ڕاسـتەقینە لـە عێراقێکـی فیـدراڵ و دیموکراسـی دا.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هـەر لەسـەرەتای دامەزراندنییـەوە لـە سـاڵی ١٩٤٦ ەوە لـە لایـەن باوکـی ڕۆحـی گەلـی کوردسـتان، مسـتەفا بارزانـی، تاوەکـوو ئەمـڕۆ لـە ڕێگـەی خەباتـی ئاشـتیانە و کارکردنـی بـۆ بنیاتنانـی دامەزراوەیـی و بەشـداریکردنی هۆشـیارانەی لـە کاری سیاسـیدا ئامانجێکـی ڕوونـی هەبـووە، ئەویـش بەدیهێنانـی مافـە ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان و سـەربەخۆییە.

ئەمـڕۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان سـەرەڕای ئـەو ئالنگارییانـەی ڕووبـەڕووی دەبنـەوە، هـەر لـە هەوڵـی پەراوێـز خسـتنی سیاسـیەوە تـا فشـاری ئابـووری و ئەمنـی، وەکـوو داربـەڕوو توانـای خـۆی دەسـەلمێنێت

بـۆ بەرگەگرتـن و مانـەوەی وەک یاریزانێکـی گرینگـی سـەر گۆڕەپانـی کوردسـتان و عێـراق.

لەگـەڵ هـەر قۆناغێکـی نوێشـدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە گیانێکـی دەسـتەجەمعی و ستراتیژێکـی یەکگرتـوو پێویسـتی بـە نوێکردنـەوەی گوتـار و یەکخسـتنی ڕیزەکانـی هەیـە بـە مەبەسـتی بـاشتر ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو ئالنگاریانـەی دەبنـە ڕێگـر لەبـەردەم پێشـکەوتن و ئـازادی و شـکۆمەندی گەلـی کوردسـتان.

لـە سـاتە گرینگەکاندا کەسـایەتی سـەرکردەی ڕاسـتەقینە دەردەکەوێت و لە کوردسـتاندا سـەرۆک مەسـعود بارزانی ئەو کەسـایەتییە بەرجەستە دەکات کـە میراتـی مێژوویی و فەلسـەفە و زیرەکی سیاسـی تێکەڵ کردووە.

سـەرۆك بارزانـی لـە چەندیـن دەیـەی ڕابـردوودا ئـەوەی سـەلماندووە، دەتوانێـت لـە هەلومەرجـە سـەختەکاندا بەگیانێکـی نەتەوەیـی بـەرز وەکـوو ڕێبـەر و قیبلەنومایەکـی کۆکـەرەوە یەکڕیـزی ماڵـی کـورد و پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان لەنـاو هاوکێشـە عێراقـی و هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـدا بپارێزێـت.

ئەمـڕۆ لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی هەڵبژاردنـەکان لـە تشـرینی دووەمـی ئەمسـاڵدا بـۆ پەرلەمانـی عێـراق، جارێکـی دیکـە پشـت بـە سـەرۆك بارزانـی دەبەسترێـت بـۆ کۆکردنـەوەی شـەبەنگی کوردسـتانی لـە دەوری بەرنامەیەکـی سیاسـی یەکگرتـوو کـە ئاواتـی سـەرجەم چیـن و توێژەکانـی گەلـی کوردسـتان بخاتـەڕوو و تێڕوانینێکـی واقیعبینانـە بـۆ داهاتـوو هەڵبگرێـت و ئـەو ناکۆکییـە لاوەکیانـە تێبپەڕێنێـت کـە تەنیـا خزمـەت بـە نەیارانـی دۆزی کـورد دەکات.

ڕێنماییــە بەردەوامەکانــی ســەرۆک بارزانــی ســەبارەت بــە پێویســتی دیالــۆگ و کاری هاوبــەش و کراوەیــی بەرامبــەر بــە لایەنەکانــی تــر توخمــی ســەرەکین بــۆ ســەرکەوتنی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە هەڵبژاردنەکانــی داهاتــوودا.

هەڵبژاردنــی داهاتــوو بــۆ پارتــی دیموکراتــی کوردســتان تەنیــا ململانێیەکــی ژمارەیــی بــۆ بەدەســتهێنانی کورســییەکانی پەرلەمــان نییــە، بەڵکــو دەرفەتێکــە بــۆ نوێکردنــەوەی دەســەڵاتی جەمــاوەری کوردســتان بــۆ بەردەوامبــوون لــە بەرگریکــردن لــە قــەوارەی هەرێــم و پێگــە و ســەنگی گەلــی کوردســتان لەنــاو سیســتمی سیاســیی عێراقــدا و بەهێزکردنــی حوکمڕانــی بــاش و بەرەنگاربوونــەوەی گەندەڵــی و ڕەخســاندنی هەلــی کار و پتەوکردنــی دیموکراســی.

ســەرکەوتنی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە هەڵبژاردنەکانــی مانگــی تشــرینی دووەمــی داهاتــوو بەنــدە بــە توانــای بەهێزکردنــی متمانــە لای جەمــاوەری کوردســتان بــە تایبەتــی و عێــراق بەگشــتی و دابینکردنــی گوتارێکــی سیاســی کــە واقیعگەرایــی و خواســتی گەلــی کوردســتان پێکــەوە گــرێ بــدات. ئەمــەش پێویســتی بــە یەکڕیــزی لەناوخــۆ، بــە چالاککردنــی وزەی لاوان و کراوەیــی بــۆ چیــن و توێــژە کۆمەڵایەتییــە جیــاوازەکان، هەیــە.

ڕێبــەر و مەرجەعــی بــاڵا، مەســعود بارزانــی، بــە لەبەرچاوگرتنــی مێــژوو و خەبــات و کاریزمــا و پێگــەی خــۆی توانــای ئــەوەی هەیــە جەماوەرێکــی فــراوان لــەدەوری پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کۆ بکاتــەوە و ســەرکردایەتی هەڵمەتێکــی هەڵبژاردنــی بەهێــز بــکات کــە دەنگــی کوردســتان دەرببڕێــت و داکۆکــی لەمافەکانــی بــکات، چ لەعێــراق و چ لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتی.

لـە کۆتاییـدا مانگـی تشـرینی یەکەمـی داهاتـوو گەلـی کوردسـتان ڕووبـەڕووی هەڵبژاردنێکـی چارەنووسسـاز دەبێتـەوە، گەلـی کوردسـتان لەبـەردەم دوو بـژاردەن: یـان دەنـگ بـەو کەسـانە دەدەن، کـە لـە هەمـوو ناخۆشـییەکاندا لەگەڵیـان وەسـتاون و بـە ئازایەتـی و سـەربەرزییەوە بەرگریـان لـە مافەکانیـان کـردووە، یـان گۆڕەپانەکـە بـۆ ململانێـکان بەجـێ دەهێڵـن، کـە تەنیـا خزمـەت بـە پـڕۆژەی پەراوێزخـستن دەکـەن.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لـە پێگەیەکدایـە کـە سـەرکەوتنێکی نـوێ بەدەسـت بهێنێـت، بـە مەرجێـک ڕیـزەکان یەکبگـرن و بەرژەوەندیـی کوردسـتان لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە بێـت. دواجـار سـەرکەوتن هـەر بـۆ گەلـی کوردسـتانە.[١]

(١) سامان سۆرانی، ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە یەکخستنی ڕیزەکان وبووژانەوەی هیوا،
https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=149007

**بەڵێ، سەرۆك بارزانی مەرجەع و ڕابەرە**

لەگـەڵ ئـەوەی تێڕوانیـن و فەلسـەفەی مسـتەفا بارزانـی بـۆ کوردسـتان تێکەڵەیەکـە لـە تێکۆشـانی سیاسـی و پێشـمەرگایەتی و پابەندبـوون بـە بەهـا کەلتـووری و نیشـتمانپەروەرییەکانی گەلـی کوردسـتان، کـە دوا جـار بـوو بـە ڕێبازێکـی ئیلهامبەخـش بـۆ زۆرینـەی گەلـی کوردسـتان، کـە تاوەکـو ئەمـڕۆ نـەوەی ئـەو ڕێبـازە بەردەوامـە لـە خەبـات و تێکۆشـان بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـە ڕەواکانـی.

مسـتەفا بارزانـی، زۆر بـە گرنگییـەوە دەیڕوانییـە یەکبوونـی کـورد لەژێـر یـەك ئـاڵا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئالنگارییـەکان کـە لەلایـەن هێـزە دەرەکـی و ناوخۆییەکانـەوە دروسـت دەکـران.

ئـەم یەکبوونـە لەژێـر یـەك سـەرکردایەتیدا توانـی زامنـێ بێـت بـۆ بەهێزیـی گەلـی کوردسـتان لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕژێمـە ستەمکارەکان و بڵاوبوونـەوەی فەرهەنگـی گەلـی کورسـتان و پاراسـتنی ناسـنامەکەی.

مامەڵەکردنـی مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ جەمسـەرەکانی ناوچەکـە و بەکارهێنانـی دیپلۆماسـیەت و پەیوەنـدی لەگـەڵ زلهێزەکانـی ناوچەکـە و جیهـان بـۆ دەسـتەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانـی گەلـی کوردسـتان، بنەمایەکـی گرنگـی ئـەو فەلسـەفەیە بـووە کـە پێویسـتە هێـز لـە پێنـاو دیالـۆگ و ئاشـتیدا بـەکار بهێنرێـت.

خۆڕاگـری لـە بەرەنگاربوونـەوەی ئالنگارییەکانـدا خەباتێکـی بێوچـان بـووە لـە پێنـاو دۆزێکـی ڕەوادا کـە پێویسـتی بـە قوربانیـدان بـووە.

بارزانیـی نەمـر بایەخێکـی تایبەتـی بـە تاکـی کوردسـتانی دەدا، چونکـە

ڕای وابــوو، تاکــی کوردســتانی توانــای هێنانەدیــی گۆڕانکاریــی هەیــە و ئــەو گەلــە خاوەنــی ئــەو هێــزە ناوخۆییەیــە کــە پێویســتە بــۆ گەیــشتن بــە ئامانجەکانــی، بۆیــە لەســەر ســەرکردەکان پێویســتە لــە خزمەتــی گەلــدا بــن و بەرژەوەندییەکانــی خۆیــان نەخەنــە پێــش بەرژەوەندیــی گــەل.

هەلومەرجــی سیاســی و ئابــووری لــە جیهــان و ناوچەکــەدا بــەردەوام لــە گۆڕانکاریدایــە، بۆیــە پێویســتە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، وەکــو هــەر حزبێکــی سیاســیی هاوچــەرخ و باوەڕهەبــوو بــە ئاینــدە، بــەردەوام کار لەســەر نوێکردنــەوەی دیدگــە و بەرنامەکانــی بــکات، تــا ئــەو دیدگــە و بەرنامانــەی گونجــاو بێــت لەگــەڵ ئالنگارییــە هەنووکەییــەکان و کۆســپەکانی داهاتــوو.

ئەمــڕۆ لەســەر ئاســتی هەرێمیــدا زۆر حــزب و لایــەن ڕوو لــە ســەرۆك مەســعود بارزانــی دەکــەن، وەکــوو مەرجــەع، تاوەکــو لــە ئەزمــوون و شــارەزاییەکانی ســوود وەربگــرن بــۆ چارەســەرکردنی کێشــە گرێــدراوەکان بــە مــاف و چارەنووســی گەلــی کوردســتان بــە شــێوەیەکی ئاشــتییانە.

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە نوێکردنــەوەی ستراتیژیــی خــۆی وەکــو ڕابــردوو زیاتــر کار بــۆ یەکخســتنی هێــزە جیاجیاکانــی کوردســتان دەکات و مەبەســتیەتی هەماهەنگیــی نێــوان لایەنــە سیاســییە کوردســتانییەکان پتەوتــر بــکات بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجــە هاوبەشــەکان، چ لــە نــاو هەرێمــی کوردســتان، یــان لــە پەیوەندییــەکان لەگــەڵ وڵاتانــی دراوســێ.

دارشــتنەوەی پلان و سیاســەتی نــوێ بــۆ ســەردەمی پــاش شۆڕشــی چوارەمــی تەکنەلۆژیــا، پاڵپشــتی بونیادنــان و بەهێزبوونــی دامــەزراوەکان و ســەروەریی یاســا و پەرەپێدانــی بەردەوامیــی ئابــووری دەکات.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتـی و تەکنەلۆژییانـە هەڵـدەکات کـە کاریگەرییـان لەسـەر سیاسـەت و ئاراسـتەی گشـتی هەیـە، بـە نوێکردنـەوەی ئامـراز و تیۆرییـەکان و بـە باوەڕبـوون بـە ئایندەسـازی و نیشتمانسـازی و دەوڵەتسـازی، کاری جـددی دەکات بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویسـتییەکانی نـەوەی داهاتوومـان.

سـەرکەوتنی بەردەوامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ستراتیـژەی «ڕێبـازی بارزانـی»ی کـردووە بـە بنەمـا و لەگـەڵ گەلـی کوردسـتان بەگشـتی و توێـژی لاوان بەتایبەتـی، هاوئاهەنگـە و متمانـەی گەلـی بەدەسـت هێنـاوە و هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ ئـەو لایەنانەش درووسـت دەکات، کـە مەبەسـتیانە بەرژەوەندییـە باڵاکانـی گەلـی کوردسـتان و ئامانجە نیشـتمانییەکان پارێـزراو بێـت.[١]

(١) سامان سۆرانی، بەڵێ سەرۆك بارزانی مەرجەع و ڕابەرە،
https://www.gulanmedia.com/so/story/340580

**سەرۆك بارزانی قوتابخانەیەك بۆ ئاشتی**

ئاشکرایە کەوا توندوتیژی هەموو شتێکی ئەرێنی بۆ کاتێکی نادیار دوادەخات، زیانی نوێ دەخاتە سەر زیانەکان، پردی ئاشتی و خۆشەویستی دەبڕێت، دیواری ڕق و کینە ئەستوورتر و بەرزتر دەکات.

فەیلەسوفی بەناوبانگ و نووسەر و دامەزرێنەری بزووتنەوەی ژینگەزانی ئەمریکی Henry David Thoreau (١٨١٧-١٨٦٢)، ئەو کەسەیە کە فەلسەفەی ناتوندوتیژی وەکوو شێوازێکی ژیان بەکارهێنا، چونکە ناتوندوتیژی ئامانجی خۆی لە ڕێگەی چالاکیەکانییەوە بنیات دەنێت.

هەروەها هێنری دەیڤد توراو یەکەم کەس بوو یاخیبوونی بە شێوەی مەدەنی هان دەدا بۆ دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکان و ڕەتکردنەوەی نادادپەروەری.

نووسین و کتێبەکانی ئەم بیرمەندە لەسەر ناتوندوتیژی کاریگەرییەکی لەڕادەبەدەریان هەبووە لەسەر کەسایەتییە بەناوبانگەکانی وەکوو ڕۆماننووسیکی جیهانی وەکوو لیڤ تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠) و ئەفسانەنەیەکی سەرسوڕهێنەر و ئاشتیخوازی وەکو مەهاتما گاندی (١٨٦٩-١٩٤٨) و وتاربێژێکی مێژوویی و سەرکردەیەکی ناوداری دژە جیاکاری لە ئەمریکا، مارتن لوسەر کینگ جونیور (١٩٢٩-١٩٦٨).

دواتر بینیمان چۆن لە سەرانسەری جیهان بزووتنەوەکانی ناتوندوتیژی زیادبوونێکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی و لەو ڕێگەیەوە ئاشکرابوو کە ئیرادە و هێزی جەماوەر لە ئامانجی بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ، ڕزگاربوون لە دیلی و حەتمیەتی مێژوو، هەڵوەشاندنەوەی دیکتاتۆری و فەندەمێنتالیستەکان و ڕووخاندنی ڕژێمە

ستەمکارە درندەکان مەحاڵ نییە و ئەگەرێکی دوورە دەست نییە.

